# سیستەمی فێرکاری

ئامادە کردنی

هۆمەر قەرەداغی

کۆمەک

کوردستان 2006

چاپی دووەم

ناوی کتێب: سیستەمی فێرکاری

ئامادە کردنی: هۆمەر قەرەداغی

کۆمەک - کوردستان 2006

چاپی دووەم

**ناوەڕۆک**

1. سەرەتا
2. سیستەمی فێرکاری
3. پرۆژەی ریفۆرمی فێرکاری کوردستان
4. شورای قوتابیان
5. بەرەی جەنگی تاقیکردنەوەی بەکالۆری لە کوردستان
6. لەبری تاقیکردنەوەی بەکالۆری
7. بەرنامەڕێژی قوتابخانەکانی سوید
8. شێوەی وانە وتنەوە
9. بەرنامەی فێرکاری - بەشی خوێندنی سەرەتایی
10. بەرنامەی وانەکان
11. چاودێری لە فێرکاریدا
12. هەڵسەنگاندنی «بابەتە کۆمەڵایەتییەکان» پۆلی پێنجەمی سەرەتایی
13. رێنامەی کاری «سیستەمی فێرکاری»

## سەرەتا

کۆمەک، کۆمەڵەیەکی دیموکراتی سەربەخۆیە، ساڵی 1997 لە وڵاتی سوید بۆ خزمەتکردنی منداڵانی کوردستان دروستبووە. ساڵی 2002 کۆمەک لە نەرویج و هۆڵاند دامەزرا. سەرەتای کارەکانی کۆمەک بە یارمەتی و پشتگیری مانگانەی منداڵانی کوردستان دەستیپێکرد. زیاتر لە هەزار منداڵ مانگانەیان بۆ دابین دەکرا. شانبەشانی ئەم کارە، کۆمەک، بەشی سوید و نەرویج، لە ژێر چەتری پرۆژەی ئاشتیدا، بە هاوکاری دەوڵەتی سوید، سەدان خولی فێرکاری، مافی منداڵ، زمان و کۆمپیوتەری لە شارەکانی کوردستان کردۆتەوە.

پرسی فێرکاری هەموو کات پرسێکی ناوەندیی کۆمەک بووە و ئەم هەوڵەش لە شێوەی ئەم پەڕتووکەدا، بەردەوامیە لە سەر ئەو کارە. بەبێ هەوڵ و کار و پشتگیری ئەندامانی کۆمەک خاتوو سروە نوری ئەزیز و کاک ئاسۆس کەمال شەفیق لە سوید و کاک کاروان عارف لە نەرویج ئەم کارە هاوبەشە رۆشنایی نەدەبینی. ئەم چاپەی لە بەردەستایە، چاپی دووەمی کتێبەکەیە بە زیادکردنی شەش وتار بۆ سەر چاپی یەک کە لە هاوینی 2005 دا دەرچوو.

منداڵانی کوردستان، شایەنی گەشەکردن و پێشکەوتنن لە نێو سیستەمێکی دیموکراتی فێرکاریدا. هەر بۆیە کۆمەک لە سەرەتای ساڵی 2005 وە هەوڵەکانی لەم بوارەدا چڕکردۆتەوە. بارودۆخی کوردستان لە ژێر زەبری داگیرکەران و چەوساندنەوەی نەتەوەییدا، سیستەمی فێرکاری بەرەو تەنگژەیەکی گەورە بردوە و دەیان ساڵی کاری ورد و دووربینی دەوێت تا گۆڕانکاری گەورە بەرهەم دێت. مامۆستایان و کارمەندانی فێرکاری لە کوردستان ئەرکێکی گەورە و رێگایەکی درێژیان لە بەردەمدایە بۆ بەرەو پێشخستنی پرۆسەی فێرکاری لە کوردستاندا. هیوادارین ئەم پەڕتوکە کارئاسانیەک بێت لەو ئەرکە سەخت و گرنگەدا.

هۆمەر قەرەداغی

سوێد / نەورۆزی 2006

**سیستەمی فێرکاری**

هۆمەر قەرەداغی

زانست، هەروەک سەربەستی، دەسەندرێت نادرێت، واتە قوتابی دەبێت زۆر چالاک بێت لەوەی کە خۆی بگەڕێت بە دوای زانیاریدا و بە تەنگ خوێندنەکەیەوە بێت. مامۆستا ناتوانێت زانست بدات، بەڵکو دەتوانێت کەشێکی زانستی لە بار دروست بکات کە قوتابی تیایدا بە ئاسانی زانست لە مامۆستا، لە کۆمەڵ، لە بازاڕی کار، لە پەڕتووک، لە بڵاوکراوە و ئینتەرنێتەوە بەدەست بهێنێت.

فێربوون و وەرگرتنی زانست دەبێت لە کەشێکی کراوە و شەفافدا ڕوودات. دەبێت ئەتمۆسفێرێکی ڕێگەپێدەر دەرگا ئاوەڵا بکات لە سەر ویستی قوتابیان بۆ فێربوون و بەهێزکردنی توانایان لە دەسپێشخەری کردن. خوێندن و فێربوون دەبێت وا لە قوتابی بکات کە بەرامبەر کێشەکان بوەستن و توانای دروستبوونی دۆزینەوەی چارەسەری کێشەیان تێدا فرەوان بکات.

پێوانەکردنی ئاستی پێشکەوتنی هەموو کۆمەڵگایەک بەندە بە ئاستی خوێندن و خوێندەوارییەوە. ڕێژەی نەخوێندەواری لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا 29% یە و لە وڵاتە عەرەبیەکاندا، بە پێی لێکۆڵینەوەیەکی وڵاتەیەکگرتوەکان، 43% یە، ئەمە لە کاتێکدایە کە ڕێژەی نەخوێندەواری لە وڵاتەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوا دا سفرە.

هەر وڵاتێک بەرنامەی فێرکاری و بەرنامەی کاری قوتابخانەی نەبێت، ئاستی فێرکاری تێیدا لە ئاستێکی نزمدا دەبێت. گرنگترین بنەما بوونی دیموکراتیە لە سیستەمی فێرکاریدا. دیموکراتی دەبێت شێوەی پەروەردەی قوتابیان بێت هەر لە باخچەی ساوایان و قوتابخانەی سەرەتاییەوە تا زانکۆکان. قوتابی و خوێندکار لە قوتابخانەدا دەبێت فێری دوو شت ببێت: زانست و دیموکراتی.

دەبێت بەهابنەماییەکانی قوتابخانە لە هەموو ڕێنامە و بەرنامەی کار و شێوەی بەڕێوەبردنی قوتابخانەدا بە ئاشکرا ڕوون بکرێتەوە. هەموو کارمەندێک، مامۆستایەک، قوتابیەک، خوێندکارێک لە قوتابخانەدا دەبێت بە شێوەیەکی ئۆبژەکتیڤانە زانیاری هەبێت لە سەر ماف و ئەرکەکانی هەموو بەشداربوان لە سیستەمی فێرکاریدا. بەهابنەماییەکانی قوتابخانە بریتین لە بەرزڕاگرتنی ژیان، سەربەستی تاکەکەس، هاوسەنگی مرۆڤەکان و یەکسانی ژن و پیاو. ئەم بەهایانە کۆڵەکەی سیستەمی دیموکراتی پێک دەهێنن.

سەربەخۆیی خوێندن و جیاکردنەوەی لە ئایین، ئەرکێکی گرنگی دەسەڵاتدارانی هەموو کۆمەڵگایەکە کە لە سەر بنەمای دیموکراتی دامەزرابێت. ئازادی ئایین مافێکی سەرەتایی هەموو کەسێکە تا ئەو سنوورەی کە

ئەو ئازادییە بەکارنەهێنرێت بۆ سەپاندنی ئایینێک بە سەر ئایینێکی تردا و سەپاندنی ئایینێک بە سەر کۆمەڵگادا. لە سیستەمی دیموکراتیدا وانەی ئایینەکان باس لە هەموو ئایینەکانی مرۆڤایەتی دەکات بە بێ ئەوەی ئاینێکیان بە سەر ئایینەکانی تردا زاڵ بکات. قوتابی و خوێندکار دەبێت خۆیان بیربکەنەوە و هەڵوێست وەربگرن. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وانەی ئایین و لە ڕۆژئاوا وانەی ئایینەکان دەخوێندرێت.

سەربەستی لە ژێر هەستی بەرپرسایەتیدا لە ناو قوتابیاندا، ئامانجێکی سەرەکی قوتابخانەیە. سیستەمی فێرکاری دەبێت قوتابیان فێربکات کە ئەو ساڵانەی لە قوتابخانەدان، ساڵانی ئامادەکردنن بۆ ژیانی گەورەساڵی، بازاڕی کار و بەردەوامی خوێندن.

ئەگەر سیستەمەکە، سیستەمێکی دیموکراتی دوور لە چەوساندنەوە و سەرکوت کردن و ترس بێت، ئەو مرۆڤانەی کە ئەم سیستەمە پەروەردەیان دەکات مرۆڤی دیموکرات و سەربەخۆ دەبن کە دەتوانن سەربەست لەژێر هەستی بەرپرسیاریدا بژین. قوتابی ئەوە ناکات کە پێی دەڵێیت، بەڵکو ئەوە دەکات کە لە بەرچاوی دەیکەیت.

قوتابخانە دەبێت قوتابیەکان فێری ئەوە بکات کە توانای تێگەیشتنیان لە شێوەی ژیان و بیرکردنەوەی کەسانی تر هەبێت. ئەوکات قوتابی بیر لە سەرکوتکردن و بەکارهێنانی زەبروزەنگ ناکاتەوە. لەم ڕوانگەیەوە شارەزابوون لە کولتوورو داب و نەریتی گەلانی ترو ڕێزلێگرتنیان دەبێتە ئەرکێکی تری قوتابخانە، بەمەش مرۆڤی ئاشتیخواز بەرهەمدێت کە بۆ چارەسەرکردنی جیاوازی، ڕێگەی گفتوگۆ و دیالۆگی شارستانی لە جیاتی بەکارهێنانی زەبروزەنگ دەگرێتەبەر.

گەیاندنی زانست، پەروەردەکردن و ئامادەکردنی قوتابیان بۆ ژیانی گەورەساڵی، ئەرکی سەرەکی هەموو قوتابخانەیەکە کە بەهابنەماییەکانی قوتابخانە ڕێگەنیشاندەر و سەروەر بن.

سیستەمی دیموکراتی فێرکاری، دەسەڵاتی تاکەکەس، تاکەحیزب، تاکە ئایین و تاکە ئایدۆلۆجی ناهێڵێت. هەموو قوتابخانەیەک سەربەستە لە دانانی بەرنامەی کاری خۆی بە مەرجێک بەرنامەکە لە بەر ڕۆشنایی بەهابنەماییەکانی قوتابخانەدا دانرابێت. بەهابنەماییەکانیش لە لایەن دەسەڵاتی گەلەوە، کە پەرلەمانی هەڵبژێردراوە، بڕیاری لە سەر دەدرێت.

پێشکەوتن و دواکەوتنی هەر وڵاتێک بە هەڵسەنگاندنی سیستەمی فێرکاریی ئەو وڵاتە پێوانە دەکرێت. ئەگەر بەهابنەما مرۆڤایەتیەکان ڕەنگدانەوەیان لە بەرنامەی کاری قوتابخانەکاندا هەبوو ئەوە دەکرێت بەو سیستەمە بوترێت سیستەمی دیموکراتی فێرکاری. لەو سیستەمەدا دەبێت قوتابخانە بەرنامەی کاری خۆی

بۆ هەمووساڵێکی خوێندن هەبێت. لە بەرنامەکەدا دەبێت زۆر بە وردی باس لەو کارانە بکرێت کە لە ساڵی خوێندندا دەبێت بکرێت. هەروەها دەستنیشانی ئەو ئامانجانە کە قوتابخانەکە هەیەتی، بکرێت.

بەرنامەکە یەکێکە لە کارەکانی بەڕێوەبەری قوتابخانە. پاش نووسینەوەی بەرنامەی کار، وەک پێشنیاز بەرنامەکە دەخرێتە بەردەم مامۆستایان. دوای گفتوگۆ و پێشنیاز دەگەڕێتەوە لای بەڕێوەبەر بۆ دەستکاری کردنی. پاشان دەستەی بەڕێوەبەری قوتابخانە، کە پێکهاتووە لە بەڕێوەبەرو جێگرەکانی کۆبوونەوە لەگەڵ نوێنەرانی مامۆستایان لە سەندیکای مامۆستایان، کە بەشێوەیەکی دیموکراتی و دوور لە کاری پارتایەتی لە لایەن مامۆستایانەوە هەڵبژێردراون، دەکەن. لە کۆبوونەوەکانی سەرەتاییدا ئەگەر بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانە و نوێنەرانی مامۆستایان ڕێکەوتن ئەوە بەرنامەکە پەسەند دەکرێت و کاری لەسەر دەکرێت، ئەگەر نا، دەبێت گفتوگۆی فەرمی لە بارەیەوە بکرێت و لە کاتی پێویستدا گفتوگۆکان بەرزدەکرێنەوە بۆ ناوەند.

لە زۆربەی کاتدا ئەگەر لە ناو قوتابخانەدا کێشە هەبێت، بە شێوەیەکی دیموکراتیانە چارەسەر دەکرێت. باشترین بەرنامە ئەو بەرنامەیە یە کە بە شێوەیەکی دیموکراتیانە و پاش گفتوگۆی نێوان بەڕێوەبەرو مامۆستاو قوتابیان دانراوە، ئەو کاتە هەموو لایەک بە بەرنامەی کاری خۆی دەزانێت و کاری بۆ دەکات بۆ سەرکەوتنی. پێش ئەوەی مامۆستایان ڕازی بن، بەرنامەکە لە لایەن قوتابیەکانەوە لە پۆلەکاندا گفتوگۆی لەسەر دەکرێت.

**بەشەکانی بەرنامەی کار**

بەرنامەی کار چەند بەشێکی تایبەتی بە خۆیەوە دەگرێت، وەک

- بەشی ڕێکخراوی قوتابخانە: ژمارەی مامۆستا و قوتابی، ژمارەی پۆلەکان، ئەو لق و بەشانەی کە لە قوتابخانەکەدا هەن، بودجەی قوتابخانە بۆ ساڵەکە... هەتا دوایی

- بەشی ئامانجەکانی قوتابخانە بۆ ئەو ساڵی خوێندنە: دەبێت ئامانجەکان ڕۆشن و دیار بن و پاش ساڵی خوێندن بە وردی سەیری ئامانجەکان بکرێنەوە تا بزانرێت هاتونەتە دی یان نا. ئەگەر نا، بۆ نەهاتونەتە دی، دەبێت بە وردی دەستنیشانی هۆیەکانی بکرێت و چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە بۆ ساڵی خوێندنی داهاتوو. ئەم شێوەی کارکردنە تەنیا گەرەنتییە بۆ ئەوەی کە قوتابخانەکان ساڵ لە دوای ساڵ پێشبکەون و هەموو کەس کارەکانی خۆی بە وردی بزانێت.

بەشێکی ئامانجەکان پەیوەندی بە خوێندنەوە هەیە، بۆ نموونە دەنووسرێت کە دەبێت ژمارەی دەرچووانی قوتابخانەکە لە ساڵی خوێندنی 2004 ـ 2005 دا لە 90% کەمتر نەبێت.

بەشێکی تری ئامانجەکان پەیوەندی بە پەروەردەوە هەیە، پەیوەندی سەرەکی لە بواری شێوەی کارکردن بە شێوەیەکی دیموکراتی، یەکسانی نێوان کچ و کوڕ، هاونرخی و بەرابەری تەواوی هەموو مرۆڤێک بە یەکتر، ڕێزگرتن لە بۆچونی تاکەکەس… هتد.

بەشێکی تری ئامانجەکان ئامادەکردنی قوتابیانە بۆ ژیانی گەورەساڵی و بوونیان بە ئەندامێکی بەهرەمەند لە کۆمەڵدا، بۆ نموونە بەهێزکردنی تەکنیکی خوێندنەوە لە ناو قوتابیاندا، بەهێزکردنی توانای بەکارهێنانی کۆمپیوتەر، بەهێزکردنی پەیوندی قوتابخانە بە کۆمەڵەوە، چ لە گەڵ بازاڕی کاردا، چ لە گەڵ دامودەزگا میللی و حوکومی و تاکەکەسیەکاندا هەروەها پەیوەندی لە گەڵ خوێندنی باڵا. ئەنجامدانی ئەم کارانە بە سەردان و گەشتکردنە بۆ هەموو ئەو جێگایانەی کە ئەم توانایە لە ناو قوتابیاندا بەهێز بکات.

- بەشی ستراتیجی بەرنامەی کار بریتیە لە وەڵامدانەوەی پرسیاری: چۆن دەگەیتە ئامانجەکان؟ بۆ نموونە کە نووسرا دەبێت لە 90% قوتابیانی قوتابخانە دەرچوو بن، دەبێت بە وردی بنووسرێت چۆن ئەو کارە بە ئەنجام دەگەیەندرێت، ئایا بەهۆی زیادکردنی ژمارەی مامۆستایانەوە یان بە هۆی کەمکردنەوەی ژمارەی قوتابیان لە پۆلەکەدا؟ ئایا بەهۆی درێژکردنەوەی کاتی دەوامی قوتابخانەیە یان بەهێزکردنی پەیوەندییە لە گەڵ دایکوباوکاندا. هەموو ئەم کارانەش دەبێت بودجەی بۆ دابنرێت.

لە بەرنامەی کاردا، ژینگە و پارێزگاریکردنی وەک بەرپرسیاریەتێکی بەکۆمەڵ گرنگیەکی زۆری دەدرێتێ. ئەم قوتابخانەیە چی دەکات بۆ ئەوەی ژینگەی قوتابخانە، گەڕەک، شارەوانی و شارەکە باش بێت. چی نابێت بکرێت بۆ ئەوەی ئاووهەوا و زەوی، کە موڵکی هاوبەشە، بۆ نەوەکانی داهاتوو خراپ نەبن.

دروستکردنی بارودۆخێکی فیزیاوی و دەروونی بەجێ لە قوتابخانەکەدا کە هەموان تیایدا هەست بە دڵنیایی و خۆشی بکەن، هەست بکەن کە وەک مرۆڤ مافەکانیان پارێزراوە دوور لە مەترسی فیزیاوی و دەروونی و کۆمەڵایەتی، وەک هێڵێکی سوور ڕەنگدانەوەی دەبێت لە نێو هەموو بەرنامەکەدا.
تێپەڕاندنی ئەو هێڵە سوورە، سەرنەکەوتنی قوتابخانەکەیە لە ئەرکەکانیدا و بەرێوەبەری قوتابخانە ڕووبەڕووی لێپرسینەوە دەکرێت.

**بەرنامەی ئیشکردن**

لە گەڵ بەرنامەی کارەکە هەر لایەنە و بەرنامەی ئیشکردنی خۆی هەیە، بۆ نموونە کە نووسرا یەکسانی نێوان کچ و کوڕ، دەبێت بەرنامەی ئیشکردن لە پێناوی یەکسانی کچ و کوڕ هەبێت، بە درێژی تیایدا نووسرابێت کە چۆن کارەکە لەو ساڵەدا ئەنجام دەدرێت بۆ ئەوەی ئەو یەکسانییە بەرز ڕابگیرێت، کێ یا کامانە کارەکە دەکەن. بەرپرسی سەرەکی هەموو کات بەڕێوەبەرە، بەڵام بۆ هەموو بەرنامەیەک دەستەیەک، لە نوێنەرانی مامۆستایان و قوتابیان و بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەکە دروست دەکرێت.

**نموونەی بەرنامەی ئیشکردن**

- بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری مامۆستایان
- بۆ زیادکردنی دەسەڵاتی قوتابیان
- بۆ زیادکردنی هەستی بەرپرسایەتی لە ناو قوتابیاندا
- دژی چەوساندنەوەی سێکسی
- بۆ یەکسانی کچ و کوڕ
- بۆ بەرابەری مرۆڤ دوور لە ڕەگەز، نەتەوە، ڕەنگ و باری ئابووری
- دژی سەرکوتکردنی دەروونی و فیزیاوی
- بۆ کاتی ڕوودانی مردنی قوتابییەک یا مامۆستایەک
- بۆ کاتی ڕوودانێکی گەورە لە قوتابخانەکدا یا لە کۆمەڵدا
- دژی نەهاتن بۆ قوتابخانە یا دواکەوتن لە قوتابخانە
- دژی هەڵسوکەوی نابەجێ لەلایەن قوتابیانەوە
- دژی قۆپیەکردن
- دژی مادە بێهۆشکەرەکان
- بۆ کتێبخانەی قوتابخانەکە (زۆر گرنگە هەموو قوتابخانەیەک کتێبخانەی خۆی هەبێت)
- بۆ یارمەتی ئەو قوتابیانەی کە کەمئەندامن
- ڕاوێژکاری کۆمەڵایەتی
- تەندروستی لە قوتابخانەکەدا
- ڕێگاپیشاندان بۆ خوێندنی پلەیەکی بەرزتر دوای تەواوبوون لەم قوتابخانەیەدا
- ... هتد

هەموو بەرنامەیەک بەڕێوەبەر ودەستەیەک مامۆستا و قوتابی بەرهەمی دەهێنن، دەنگی لە سەر دەدەن و قوتابخانەکە کاری لەسەر دەکات. هەموو بەرنامەکان لە لایەن قوتابیانەوە ناسراون و دەبنە بەردی بناغەی پێشکەوتنی قوتابخانەکە.

**نموونەی ناوەڕۆکی بەرنامەکان**

- بەرنامەی ئیشکردن بۆ یەکسانی نێوان کوڕو کچ: ئەم بەرنامەیە باس لەوە دەکات چۆن کاربکرێت بۆ دروستکردنی هاوئاهەنگی و یەکسانی لە نێوان کچ و کوڕدا، لە نێوان مامۆستای ژن و پیاودا. یەکێ لە ئەرکەکان، کارکردنە بۆ دانانی یاسای یەکسانی، یا گۆڕینی یاسا نایەکسانەکانی ناو دامودەزگای پەروردەو دەوڵەت. ئەرکێکی تر دژایەتی کردنی بەکارهێنانی هەموو وشەیەک کە نایەکسانی کچ و کوڕ نیشان بدات. ڕێگاگرتن لە هەموو کارێک کە کچ و ئافرەت بەرەو چێشتخانەی ماڵ و کاری ناوماڵ بەرێت. دەبێت لە ساڵەکەدا چەند کارێک دیاری بکرێت کە بۆ بەرەو پێشبردنی یەکسانی دەکرێت، لەوانە بەهێزکردنی بیروبۆچوونی یەکسانی لای مامۆستاپیاوەکان و قوتابیە کوڕەکان. کۆمیتەیەکی یەکسانی لە قوتابخانەکەدا دروست دەکرێت، ئەندامانی ئەم کۆمیتەیە لە چەند قوتابی و مامۆستایەک پێکدێت بە سەرۆکایەتی بەڕێوەبەری قوتابخانەکە. چاودێری کردنی بوونی یەکسانی بۆ کاری یەکسان لە نێوان ژن و پیاودا ئەرکێکی گرنگی کۆمیتەی یەکسانیە.

- بەرنامەی ئیشکردن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری مامۆستایان: لێرەدا دەنووسرێت کە قوتابخانە چی دەکات لەو ساڵەدا بۆ ئەوەی مامۆستایان ئاستی زانیاریان بەرزبێتەوە. بۆ نموونە لە بواری کۆمپیوتەردا، لەبواری لێکۆڵینەوەی تازەدا دەربارەی ئەو وانانەی کە دەیڵێنەوە. لە بەرنامەی ساڵی خوێندندا دەبێت دیاری بکرێت کە چەند ڕۆژ مامۆستاکان دەتوانن بچن بۆ خولی بەرزکردنەوەی ئاستی زانستیان. (لە سوید بەلای کەمەوە ساڵی پێنج ڕۆژە). بەشداربوون لە خولی بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری لە سەر سێ ئاستە، ئاستی تاکەکەس، ئاستی گروپ و هەموو قوتابخانەکە دەبێت هەر ئاستە و پارەی خۆی بۆ تەرخان بکرێت.

- بەرنامەی ئیشکردنی نێونەتەوەیی: ئەم پلانە باس لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان دەکات. بۆ ئەم کارەش دەبێت کۆمیتەیەک هەبێت کە ئەرکی سەرشانی بەهێزکردنی هەستی نێونەتەوەیی لە نێوقوتابیەکاندا بێت، هەروەها بەستنی پەیوەندی لە گەڵ قوتابخانەی تر لە وڵاتانی جیاوازدا، پەیوەندییەکە دەکرێت بە ڕێگای نامە و ئینتەرنێتدا بکرێت. گۆڕینەوەی زانیاری، ناوەندی کارەکان دەبێت. دەکرێت وەک ئامانج بڕیار بدرێت کە لەم ساڵەی خوێندنەدا دەبێت لە گەڵ قوتابخانەیەک لە وڵاتێکی تردا پەیوەندی دروست بکرێت. دەبێت بڕیارەکە ئەنجام بدرێت. لە پلانەکەدا دەبێت ڕوون بکرێتەوە بۆ گرنگە قوتابیان پەیوەندی نێونەتەوەییان هەبێت، سودەکان و گرفتەکانی پەیوەندیەکان چین.

- بەرنامەیەکی ئیشکردنی تر کە دەبێت لە هەموو قوتابخانەیەکدا هەبێت، پلانی کارە بۆ کاتی کارەساتی مردن لە قوتابخانەکەدا. مردنی کتوپڕی قوتابیەک، مامۆستایەک، کارمەندێک یا باوک و دایک و

کەسوکاری نزیکی یەکێک لە قوتابخانەکەدا، کە پێویست بێ باسبکرێت، بە پشتگیریکردن و خۆشەویستی دان ئازاری کارەساتی مردنەکە کەم بکرێتەوە.

- بەرنامەی تەنگژە یەکێکە لە بەرنامە گرنگەکانی قوتابخانە. دەبێت قوتابخانە ئامادەکارییەکی باشی هەبێت لە کاتی بوونی تەنگژە لە کۆمەڵدا. نموونەی تەنگژە، پەشێوی باری ڕامیاری یا کۆمەڵایەتیە. ڕوودانی کارەساتی گەورەیە لە کۆمەڵدا، وەک نەمانی سەرکردە ڕامیاری و کۆمەڵایەتیەکان، گرانی لە کۆمەڵدا، کارەساتە سروشتیەکان و هتد.

- بەرنامەی ئیشکردن دژی سەرکوتکردن ودژی جیاوازی نێوان قوتابیان و بەکارهێنانی زەبروزەنگی فیزیاوی و دەروونی. ئەم بەرنامەیە دەبێت ئاشکرا بێت لای قوتابیان و هەموو قوتابیەک بێ گیروگرفت بتوانێت ئەوەی دەیەوێت بیڵێت و هەموو مافە دیموکراتیەکانی پارێزراو بێت. تورەبوون و لێدان و بەکارهێنانی زەبروزەنگ لە ناو دیوارەکانی قوتابخانەدا نابێت بوونی هەبێت. یاساکانی سەر شەقام و نێو بازاڕ نابێت بهێنرێنە ناو قوتابخانەوە.

هەموو یەکێک لەو بەرنامانە لە چەند بەشێک پێکهاتووە، لەوانە:

- مەبەست لە بەرنامەکە
- ناوەڕۆکی بەرنامەکە
- ئامانجی بەرنامەکە
- چۆنیەتی گەیشتن بە ئامانجەکە ( کێ کارەکان دەکات؟ کەی؟ چۆن؟)
- هەڵسەنگاندنی بەرنامەکە

بۆ نموونە لە بەرنامەی ئیشکردندا بۆ بەرزکردنەوەی دەسەڵاتی قوتابیان و زیادکردنی بەشداریان لە کارەکانی قوتابخانەدا دەبێت بنووسرێت کە

- بەرنامەکە بۆ باشترکردنی ژینگەی کاری قوتابیانە بۆ ئەوەی پێشکەوتنی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی بە دەست بهێنن.
- بەرنامەکە دەبێتە هاندەرێک و پاڵپشتێک بۆ قوتابیان بۆ ئەوەی ئەنجامی باشترلە خوێندنەکەیاندا بە دەست بهێنن.
- بەرنامەکە قوتابیەکان ئامادە دەکات بۆ بەشداریەکی چالاکانە لە ژیانی کار وکلتووری و کۆمەڵایەتیدا.
- بەرنامەکە وا دەکات کە خودی قوتابخانە ببێتە نیشانە و شوێنی دیموکراتی.

ناوەڕۆکی بەرنامەکە دەبێت بە ڕوونی و ئاشکرا، بە کراوەیی و شەفافەتێکی زۆرەوە، مافی قوتابیان دیاری بکات لە وەرگرتنی زانیاری و شێوەی بەرەو پێشەوەچوونی کارەکان. قوتابیەکان دەبێت بزانن بودجەی قوتابخانەکە چەندەوچۆن بەکاردێت. دەبێت باوەڕیان بەوە هەبێت کە دەتوانن کاربکەنە سەر ڕێڕەوی بەرەوپێشچوونی کارەکان.

**ڕێکخراوی قوتابخانە**

بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانە بریتیە لە بەڕێوەبەر و جێگرەکانی، هەموو لقێک یا بەشێک لە قوتابخانەکەدا کۆمەڵێک مامۆستا بەڕێوەی دەبەن. بۆ نموونە بەشی زانیاری یا ئەدەبی لە ئامادەیی بریتیە لە کۆمەڵێک مامۆستا (5 ـ 10 مامۆستا) کە بەر پرسیارن لە بەڕێوەبردنی ئەو بەشە. یەکێک لە مامۆستاکان دەبێتە سەرۆکی بەشەکە. هەموو بڕیارەکان لە لایەن مامۆستاکانی بەشەکەوە، بە هاوبەشی قوتابیان لە کۆبوونەوەی هەفتانەدا، دەدرێت.

هەموو بەشێک بودجەی خۆی هەیە. هەموو وانەیەک، بۆ نموونە فیزیا، کیمیا، بیرکاری بودجەی تایبەتی خۆی هەیە. مامۆستاکانی ئەو وانەیە خۆیان بڕیار دەدەن چەند پەڕتووک بکڕن، یا بودجەکەیان چۆن بەکار بهێنن. بەڕێوەبەر بەرپرسی سەرەکییە لە دانانی بودجەی قوتابخانەکەدا پاش ئەوەی پرس وڕا بە مامۆستاکانی بەشەکان دەکات. دواهەنگاو دوای گفتوگۆکردن، بەڕێوەبەری قوتابخانەکە و سانديکای مامۆستایان لەسەر پێشنیازەکەی بەڕێوەبەر دوای گۆڕانکاری پێویست تیایدا، ڕێکدەکەون.

لە سوید شارەوانی (کۆمیون) بەرپرسیارە لە قوتابخانەکان. هەموو شارەوانیەک چەند بەشێکی هەیە: بەشی قوتابخانەکان، بەشی ڕێگاوبان، بەشی ژینگە، بەشی تەکنیک... هەر بەشەو سەرۆکێکی هەیە. سەرۆکی بەشی قوتابخانە، سەرۆکی بەڕێوەبەری قوتابخانەکانە. سەرۆکی شارەوانی، سەرۆکی بەشەکانە.

لە هەموو شارەوانیەکدا دوو ڕێگەی سەرەکی هەیە، ڕێگەی فەرمانبەران، لێرەدا سەرۆکی شارەوانی و سەرۆکی بەشەکان و بەڕێوەبەری قوتابخانەکان دەگرێتەوە. ڕێگەی دووەم لیژنەی پارتە سیاسیەکانە کە بەشێوەیەکی دیموکراتی لە لایەن خەڵکی شارەوانیەکەوە هەڵبژێردراون، ژمارەی نوێنەرانی پارتەکان پەیوەندی هەیە بەو ڕێژەی دەنگانەوە کە پارتەکە لە هەڵبژاردندا دەیهێنن.

سیاسەتمەدارەکان شورای شارەوانی پێکدێنن. بڕیاری بودجەو ئامانجە گشتیەکان دەدەن، واتە بەشی بڕیاردانن. فەرمانبەرانیش بەشی جێبەجێکردنن. هیچ سیاسەتمەدارێک بۆی نییە بەشدار بێت لە دانان و لابردنی بەڕێوەبەری قوتابخانەکاندا. لە بواری قوتابخانەدا زۆر زۆر کەم ڕوودەدات کە سیاسەتمەدارەکان بەشداری لە جێبەجێکردنی کارەکاندا بکەن، ئەگەر کردیان ئەوە وەک هەڵە سەیر دەکرێت و ئەو کەسە ناتوانێت بەردەوام بێت لە کارەکەیدا.

بەڕێوەبەری فێرکاری، قوتابخانەکان یا زانکۆکان نابێت لە ڕێگای سیاسیەوە دابنرێن، بەڵکو دەبێت بە توانا و کارامەیی خۆیان گەیشتبنە ئەو کارە. بەڕێوەبەر و مامۆستاش بۆیان هەیە وەک هەموو کەسێک سیاسەت بکەن و سەر بە پارتێکی دیاریکراو بن، بەڵام نابێت سیاسەتی پارتەکەیان تێکەڵ بە کارەکەیان بکەن.

**بودجەی قوتابخانە**

**بودجەی قوتابخانە بە کاردێت بۆ:**

- موچەی مامۆستایان، بەرێوەبەر و کارمەندەکانی تر
- کرێی خانووی قوتابخانەکە
- بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری مامۆستایان
- کڕینی پەڕتووک، پێویستەکانی ئازمایشتگا (فیزیک و کیمیک وزیندەوەرزانی) و پێویستەکانی نووسین.
- کڕینی کۆمپوتەر، کۆپی، موبێلە و پێویستی تر.
- دابینکردنی نانخوردنی نیوەڕوانی قوتابیان.
- سەردانی قوتابیان و مامۆستایان بۆ شارەوانیەکانی تر و وڵاتانی تر.
- کڕینی ئوتۆمبیل، بەنزین، گەرمی، ئاو و کارەبا.
- هەتا دوایی

هەموو قوتابخانەیەک بودجەی تایبەتی خۆی هەیە، کەم و زۆری بودجەکە پەیوەندی بە ژمارەی قوتابییەکانەوە هەیە، دەکرێت بودجەکە بە شێوەیەکی گشتی بە پێی ئەم ڕێژانەی خوارەوە دابنرێت.

- نزیکەی 60% ی بودجە بۆ مووچە تەرخان دەکرێت
- نزیکەی 20% ی بودجە بۆ کرێی خانووی قوتابخانەکە تەرخان دەکرێت.
- نزیکەی 20% ی بودجە بۆ هەموو مەسرەفەکانی تر کە لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر بە پێی بەرنامەی کاری ئەو ساڵە دەگۆڕدرێت، تەرخان دەکرێت.

لە سوید ساڵی وا هەیە پارەیەکی زۆر تەرخان دەکرێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری و هوشیاری مامۆستایان بە کردنەوەی کۆرسی جیاواز جیاواز، یا سەفەر و سەیرکردنی قوتابخانەی تر لە شارو وڵاتی تر بۆ دەوڵەمەندکردنی شێوەی کارکردن.

بەڕێوەبەری قوتابخانە بۆی هەیە لە کاتی پێویستدا مامۆستای تازە دابمەزرێنێت لە قوتابخانەکەدا، بە شێوەیەکی گشتی بەڕێوەبەر بڕیاردەدات چەند مامۆستا و کارمەند لە قوتابخانەکەدا هەبێت بە پێی ئەو بەرنامەی کارەی کە بەشێوەیەکی دیموکراتی هێنراوەتە بەرهەم.

هەموو بەشێکی خوێندن «بەرنامەی کات» ی هەیە، بۆ نموونە بەشی وێژەیی لە ئامادەییدا دەبێت قوتابییەکان لە ماوەی سێ ساڵدا 2500 خاڵ بخوێنن، هەر خاڵێک بەرامبەر نزیکەی یەک کاتژمێرە، واتە یەک وانە (یەک کاتژمێر). بۆ نموونە پۆلی چوار دەبێت 900 خاڵ، پۆلی پێنج 800 خاڵ و پۆلی شەش 800 خاڵ بخوێنن. کەمی و زۆری خاڵەکان لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر دەگۆڕدرێت بە پێی ئەو بەرنامەی کاتەی کە بەڕێوەبەری قوتابخانەکە دایدەنێت.

دەوڵەت، کە وەزیری فێرکاری نوێنەری دەکات، بڕیار لە سەر مەسەلە گرنگەکان دەدات کە پەیوەندی بە یاسای دەوڵەتەوە هەیە. بۆ نموونە دەوڵەتی سوید بە لایەوە مەسەلەی دیموکراتی، یەکسانی و بەها بەرزەکانی مرۆڤایەتی بە گرنگترین بابەت دەزانێت، ئەمانەش دەبێت لە بەرنامەی قوتابخانەدا هەبن. وەکو تر، لە شێوەی بەڕێوەبردنی کارەکاندا، یا ژمارەی وانەو شێوەی دابەشکردنی بودجەدا بە هیچ شێوەیەک بەشداری ناکات، بۆی نییە بەشداری بکات. کاری دەوڵەت هەوڵدانە بۆ دروستکردنی ناسنامەیەکی ئارام و بەرزڕاگرتنی کلتوری مرۆڤایەتی.

**ڕێکخستنی کاری مامۆستا**

سەرەتای کاری مامۆستا دەبێت لەوێوە بێت کە دەستنیشانی پێویستی یەکەیەکەی قوتابیەکان بکات، توانای تاکەکەسی قوتابیەکان دەستنیشان بکات، لە شێوەی بیرکردنەوەیان بگات. پاش ئەوە دەبێت مامۆستا هەوڵ بدات توانای قوتابیان لە بواری باوەڕ بەخۆ بووندا زیادبکات. هەروەها ڕۆڵی هەبێت لە زیادکردنی هەستی قوتابیان بەرامبەر گرنگی ڕۆڵی خوێندن لە کۆمەڵدا.

مامۆستا دەبێت کارەکەی وا ڕێک بخات کە ببێتە هۆی ئەوەی کە قوتابیەکان:

- هەست بە بەرەو پێشەوە چوون و پێشکەوتن بکەن، هەریەکە بە پێی توانای تایبەتی خۆی.
- هەست بکەن کە خوێندن و زانست دوو چمکی گرنگی ژیانن و مانای ژیان دەوڵەمەند دەکەن.
- هەست بکەن کە زمانەکەیان و شێوەی پەیوەندیەکانیان بە دەوروبەریانەوە پێشدەکەوێت.
- هەست بکەن کە وردە وردە وەک تاکەکەس بەهێزدەبن و بەرپرسایەتییان زیاتر دەبێت بەرامبەر بە کۆمەڵ.
- هەست بکەن کە سەربەخۆن لە ناسنامەی تاکەکەسیاندا.

مامۆستا دەبێت هاوسەنگی دروست بکات لە نێوان زانیاری تیۆری و پراکتیکدا، واتە ئەو تیۆرییەی کە دەخوێندرێت، دەبێت قوتابی لەوە تێبگات کە بۆ دەیخوێنێت و چۆن لە پراکتیکدا بە کاردێت. ئەم ئەرکە یەکێکە لە گرنگترین کاری مامۆستا.

دەبێت وانە وتنەوەی مامۆستا هەموو کات ئاوێنە بێت کە هەردوو لایەن، پیاو و ژنی تێدا ببینرێت، هەر لە سەرەتاییەوە دەبێت بە یەکچاو تەماشاکردنی پیاو و ژن، کچ و کوڕ ڕەنگبداتەوە لە هەموو کارێکی ڕۆژانەدا.

گرنگە مامۆستا لە تواناکان و زانستەکانی دەرەوەی قوتابخانە سوود وەربگرێت، بۆ نموونە یا سەردانی کارگەکان بکرێت یا لە کارگەیەکەوە یەکێک بێت باسی کارەکەی خۆی بکات. ئاسنگەر و دارتاش و ئەندازیاری کارەبا زۆر باش دەتوانن باس لە ئاسن وتەختە و کارەبا بکەن. بەشداری ئەم کارمەندانە لە کاری قوتابخانەدا زۆر گرنگە بۆ ئەوەی زانستی تیۆری و پراکتیک هاوشان بن.

**بەڕێوەبەری قوتابخانە**

بەڕێوەبەر بەرپرسی سەرەکییە لە هەموو کارەکانی قوتابخانە. ئەرکەکانی بریتین لە بەرپرسیاریەتی لە بەردەوامی بەرەوپێشەوەبردنی قوتابخانەکە. بەڕێوەبەر بەرپرسیارە لە دانانی بودجەو کاری مامۆستاکان هەروەها بەرپرسیاری سەرەکیی وانەکانیشە. بەڕێوەربەر بەرپرسیارە لەوەی کە تەنیا سیستەم کە قوتابخانەکە بەرێت بەڕێوە سیستەمی دیموکراتی بێت. نەبوونی دیموکراتی مانای سەرنەکەوتنی بەڕێوەبەرە لە کارەکانیدا. دانانی بەرنامەی کار و ئیشکردن و ڕێکخراوی بەڕێوەبردنی ڕێکخراوی قوتابخانەکە لە بەرپرسایەتیی بەڕێوەبەردایە.

بەڕێوەبەر بەرپرسیارە لە هەبوونی بڵاوکراوەیەکی هەفتانە لە قوتابخانەکەدا کە باس لە کاروباری ئەو هەفتەیەی قوتابخانەکە بکات هەروەها باس لە چالاکیەکانی قوتابخانە لە هەفتەی داهاتوودا بکات، باس لەوە بکات کە کێ کارێکی باشی کردووە بۆ قوتابخانەکە. هەموو کارەکانی ناو قوتابخانەکە بە شێوەیەکی شەفافی و کراوەیی لە ناو بڵاوکراوەی هەفتانەو سایتی ئینتەرنێتی قوتابخانەکە بڵاو دەکرێتەوە.

کاری بەڕێوەبەری قوتابخانە ڕێکخستن و دانانی ڕێکخراوی قوتابخانەیە بە شێوەیەک کە ئاواتەکانی قوتابیان لە بە دەستهێنانی ئەو خوێندنەی کە دەیانەوێت، بێتە دی.

بەڕێوەبەر دەبێت زانیاری بە شێوەیەکی کراوە و شەفاف، بخاتە بەردەمی قوتابیەکان. دەبێت هەوڵبدات کە مەدای بیرکردنەوەی قوتابیان لە چوارچێوەی قوتابخانەی شارەکەیدا بچێتە دەرەوە و شێوەی نێونەتەوەیی بە بیرکردنەوەی قوتابیەکانەوە دیاربێت.

ئەگەر دایکوباوکی قوتابیان هەر کاتێک بیانەوێت بەشداری بکەن لە کارەکانی قوتابخانەدا، دەبێت بەڕێوەبەر بواریان بۆ برەخسێنێت.

**دایکوباوک**

دایکوباوک بۆیان هەیە داوای زانیاری دەربارەی ژیانی ناو قوتابخانەکە، مافی منداڵەکانیان لە وەرگرتنی زانست، ژمارەی مامۆستا، چەندی بودجە و پلان و بەرنامەی کاری ساڵانە بکەن.

بەبەردەوامی دەبێت قوتابخانە پەیوەندی لە گەڵ دایکوباوکاندا هەبێت. هەموو هەفتەیەک دەبێت مامۆستاکان نامەبنووسن بۆ دایکوباوکان و تێیدا باسی ئەوە بکەن کە منداڵەکانیان چی دەخوێنن و لە قوتابخانە چیدەکەن. دەبێت بە وردی دایکوباوک ئاگاداری شێوەی بیرکردنەوە و ڕەفتاری کارمەندانی قوتابخانەکە بن.

دایکوباوکی قوتابیان کۆمەڵەی خۆیان دروستدەکەن و پەیڕەوپڕۆگرامی کارکردنی خۆیان دادەڕێژن. هەروەها بەبەردەوامی کۆبوونەوە لە گەڵ مامۆستایان و بەڕێوەبەری قوتابخانەدا دەکەن بۆ دوو شت:

1- زانیاری وەرگرتن دەربارەی ئەو کارانەی کە لە قوتابخانەکە و پۆلەکاندا دەکرێت.

2- بەشداری لە پێشخستنی قوتابخانەکەدا لە کاتێکدا کە بۆ کاری جیاواز قوتابخانە پێوستی بە یارمەتی دایکوباوکان هەبێت.

**ئەرکەکانی قوتابخانە**

**ئەرکەکانی قوتابخانە بریتین لە:**

- پەروەردەی قوتابی بە بەها بەرزەکانی مرۆڤایەتی
- دیاریکردنی ماف و ئەرکەکانی سەرشانی قوتابی
- گواستنەوە و دانی زانست بە قوتابیان
- دروستکردنی پەیوەندی بەهێز لە نێوان قوتابخانەو ماڵدا
- دروستکردنی پەیوەندی قوتابخانەو کۆمەڵ

لە هەموو ئەو کارانەدا دەبێت دایکوباوک لە نزیکەوە بەشدار بن. لە هەمان کاتدا نابێت هێڵی سووری دیموکراتی لە هیچ کاتێکدا ببەزێنرێت.

بەرز ڕاگرتنی نرخی بەرزی مرۆڤ لە ڕێزگرتنی دەنگی دایە. یەک مرۆڤ و یەک دەنگ یاسای بنەڕەتی بردنە پێشەوەی کۆمەڵە، ئەو پێشکەوتنەش تەنیا لە قوتابخانەوە دەست پێدەکات.

لە بەرنامەی کاردا، ئەگەر بەرنامەکە بۆ چەند ساڵێک نووسرا بێت، دەبێت بۆ هەر ساڵە و چەند کارێک پێش بخرێت و بنووسرێت، دەبێت ئەو کارانەی کە پێشدەخرێت لەو ساڵەدا بە ئەنجام بگەیەنرێت. بۆ نموونە ساڵێک دەکرێت بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری مامۆستایان بکرێتە ناوەندی پێشکەوتن لە قوتابخانەکەدا، ساڵێکی تر بەرزکردنەوەی بەشداری و دەسەڵاتی قوتابیان تیشکی بخرێتە سەر.

ڕێکخراوی قوتابخانە دەبێت لە سەر بنەمای ناناوەندی دروستکرا بێت، واتە گەورەترین دەسەڵات دەبێت لە خوارەوە بێت، کە قوتابیەکانە، ئینجا مامۆستایان و بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانە. بەم کارە هەموو کەس خۆی بە خاوەنی قوتابخانە کە دەزانێت و بۆ بەرەوپێشچوونی کاری بۆ دەکات.

دەکرێت پۆلی یەک و دوو یەک گروپی کار بن، یان ئەگەر چەند پۆلێکی یەک هەبوون ئەوە بە قوتابی و مامۆستایانەوە ببنە گروپێک بۆ خۆیان، ئەو کاتە بودجەی خۆیان دەبێت و ئۆتۆنۆم دەبن لە کارەکانیاندا. هەر گروپە بە شێوەیەکی دیموکراتی سەرۆکی گروپەکە، کە مامۆستایەک دەبێت هەڵدەبژێرێت. ئەو مامۆستایەش دەبێتە نوێنەری گروپەکە لە دەستەی سەرۆکایەتی قوتابخانەکەدا. دەکرێت چەند بەشێکی ئۆتۆنۆم لە قوتابخانەیەکدا هەبێت. لەو کاتەدا ڕێکخراوی قوتابخانەکە وەک شێوەیەکی بچوکی ڕێکخراوی دەوڵەتێکی فیدراڵ بەڕێوەدەبرێت

هەموو پۆلێک مامۆستایەک یان دوان بەرپرسن لێی، ئیشەکانی دیاری دەکرێت بە تایبەتی ئەو مامۆستایە دەبێتە پردی پەیوەندی نێوان قوتابخانەو ماڵ، واتە پەیوەندی نێوانی قوتابخانەو دایک و باوکی قوتابیان. پۆلەکان کۆبوونەوەی هەفتانەی خۆیان هەیە و هەر تیپەش هەفتەی جارێک یا بە دوو هەفتە جارێک کۆبوونەوەی خۆیان دەبێت.

لە قوتابخانەکەدا دەبێت، کۆمیتەی پارێزگاری ژینگەی کار، هەبێت کە لە بەڕێوەبەری قوتابخانە و نوێنەری مامۆستایان و نوێنەری قوتابیان پێک دێت، ساڵی جارێک کۆمیتەکە بە قوتابخانەکەدا دەگەڕێت، هەموو ژوورێک و جێگایەک بە سەر دەکەنەوە، پێویستیەکان دەستنیشان دەکەن، پرۆتۆکۆڵ دەنووسرێت و لە ماوەیەکی دیاریکراودا پێویستیەکان جێبەجێ دەکرێن.

هەموو دوو هەفتە جارێک بەڕێوەبەر لە گەڵ گروپی پشتگیری قوتابیان کۆدەبێتەوە، گروپەکە پێک هاتووە لە ڕاوێژکاری کۆمەڵایەتی، سیستەری قوتابخانە، ڕێگە پیشاندەری قوتابی و مامۆستای تایبەتی بۆ یارمەتی قوتابی لاواز. لە کۆبونەوەکەدا تەنیا باس لەو قوتابیانە دەکرێت کە گرفتیان هەیە، گرفتی لاوازی لە وانەکانیاندا یا گرفتی وەک کۆمەڵایەتی یا نەخۆشی. هەر لەوێدا لە سەر شێوەی چارەسەرکردنیان دەدەوێن. بەڕێوەبەر بەرپرسیارە لە بە ئەنجام گەیاندنی بڕیارەکان.

کۆنفراسی وانەکان هەر مانگی جارێک دەبەسترێت. بۆ نموونە مامۆستاکانی بیرکاری کۆدەبنەوە و گفتوگۆ لە سەر گرفتەکانی وانەی بیرکاری، هەروەها پێشخستنی وانەکە لە قوتابخانەکەدا دەکەن.

سیستەمی فێرکاری سیستەمێکی ئاڵۆز و گرنگە، باەڕم وایە کە نەوەی نوێی هەموو نەتەوەیەک، لە قوتابخانەدا چاودەکاتەوە، دوارۆژی هەموو وڵاتێک لە قوتابخانەدا دیاری دەکرێت. بوونی دیموکراتی لە ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی قوتابخانەدا گەرەنتی بوونی دیموکراتیە لە کۆمەڵدا. هەر کۆمەڵێک سیسەمی فێرکاری لە تەنگژەدا بێت، کۆمەڵێکی پڕ گیروگرفت دەبێت.

بەداخەوە سیستەمی فێرکاری لە کوردستاندا لە تەنگژەیەکی گەورەدایە. بە هۆی ساڵانێکی زۆری سیاسەتی کوشتن و و سەرکوتکردن و دیکتاتۆرییەوە، دیموکراتی لە قوتابخانەدا کارژۆڵەیەکی نامۆی بێ سەرپەرشتە. تا دیموکراتی نەچێتە ناو چواردیواری قوتابخانەکانی کوردستانەوە، هەموو پێڕەوکردنێکی دیموکراتی لە کۆمەڵدا هەر لە هەوڵێکی ڕووکەشدا دەمێنێتەوە.

هەر کۆمەڵگایەک بیەوێت شەفاف بێت، دەبێت بناغەی شەفافی و کراوەیی لە نێو قوتابخانەدا دابڕێژێت.

بۆ نووسینی ئەم بابەتە، لە لایەک سوودم لە ئەزموونی چەندین ساڵەی خۆم وەک مامۆستاو بەڕێوەبەری ئامادەیی لە سوید و لە لایەک لە بەرنامەی فێرکاری سوید، کە بنەمای کاری ڕۆژانەمە، وەرگرتوە.

«...»

**پرۆژەی ڕیفۆرمی فێرکاریی کوردستان**

هۆمەر قەرەداغی

**پێشخان و مەبەست**

ئیمرۆ کوردستان لەبەردەم نووسینەوەی دەستووردایە. لە دەستوورێکی دیموکرات و مرۆڤدۆستدا دەبێت بواری فێرکاری گرنگییەکی زۆری پێبدرێت. دەستووری وڵات دەسنیشانی ڕەوتی سیستەمی فێرکاری دەکات. ئەگەر یاسا دیموکرات و ڕەوا بێت، ئەوە سیستەمی فێرکاریش هەمان ڕەنگ و ناوەڕۆک دەگرێتە خۆ. نادیموکرات و ناڕەوا بێت، ئەوا سیستەمی فێرکاریش جێپێی هەڵدەگرێتەوە. بڕوانە وڵاتانی جیهانی سێیەم، هەر بۆ نموونە سوریا و ئێران و ئەردەن و ئێراق، نموونەی زیندوون بۆ سیستەمی دیکتاتۆری و ناوەندی. ئەنجامەکانی بەرنامەی خوێندن لەو وڵاتانەدا زۆر زۆر نزمترن لە ئەنجامەکانی سیستەمی فێرکاریی دیموکراتی لە وڵاتانی دیموکراتدا.

بۆ ئەوەی ڕێز و باوەڕی مامۆستایان، قوتابیان، کارمەندانی پەروەردە و دایکوباوکان بۆ سیستەمی فێرکاری لە کوردستاندا زیاد بێت، پێویستە بەرپرسانی فێرکاریی کوردستان بیرێکی ورد لە گۆڕانکاری و ڕیفۆرمی سیستەمەکە بکەنەوە.

## ریفۆرمەکان

### 1- دانانی بەرنامەی فێرکاری دیموکراتی نوێ

دانانی بەرنامەی (مەنهەجی) فێرکاری دیموکراتی، لە بری بەرنامەی فێرکاریی دیکتاتۆری ساڵی 1971، ریفۆرمێکی پێویست و گرنگە. مانەوەی هەمان بەرنامە، بەردەوامی کابوسی فەلسەفەی شۆڤێنییە بە سەر مێشکی نەوەی نوێی گەلی کوردستانەوە.

بەرنامەی فێرکاری، ڕێگە نیشاندەری خاڵە گشتیەکانە کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ بەها بنەماییە بەرزەکانی مرۆڤایەتیدا هەیە. دەکرێت بەرنامەکە پێکبێت لە دوو بەش: بەشی بەها بنەماییەکان وەک: دیموکراتی لە کۆمەڵدا، یەکسانی نێوان ژن و پیاو، بەرابەری و هاوتایی نرخی مرۆڤ، پیرۆزیی نرخی ژیان و سۆلیداریتی لەگەڵ ئەو قوتابی و خوێندکارانەی کە پێویستییان بە یارمەتی زیاتر هەیە.

لە بەشی دووەمدا کە بەشی زانستە بە وردی باس لە ئەرکەکانی قوتابخانە و مامۆستا و بەڕێوەبەر دەکرێت. بەرنامەی وانەکان لە بەر ڕۆشنایی بەرنامەی فێرکاریدا دادەنرێت. هیچ وانەیەک نابێت لە خاڵە گشتیە دیموکراتیەکان لابدات. لەوە دەرچێت مامۆستا سەربەستی دەبێت کە چ کتێبێکی خوێندن، بۆ گەیشتن بە ئامانجە گشتیەکان، پیادە بکات.

### 2- ناناوەندیتی لە بەڕێوەبردنی قوتابخانەکاندا

هەموو سیستەمێکی دیموکراتی پێشکەوتوو، سیستەمێکی ناناوەندییە. قوتابخانەکان لە شێوەی بەڕێوەبردنی کارەکانیاندا، ئەتۆنۆمن. بەڕێوەبەر، دوای ڕاوێژکردن لە گەڵ قوتابیان و مامۆستایاندا، لەبەر ڕۆشنایی بەرنامەی فێرکاریدا سەربەستە لە شێوەی بەڕێوەبردنی قوتابخانەکەدا. ئەم سەربەستیە توانای دەستپێشخەری و باوەڕبەخۆبوون دروست دەکات. هەموو پێشکەوتنێکیش سەرئەنجامەکەی لە مرۆڤەکانەوە دێت کە خۆیان خاوەنی گۆڕانکاریەکانی ژیانی خۆیان بن، نەک بە سەریاندا سەپێندرا بێت.

بە ناناوەندیکردنی سیستەمی فێرکاری لە کوردستاندا، بەهرەکان خونچە دەکەن و سەرهەڵدێنن، تەنگژە و گەندەڵی لەم بوارەدا بنبڕ دەکرێت، هەروەک چۆن لە وڵاتێکی وەک سویددا کراوە.

ڕێکخستنی کاری مامۆستایان لە قوتابخانەدا دەکرێت لە دوو گروپی کاردا بێت، گروپی مامۆستایان کە وانەیەکی هاوبەشیان هەیە وەک مامۆستایانی بیرکاری و گروپی ئەو مامۆستایانەی کە قوتابی هاوبەشیان هەیە وەک مامۆستایانی پۆلێکی تایبەت.

### 3- نۆ ساڵی خوێندن بەزۆر

خوێندن لە هەموو کوردستاندا نۆ ساڵی یەکەم بەزۆر بێت. هیچ منداڵێک بە پێی یاسا بۆی نەبێت لە قوتابخانە بێتە دەرەوە. ئەم یاسایە بنبڕی نەخوێندەواری و کاری بەکرێگرتەی منداڵ دەکات، کە دوو گرفتی گەورەی کۆمەڵگای کوردستانن.

ئەرکی دەسەڵاتە کە هەموو منداڵێک توانای خوێندنی هەبێت. دوورکەوێتەوە لە کارکردن و یاساکانی سەرشەقام کە زۆر دوورن لە پەیوەندییەکانی ناو قوتابخانەوە.

**4- ئازاد کردنی قوتابخانەی سەرەتایی لە سیستەمی تاقیکردنەوە و دیاردەی دەرچوون و دەرنەچوون**

منداڵ لە تەمەنێکی کەمدا توانای بیری ئەوەندە فراوان نییە کە بتوانێت ڕووداوەکانی دەوروبەری بە شێوەیەکی زانستی هەڵسەنگێنێت و هەمەلایەنە بیر لە باری زانستیی خۆی بکاتەوە. هەموو کۆنترۆڵ و هەڵسەنگاندن و نمرەدانان و ئاست دانان دەبێتە ڕێگر لە بەردەم گەشەکردن و پێشکەوتنیدا. دەرنەچوون بۆ نموونە لە پۆلی یەکی سەرەتایی بۆ پۆلی دوو، جۆرێکە لە سەرکوتکردنی دەروونی منداڵ کە لە تەمەنی گەورە ساڵیدا ئەنجامی گەورە و ئاڵۆزیی کەسایەتی لێدەکەوێتەوە. جیاکردنەوەی منداڵ لە یەکتری بە دەرچوون و دەرنەچوون لە بەر جیاوازی توانایان لە بواری خوێندندا نیشانەی بەرابەرنەبوونی نرخی مرۆڤە چونکە بناغەی بەها بنەماییە مرۆڤایەتیە بەرزەکان لە سەر هاوتایی و یەکسانی تاکەکەس دوور لە ڕەگەز و ڕەنگی پێست و باری ئابووری دانراوە. دەرنەچوونی قوتابی لە قۆناغی سەرەتاییدا دژی هەموو بەهایەکی بەرزی مرۆڤایەتیە. ئەڵتەرناتیف بۆ دەرنەچوون یارمەتیدانی ئەو قوتابیانەیە کە پێویستیان بە یارمەتی هەیە. ئەرکی کۆمەڵگا ئەوەیە کە تاکەکەس هەست بە یەکسانی و سەربەستی بکات. تەنیا لەو ڕێگایەوە کۆمەڵگا دەبێتە جێگەی باوەڕ و دڵسۆزیی تاکەکەس.

**5- ئازادکردنی قوتابی لە تاقیکردنەوەی بەکالۆری لە هەر سێ پۆلی شەشی سەرەتایی، سێی ناوەندی و شەشی ئامادەیی**

ئامانجی تاقیکردنەوەی میللی لە سویددا بۆ یارمەتیدانی مامۆستایە بۆ ئەوەی بتوانێت بەراوردی ئاستی زانیاری قوتابیەکانی لە گەڵ قوتابیانی قوتابخانەکانی دیکەدا بکات. لە کوردستان ئامانجی تاقیکردنەوەی بەکالۆری بۆ دەرچوون و دەرنەچوونی قوتابیانە. ئەم بڕیارەش وایکردوە کە تەنیا ئەنجامی یەک تاقیکردنەوە، لە چەند کاتژمێرێکدا کاریگەری گەورەی لە سەر بەردەوامی ژیانی قوتابیەکان هەبێت. ئەم دراما تراژیدیە ژیانی هەزاران قوتابی کوردستانی کردۆتە دۆزەخ. هەر بۆیە ئازادکردنی قوتابی لە تاقیکردنەوەی بەکالۆری لە هەر سێ پۆلی شەشی سەرەتایی، سێی ناوەندی و شەشی ئامادەیی پێویستیەکی هەنووکەییە و دەبێت بەهەند وەربگیرێت.

سیستەمی فێرکاری سوید سەرکەوتوانە تاقیکردنەوەی میللی لە جێگای بەکالۆری، لە ئەنجامی ئەزمونی 200 ساڵی سیستەمی دیموکراتیدا، داناوە. لە کوردستان دەکرێت تاقیکردنەوەی پۆلی شەشی سەرەتایی و سێی ناوەندی بە بێ هیچ ئەڵتەرناتیڤێک لابرێت. لە پۆلی شەشی ئامادەییدا لابرێت و لە جێگایدا ڕێژەی ئەنجامی هەموو تاقیکردنەوەکانی قوتابی لە پۆلی چوار و پێنج و شەشی ئامادەیی دابنرێت.

بە سەیرکردنێکی خێرای تاقیکردنەوەکانی بەکالۆری وانەکانی بیرکاری، فیزیک، کیمیا، زیندەوەرزانی، ئینگلیزی، کوردی، عەرەبی، پەروەردەی ئیسلامی و ئابووری، پۆلی شەشی ئامادەیی زانستی و وێژەیی، ساڵی خوێندنی 2004/ 2005 دەردەکەوێت کە هەم ئاستی خوێندن و هەم ئاستی هەڵسەنگاندن و تاقیکردنەوە لە کوردستان چەند دوورە لە سیستەمی فێرکاری سەردەم و دیموکراتیەوە.

بۆ نموونە تا ئێستاش قوتابی بۆی هەیە لە شەش پرسیار تەنیا وەڵامی پێنج پرسیار بداتەوە، واتە قوتابی بۆی هەیە یەک بەشی سەرەکی کتێبی خوێندن پشتگوێ بخات، بەمەش کۆگەلی وانەکە، کە ئامانجی سەرەکی خوێندنی مەدەنی و دیموکراتیەتە، لە دەست دەچێت.

نموونەیەکی دیکە بوونی بۆشاییە لە پرسیارەکاندا کە قوتابی دەبێت پڕیان بکاتەوە. ئەم جۆرە پرسیارانە نموونەی دەرخکردن و لەبەرکردنی کاتیی زانیارییە بە زۆرەملێ کە پاش ماوەیەکی کەم قوتابی بیری دەچێتەوە و بەوەش کۆمەڵگا هیچ سوودێکی نوێخوازی و پێشکەوتنی لێ نابینێت. ئەڵتەرناتیڤی ئەم سیستەمە، فێربوونە. سیستەمێکە کە قوتابی فێردەکات چارەسەر بۆ گرفت بدۆزێتەوە و کۆگەلی لە جیاتی بەشبەشکردن باڵ بەسەر بیریدا بکێشێت. بۆ تێگەیشتن، لەبری دەرخکردن، پێویستە قوتابی بەم قۆناغانەدا بڕوات: وەرگرتنی زانیاری ڕاست، تێگەیشتن، توانا بەهێزبوون، شارەزایی و قوڵبوونەوە. هەر یەکێک لەم قۆناغانە کاتی تایبەتی خۆی دەوێت کە جیاوازە لە قوتابییەکەوە بۆ قوتابییەکی تر. بەشبەشکردن و دەرخکردنی زانیاری توانای بیرکردنەوەی فراوانی قوتابی تەسک دەکاتەوە و ئەنجامەکەشی نەبوونی لێکۆڵەرەوە، پسپۆڕی شارەزا و دواکەوتنی تەکنەلۆژی لێدەکەوێتەوە. نموونەی تر لە سەر ئاستنزمی و بێسودی تاقیکردنەوەکانی بەکالۆری لە کوردستاندا زۆر زۆرە، ئەو دوو نموونەیەی سەرەوە مشتێکن لە خەرمانێک.

### 6- ئازادکردنی کتێبی وانەکان

دەبێت کتێبێکی تایبەت نەسەپێندرێت بەسەر هەموو مامۆستاکان و قوتابخانەکاندا بۆ وانەیەکی تایبەت و پۆلێکی تایبەت. بوار بدەن بە مامۆستا و بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانە لە هەڵبژاردنی کتێبی وانەکاندا خاوەن بڕیار بن.

بەرنامەی خوێندن ڕێگا نیشان دەدات و دەستنیشانی ڕێبازی سەرەکی خوێندن دەکات. مامۆستاکان لە بەر ڕۆشنایی بەرنامەکە کتێب دەنووسن. دەبێت چەندین کتێب هەبێت بۆ ئەوەی مامۆستا ئازادی هەڵبژاردنی هەبێت، کە بنچینەی سەرەتایی بنەمای دیموکراتی خوێندنە. پێشکەوتن لە ئەنجامی کێبڕکێدا دروست دەبێت، بۆ بوونی کێبڕکێش دەبێت ئەڵتەرناتیڤی جیاواز هەبێت. ناکرێت نەوە دوای نەوە بە »دارا دوو داری دی» فێری خوێندن بکرێت، لە کاتێدا هەموو سیستەمێک لە گۆڕاندایە بە تایبەتی لێکۆڵینەوە لە بواری پێداگۆکی و دیداکتیک و شێوەکانی وەرگرتنی زانیاری جیاوازی وانەوتنەوە.

دەکرێت مامۆستایەک چەندین کتێبی جیاواز لە یەک وانەدا، بۆ بەرفرەواندنی ئاسۆی بیری قوتابی و سوود وەرگرتن لە ئەزموونی نووسەری جیاواز، بەکاربهێنێت. دەکرێت لەمیانەی یەک پڕۆژەدا چەند وانەیەک بەشدار بن، بۆ نموونە پڕۆژە لە سەر دارستان دەکرێت وانەکانی زیندەرووەرزانی، بیرکاری، فیزیک، کیمیا، ئینگلیزی و کوردی بەشدار بن. لەو کاتەدا مامۆستای هەر وانەیەک ڕێنمایی قوتابیەکان دەکات لەو بەشەی پەیوەندی بە وانەکەی خۆیەوە هەیە. بەمەش هاوکاریی مامۆستایان و قوتابیان و وانەکان بەهێز دەبێت و کۆگەلی و ئامانجە گشتیەکانی زانست جێگەی ئامانجی تەنیای هەر وانەیەک دەگرێتەوە و لە کۆتاییدا زانیاری قوتابیەکە لە ئاستێکی تایبەتی ژیاندا فراوان دەبێت و لە بیریشی ناچێتەوە. ئەم کاری بە کۆمەڵە لە سیستەمی دیموکراتیدا جێگەی جیهانی تەسکی لەبەرکردن و دەرخکردنی گرتۆتەوە.

### 7- ئازادکردنی مووچەی مامۆستایان

مووچەی مامۆستا نابێت بەسترێت بە تەمەنی مامۆستاکەوە. مامۆستای بە توانا و لێهاتوو دەبێت موچەی بەرز تر بێت لە مامۆستایەک کە سەرکوتکەری قوتابیان بێت. دڵسۆزی مامۆستا بۆ قوتابی باشترین ئەتمۆسفێری فێربوون بۆ قوتابی دروست دەکات. مووچەی مامۆستا دەبێت گرێدراوی ڕادەی کاری مامۆستاکە بێت نەک تەمەنی. مامۆستایەکی بە تەمەن کە ئازاری فیزیکی و دەروونی قوتابیەکان بدات لە ئاستێکدا نیە کە لە ڕێگەی مووچەیەکی زیادەوە ڕێز بۆ کارە خراپەکەی دابنرێت. سیستەمی مووچەی مامۆستا لە کوردستاندا هاندەری مامۆستا نیە بۆ ئەوەی هەوڵ بدات هەموو توانای خۆی لە کارەکەیدا بەکاربهێنێت. ئەو مامۆستایانەی کە زۆر باشن لە بەر ئەوە نیە کە مووچەیان بەرزە، بەڵکو لەبەرئەوەیە کە مرۆڤی باشن و خاوەنی بەهای مرۆڤایەتی بەرزن.

هەڵسەنگاندنی قوتابیان، سەندیکای سەربەخۆی مامۆستایان و بەڕێوەبەری قوتابخانە دەبێت بکرێتە بنەما بۆ بڕیاری کەم و زۆری ئاستی مووچە زیادکردنی مامۆستایان.

## 8- تەرخانکردنی بودجە بۆ هەر قوتابخانەیەک

یەکێک لە تەنگژە گەورەکانی ناو قوتابخانەکانی کوردستان ئەوەیە کە بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانەکان هیچ بودجەیەکی تایبەتیان نیە کە بتوانن بە کاری بهێنن بۆ: لە لایەک چارەسەرکردنی ئەو گرفت و پێویستیانەی کە بەرەو ڕوویان دەبێتەوە و لە لایەکی ترەوە پێشخستنی قوتابخانەکەیان. هەر کێشەیەک بێتە پێشەوە، دەبێت بەڕێوەبەری قوتابخانە داوا لە سەروخۆیەوە بکات تا یارمەتی بدرێت، کە ئەمەش لە باشترین کاتدا بیرۆکراتیەت و بەفیڕۆدانی کاتی لێدەکەوێتەوە. هیچ قوتابخانەیەک سەربەستی خۆی نیە کە بەرنامەی پێشکەوتن بۆ قوتابخانەکەی دابنێت. نەبوونی بودجەی تایبەتی دەبێتە کوشتنی توانای دەستپێشخەری لای بەڕێوەبەری قوتابخانە و بەهێزکردنی هەستی بێدەسەڵاتی لە ناو مامۆستاکاندا. ئەم کارە لە ئەنجامدا کاردەکاتە سەر باری دەروونی قوتابیەکانیش کە هەموو کات هەستبکەن کە توانای ئابووری هەر لای دەسەڵاتدارانی سیاسی هەیە و بەمەش ڕێزێکی خەیاڵی هەڵە لایان دروست دەبێت کە بە زەحمەت لە ژیانی گەورەساڵیدا لێی ڕزگار دەبن.

بڕی بودجەی قوتابخانە دەبێت گرێدراوی ژمارەی قوتابیانی قوتابخانەکە بێت، بەمەش جارێکی تر قوتابی دەکرێتە ناوەند و دەبێت خزمەت بکرێت، قوتابی هەستی باوەڕ بەخۆبوونی تێدا بەهێز دەکرێت. بەڕێوەبەرو مامۆستاش کاردەکەن بۆ ئەوەی ناوی قوتابخانەکەیان بە باشی بڵاوبێتەوە بۆ ئەوەی زۆربەی ژمارەی قوتابی ڕێیان تێبکات، بەمەش بودجەکەیان زۆرتر دەبێت.

بەڕێوەبەری قوتابخانە، بەڕاوێژ لەگەڵ سەندیکای مامۆستایان و شورای قوتابیان، بڕیاری شێوەی بەکارهێنانی بودجەکە دەدەن. هەموو لایەنەکان بە شێوەیەکی دیموکراتی گوێ لە دەنگیان دەگیرێت و بەوەش خۆشەویستی کار و قوتابخانەکە لە لای هەموان گەورە دەبێت.

## 9- تەرخانکردنی بودجەیەکی تایبەت بۆ سەرخستنی ئاستی زانستیی مامۆستایان

زانست هەموو کات لە گۆڕان و پێشکەوتندایە. لە ڕۆژگاری ئینتەرنێت و کۆمپیوتەر و گلوبالیزمدا گرنگە مامۆستا زوو زوو بنێردرێتە خولی ڕاهێزان و زانستیەوە بۆ ئەوەی بتوانێت لە کارەکەیدا نوێترین شێوەی بیرکردنەوە و ئاستی زانستی بە قوتابیەکانی پێشکەش بکات.

دەکرێت بودجەکە بکرێت بە سێ بەشەوە

- بەشێک لە سەر ئاستی تاکەکەس
- بەشێک لە سەر ئاستی گروپێک مامۆستای وانەیەکی هاوبەش
- بەشێک لە سەر ئاستی هەموو قوتابخانەکە

**10-بەشداریی شورای قوتابیان**

دەرفەت بدرێ بە شورای قوتابیان لە بەشێکی کۆبونەوەکانی مامۆستایان و بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەکاندا، بەشداری بکەن. ئەم کارە کۆبونەوەکان دەوڵەمەند دەکات و سیستەمەکە بەرەو پێشکەوتنی پرۆسەی دیموکراسی دەبات.

شورای سەربەخۆی قوتابیان یەکێکە لە کۆڵەکەکانی دیموکراتیەت لە قوتابخانەدا. قوتابی دەبێت هەستبکات کە گوێ لە دەنگی دەگیرێت و دەتوانێت ڕۆڵی لە پێشکەوتنی قوتابخانەکەیدا هەبێت. قوتابی دەبێت هەست بکات کە دەزانێت قوتابخانەکەی چۆن بەرێوە دەبرێت. دەبێت قوتابخانە ئەتمۆسفێرێکی وا دروست بکات کە قوتابی بە پیرۆزی و ئەفساناوی و ترسەوە سەیری گەورەسالان نەکات، بەڵکو وەکو ئەندامێکی سروشتی ناو کۆمەڵ بیان بینێت.

**11-دیداری گەشە**

دیدارێکە لە نێوان مامۆستا و قوتابی و دایکوباوکاندا، بۆ گەشەکردنی قوتابی و بەرەوپێشەوە چوونی پرۆسە فێرکارییەکە بەکار دەهێنرێت.ساڵی دووجار دەبەسترێت و لە کاتی پێویستدا زیاد دەکرێت. ماوەی دیدارەکە نزیکەی نیو کاتژمێرە و بەو شێوەیەش پەیوەندی قوتابخانە لەگەڵ دایکوباوکاندا بەهێز دەکات و هەردولاش سوود لە یەکتر، بە گۆڕینەوەی زانیاری و پشتگیریکردنی یەکتر بۆ بەهێزکردنی قوتابییەکە، وەردەگرن.

**12-کۆمەڵەی دایکوباوکان**

دایکوباوکان دوور لە دەستێوەردانی قوتابخانە کۆمەڵەی سەربەخۆی خۆیان بۆ پشتگیری قوتابیان و ئاگالێبوونی کارەکانی بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانە، دروست دەکەن. بەهۆی بەشداری دایکوباوکانەوە قوتابخانە دەبێتە جێگای پیادە کردنی دیموکراتی و باوەڕبوون بە یەکتر. کۆمەڵەی دایکوباوکان دەبێتە ئامرازێکی بەهێز بۆ پشتگیری کردنی پرۆسەی خوێندن و مامۆستایان لە قوتابخانەدا.

### 13- پەیوەندی نێوان قوتابخانە و کۆمەڵگا

قوتابخانە جێگایەک نییە کە دەرگاکەی بە ڕووی کۆمەڵگادا داخراو بێت یا دیواری بەرز بە دەوریدا دروست کرابێت بۆ ئەوەی قوتابیان دوور لە کۆمەڵ لەو جێگایەدا سنوور بۆ جموجۆڵیان دابنرێت. قوتابخانە دەبێت بە ڕووی کۆمەڵدا شەفاف و کراوە بێت نەک هەر بە تێکەڵاوی و سەردان، بەڵکو بە شێوەی بینا و ستروکتوریشەوە. قوتابی دەبێت پەیوەندی بە بازاڕی کارەوە هەبێت، بۆ نموونە پەیوەندی بە دەزگای پۆلیس، کارمەندی ئاگرکوژێنەوە، کارگەکان، بانکەکان و شارەوانییەوە هەبێت. ئەمەش بۆ فرەواندنی ڕوانگەی قوتابیانە دەربارەی کاروباری کۆمەڵگا.

لە قۆناغی ناوەندیدا گرنگە قوتابی دوو تا سێ هەفتە لە بازاڕی کاردا، لە ژێر سەرپەرشتی مامۆستایەکدا پراکتیکی (مەشقی) هەبێت. بۆ نموونە لە بانکێکدا لە گەڵ یەکێک لە کارمەندەکاندا دەوام بکات و فێربێت ئەرکی کارمەندێک چییە. لە قۆناغی ئامادەییدا ژمارەی هەفتەکانی پراکتیک بۆ پێنج تا دە هەفتە، بە پێی ئەو بەشەی کە قوتابی دەیخوێنێت، زیاد بکرێت.

هەر لە قۆناغی ئامادەییدا گرنگە کە قوتابیەکان پەیوەندیان لە گەڵ پەیمانگا و زانکۆکاندا هەبێت. بەم پەیوەندییە ئاسۆی بیری قوتابیەکان فراوان دەبێت و جیهانی بوارەکان لە بەردەمیاندا گەورە دەبێت.

### 14-دامەزراندنی ڕێنیشاندەری خوێندن و کارکردن

دامەزراندنی کارمەندێک وەک ڕێنیشاندەری خوێندن و کارکردن لە قوتابخانە ناوەندی و ئامادەییەکاندا دەبێتە یارمەتیدەری قوتابیان بۆ وەرگرتنی زانیاری دەربارەی خوێندنی پلەی دواتر و بازاڕی کار. قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی هەر تەنیا دوو قۆناغی خوێندن نیین بۆ قوتابی، بەڵکو دوو قۆناغی گرنگی ژیانی لاوان و گەنجانە کە زانیاریەکی زۆریان نییە لە سەر بازاڕی کارو قۆناغەکانی تری خوێندن، بە تایبەتی ئەو قوتابیانەی کە خێزانێکی ئەکادیمیان نییە.
دەستبەردان لە قوتابی لە دوای قۆناغی ناوەندی یا ئامادەیی دەستبەردانە لە بەر پرسیارێتی ژیانی نەوەی نوێ. ئەم کارە نامۆیە بەهەمووسیستەمێکی فێرکاری کە بناغەکەی لەسەر دیموکراتی، بەرابەری نرخی مرۆڤەکان، یەکسانی ژن و پیاو و یارمەتی یارمەتیپێویستان دانرابێت. ئەرکی کۆمەڵگایە، لە ڕێگەی قوتابخانەوە، ڕێگا ڕۆشنکەرەوەی قوتابیان بێت لە میانەی خوێندن و کارکردندا. هیچ کۆمەڵگایەکی سیڤیل و شەفاف وا بە ئاسانی دەست لە نەوەی خۆی بەرنادات.

### 15- دابینکردنی پەرسدار

دابین کردنی پەرسدار (سیستەر، هاوشیرە) لە قوتابخانەکاندا، دڵنیایی تەندروستی لای قوتابیان دروست دەکات. پەرسدار یا برینپێچ دەتوانێت لە کاتێکدا کە قوتابیان پێویستیان بە یارمەتی هەبێت، یارمەتیان بدات و لە کاتی ئاساییدا زانیاری لە بواری تەندروستیدا بە پۆلەکان بدات.

ڕێژەی گشتی تەمەنی مرۆڤ پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ئاستی زانیاری تەندروستیەوە لە سەردەمی منداڵی و لاویدا هەیە. هەموو هەوڵدانێک بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری تەندروستی بناغە دانانێکە، تەنانەت لە ڕووی ئابووریشەوە، بۆ پاشەڕۆژی هەموو کۆمەڵگایەک.

**16**-دروستکردنی کۆمەڵەی جیاواز

بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانە دەبێت پشتگیری قوتابیان بۆ دروستکردنی کۆمەڵەی جیاواز بکات، بۆ نموونە کۆمەڵەی ژینگە، کۆمەڵەی جوانکردنی قوتابخانە، کۆمەڵەی وەرزشی وەک باڵە و باسکە و تۆپێی. بوونی ئەم کۆمەڵە سەربەخۆیانەی قوتابیان پرۆسەی دیموکراتی دەباتە پێشەوە و قوتابیانیش گەشە دەکەن. لەو وڵاتانەی کە ئەم جۆرە کۆمەڵانە زۆرن، دیموکراتیەت بەهێزە.

**17**-دانانی بەرنامەی کار

هەموو قوتابخانەیەک بۆ هەموو ساڵێکی خوێندنی دەبێت بەرنامەی کاری هەبێت. بەرنامەکە بەڕێوەبەر بەرپرسیارێتی، بەڵام لە بەرهەمهێنانیدا قوتابیان و مامۆستایان بەشداری تێدا دەکەن. بەشی سەرەکی بەرنامەکە بریتیە لەو ئامانجانەی کە قوتابخانەکە دەیەوێت لەو ساڵەدا پێی بگات. دەبێت بە وردی لە بەرنامەکەدا باس لەوە بکرێت کە چۆن قوتابخانەکە بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە کاردەکات. لە کۆتایی ساڵدا بەرنامەکە هەڵدەسەنگێنرێت و لایەنی بەهێزولاوازی کارەکان دەستنیشان دەکرێت.

**18**- کردنەوەی سەنتەری یارمەتی لە قوتابخانەکاندا و دامەزراندنی مامۆستای تایبەت.

ئاستی زانیاری و توانای هەموو قوتابیەک وەک یەک نیە، هەر بۆیە زۆر گرنگە کە لە هەموو قوتابخانەیەکدا سەنتەرێک یا بەشێکی یارمەتی هەبێت کە تێیدا ئەو قوتابیانەی کە پێویستیان بە یارمەتی زیاتر هەیە، بە تایبەتی لە وانە سەرەکیەکاندا، یارمەتی وەربگرن. لەم بەشانەدا دەبێت مامۆستای تایبەتی کاربکەن. مامۆستا تایبەتیەکان دەبێت خوێندنی تایبەتییان، لە بواری دەرونی و یارمەتی قوتابیانی لاوازدا، خوێند بێت.
مامۆستاکان دەبێت توانایەکی باشیان لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە هەبێت، بۆ ئەوەی هەستی باوەڕبەخۆبوون لای قوتابیە لاوازەکان، لە بواری خوێندندا دروستبکەن.

**19**-نەهێشتنی ترس لە ناو قوتابیاندا

ترس، مۆتەکەیەکی گەورە و ڕێگرە لە بەردەم گەشەکردنی گونجاو و باشی قوتابیدا، ڕێگەگرە لە بەردەم کاری دەستپێشخەرو باوەڕبەخۆبووندا. قوتابی لە کوردستان لە قۆناغی سەرەتاییدا لە مامۆستا دەترسێت، لە بەڕێوەبەری قوتابخانە دەترسێت، لە دایکوباوک دەترسێت. ترسەکان لە ئازاردانی فیزیکی و دەرونیەوە سەرچاوە دەگرن. دەبێت قوتابی لە هەموو جۆرێک ترس ئازادبکرێت و قوتابخانە ببێتە لانەی دڵنیایی و ئارامی. لە هەر وڵاتێکدا قوتابی لە مامۆستا ترسا، گەورەساڵ لە دەسەلات ترسا، ئەو وڵاتە وڵاتێکی دیموکراتی نیە.

**20**-دامەزراندنی لێکۆڵەرەوەی کۆمەڵایەتی

پێویستی قوتابی لە قوتابخانەدا، هەر وەرگرتنی زانست و زانیاری نیە، بەڵکو ئەرکی سەرەکی قوتابخانە، ئامادەکردنی قوتابییە بۆ ژیانی گەورەساڵی لە رووی کۆمەڵایەتیەوە. لە وڵاتێکی وەک کوردستاندا کێشەی کۆمەڵایەتی زۆرە و گەنج و لاوان بە تایبەتی کچان زۆر پێویستیان بەوە هەیە کە لە قوتابخانەکەیاندا لێکۆڵەرەوەی کۆمەڵایەتی هەبێت بۆ ئەوەی بتوانن بە سەربەستی باسی گیروگرفتەکانی خۆیان بکەن و یارمەتی بۆ چارەسەرکردنیان وەرگرن.

**21**-تێکەڵاوی کچ و کوڕ

هەموو کۆمەڵگایەکی پێشکەوتو و دیموکرات، کۆمەڵگایەکی یەکسانەو کچ و کوڕ تێیدا بەرابەرن. تێکەڵاوی کچ و کوڕ لە هەموو ئاستەکانی خوێندندا هەر لە باخچەی منداڵانەوە تا زانکۆ دیاردەیەکی هاوچەرخە و گەنج و لاوان لەم کۆمەڵگایانەدا لە گرێی دەروونی، بەرامبەر ڕەگەزەکەی بەرامبەریان، دووردەبن.
هەڵسوکەوتەکان بە شێوەیەکی ئاسایی دەکرێت و کراوەیی و شەفافی جێگای ترس و شتشاردنەوە دەگرێت و ئەنجامەکەشی مرۆڤی دەرونڕوون و کراوە دەبێت.

لە کوردستان دەبێت خوێندنی ناوەندی و ئامادەیش، هەروەکو ئاستەکانی سەرەتایی و زانکۆ، تێکەڵاو بێت.
ئەو لێکبڕانە دروستکراوە لە ناوەڕستی خوێندندا، بە سروشتی مرۆڤ کارێکی نامۆیە.

**کۆتایی**

ئەم ڕیفۆرمانە ئەگەر لە کۆمەڵگای کوردستاندا لە بواری خوێندن و پەروەردەدا بکرێن، بەرنامەی فێرکاری بەرەو بەرنامەیەکی مەدەنی و یموکراتی دەبات ونەوەی ئیمرۆی کوردستانیش لەو تەنگژە گەورەیە دێنێتە دەرەوە.
ڕیفۆرمەکان بودجەیەکی گەورە و کار و کاتێکی زۆری دەوێت، هەروەها ئالییەتێکی ڕاست و زانستی پێویستە بۆ گەیاندنی بە کەناری ئارامی جێبەجێکردن. بەڵام هەمووی هێشتا کەمە لە چاو دەستکەوتەکاندا ئەگەر مەبەست بێت کە تاکی کورد سەربەست و کوردستانیش ئازاد و ئاوەدان و پێشکەوتو بێت.

«...»

**شورای قوتابیان**

هۆمەر قەرەداغی

**پێشەکی**

بەشێکی گرنگی بەرنامەی فێرکاری لە کۆمەڵگای دیموکراتیدا، بریتیە لە باسکردنی دەسەڵاتی قوتابیان لە قوتابخانە و خوێندنگاکاندا. خودی بوونی قوتابخانەکان لە هەموو شوێنێکدا بۆ خزمەتکردنی قوتابیانە. ئەگەر سیستەمی فێرکاری لە وڵاتدا سیستەمی دیموکراتی بێت، ئەوە قوتابیان لە هەموو کارە گرنگەکانی قوتابخانەدا باڵادەست دەبن. ڕێبەرانی قوتابیان لە هەموو شورا و کۆبونەوە گرنگەکانی قوتابخانەدا بەشداری دەکەن. بەڕێوەبەری قوتابخانە پەیوەندی لەگەڵ نوێنەری هەڵبژێردراوی قوتابیاندا دەبێت. قوتابی لە ناوەندی بڕیاردایە و خودی خۆی ناوەندە، چونکە مەبەست لە بوونی قوتابخانە، قوتابییە.

قوتابیان بۆیان هەیە داواکاریان هەبێت، بۆیان هەیە بۆ هەموو ئەو پرسیارانەی کە لە مێشکیاندا دروست دەبن، داوای وەڵام بکەن. سەرکەوتوترین بەڕێوەبەری قوتابخانە ئەو بەڕێوەبەرەیە کە هەموو سیستەمی ڕێکخراوەیی قوتابخانەکەی لە چواردەوری قوتابیاندا دروستکردوە و قوتابیان تێیدا ناوەندن. ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە قوتابیان هەست بە دڵنیایی بکەن و خۆشەویستیان بەرامبەر پۆل و قوتابخانە و شارو وڵاتەکەیان زیاتر بێت. هەر مرۆڤێک گوێی لێگیرا و بەشدار بێت لە بڕیارەکاندا، خۆی بە بەرپرسیاریش دەزانێت لە جێبەجێکردن و سەرکەوتنیاندا. بەوەش ئامانجەکان زووتر دێنە دی و کۆمەڵگاش پێشدەکەوێت.

هۆی سەرەکی پێشکەوتنی کۆمەڵگا دیموکراتیەکان، تەنیا و تەنیا بوونی سیستەمی دیموکراتیە، واتە بوونی ڕێزگرتنی دەنگی تاکەکەسە. ئەگەر مرۆڤ زانی دەتوانێت کاریگەری هەبێت لە سەر بەرەو پێشەوەچوونی ڕووداوەکان، ئەوە بەشداریشی تێدا دەکات. لاوازترین کۆمەڵگا ئەو کۆمەڵگایەیە کە مرۆڤەکان هەستدەکەن گوێیان لێناگیرێت و ناتوانن بەشداری چالاکانە لە ڕەوتی پێشکەوتیندا بکەن.

هەموو کۆمەڵگایەکی دیموکراتی، کۆمەڵگایەکی دەوڵەمەندە. دەوڵەمەند بە بوونی مرۆڤی بەهرەدار و ڕێزلێگیراو. هەموو کۆمەڵگایەکی دیکتاتۆریش کۆمەڵگایەکی هەژارە، چونکە مرۆڤ تیایدا نرخی نییە، ئەگەر چی خاوەنی هەموو شتێکی مادیش بێت. بەراوردی سوید و نەرویج لە لایەک و عێراق و سعودیەش لە لایەکی تر، زیاتر ئەم باسە ڕوون دەکاتەوە.

دیموکراتی لە قوتابخانەوە دەستپێدەکات، بەهرەیەک نییە لە سەرەوەی دەسەڵات بێتە خوارەوە. دەبێت لەخوارەوە بەرەو سەرەوە هەڵکشێت. هەر بۆیە وڵاتە دیموکراتیەکان سیستەمی فێرکاریان پێشکەوتووە و

ئامانجەکان باش دەپێکن و قوتابیەکان ئەنجامیان باش دەبێت لە چاو وڵاتانێکدا کە ساڵانێکی زۆر لە ژێر ڕژێمی دیکتاتۆریدا ئازاریان کێشاوە. بۆ نموونە لە ئامادەیی ئۆڤا لە سوید ئەنجامی دەرچوون، لە دوا ساڵی ئامادەییدا لە ساڵی خوێندنی 2004 /2005 دا لە 93% بوو، لە کوردستان، دەوری یەکەم، لە سلێمانی 11% و لە هەولێر 12% و لە دهۆک 9% بوو، بە پێی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ.

**چۆنێتی دروستکردنی شورای قوتابخانە**

بۆ ئەوەی دیموکراتی لە قوتابخانەدا سیستەمی سەروەر بێت، دەبێت قوتابیان لە قوتابخانەدا خۆیان ڕێکبخەن و نوێنەری خۆیان هەبێت. ئەم خۆڕێکخستنە ، بە هیچ شێوەیەک پەیوەندی بە سیاسەت و ئایینەوە نییە و جیاوازە لە ڕێکخراوی سیاسی قوتابیان. دروستکردنی شورای قوتابیان لە ژێرەوە دەستپێدەکات و لە شانەکانی قوتابخانەوە، کە پۆلە سەرهەڵدەدات. قوتابیانی هەموو پۆلێک هەفتەی وانەیەک بەکاردەهێنن بۆ شورای پۆل. لەو وانەیەدا کە ماوەکەی نزیکەی کاتژمێرێکە پۆلەکە کۆبوونەوە دەکات، سەرۆک وسکرتێری کۆبوونەوە هەڵدەبژێردرێت، هەرجارەو کەسانی جیاواز. بەوردی بەرنامەی کۆبوونەوەکە دەنووسرێتەوە. هەموو خاڵێک گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، بڕیاری لەسەر دەدرێت و دەنووسرێتەوە، پاشان دووکەس کە لەسەرەتای ساڵدا لە پۆلەکەدا قوتابیەکان خۆیان هەڵیاندەبژێرن، زۆربەی کات کچێک و کوڕێک، نوێنەرایەتی پۆلەکە دەکەن. بە هەموو نوێنەرەکان شورای قوتابیان دروست دەکەن. لە ناو شورای قوتابخانەدا دەستەی کارگێڕ هەڵدەبژێردرێت کە لە 5 تا 7 قوتابی پێکدێت. دەستەی کارگێڕ لە ناو خۆیاندا سەرۆک و سکرتێر و بەرپرسیاری دارایی هەڵدەبژێرن.

قوتابیان نوێنەریان هەیە لە هەموو شورا گرنگەکانی قوتابخانەدا. بۆیان هەیە ئاگایان لە بەرنامەی کار و ئیشکردن و دانانی مامۆستا و لابردنی مامۆستا بێت. لە دانانی بەڕێوەبەری قوتابخانەکەدا قوتابیان بەشدارن.

لەناو پۆلدا کە مامۆستا بەرنامەی ساڵانە دادەنێت، کە وانەکانی کەی و چۆن بگوترێنەوە، قوتابیان لە بەرنامەکەدا بەشداری دەکەن. ژمارەی تاقیکردنەوە و کەی تاقیکردنەوە بکرێت بە بەشداری قوتابیان دەبێت. لە گفتوگۆکردن لە سەر ڕووداوەکانی ڕۆژ قوتابیان زۆر چالاکانە بەشداری لە گفتوگۆکاندا دەکەن دوور لە هەموو سەپاندنێکی بیروبۆچوون، هەموو قوتابیەک بە شێوەیەکی سەربەخۆ قسەی خۆی دەکات، هەموو کات سەربەخۆیی تاکە کەس دەبێت پارێزراو بێت.

دەستەی کارگێڕی شورای قوتابیان، ئەرکێکی گەورەی دەکەوێتە سەرشان، هاوکاتیش خاوەن دەسەڵاتێکی گەورەیە لە قوتابخانەکەدا. بودجە و ژووری تایبەتی خۆی دەبێت و ئەندامانی دەستەکە لە لایەن هەموو قوتابخانەکەوە ناسراو دەبن.

شورای قوتابیان ڕێکخراوێکی سەربەخۆیە لە ڕووی سیاسی و مەزهەبیەوە. واتە شوراکە نوێنەری پارتێک یا لایەنێکی سیاسی تایبەت نیە، بەڵکو نوێنەری ڕاستەقینەی قوتابیانە دوور لە بۆچوونی سیاسی و مەزهەبی. لە هەمانکاتدا هەموو قوتابیەک سەربەستی بێ سنووری، لە بەشداریکردن لە دروستکردنی کۆمەڵە وڕێکخراوی تایبەتیدا هەیە، کە لە بواری پارتایەتی و ئایینی و کۆمەڵەی جیاواز جیاوازدا کار دەکات. کاری شورای قوتابیان، کە شورایەکی بێلایەنی پیشەییە، جیاوازە لە کاری یەکێتی قوتابیان یا خوێندکاران کە ڕێکخراوێکی سیاسیە و نزیکە لە پارتێکی سیاسیەوە. هەموو قوتابخانە، خوێندنگا، پەیمانگا و زانکۆیەک پێویستی بە شورایەک هەیە بۆ کاری ڕۆژانە و بەرەوپێشبردنی پرۆسەی دیموکراتی.

**شورای پۆلەکان**

شورای پۆلەکان، بەردی بناغەی شورای قوتابیان و خوێندکارانە. شورای پۆلەکان لە کۆبونەوەی هەفتانەیاندا باس لەو گرفتانە یا ڕووداوانەی، کە پەیوەندی بە قوتابخانەکەیانەوە و بە تایبەتی بە پۆلەکەی خۆیانەوە هەیە، دەکەن. هەندێ خاڵ هەیە کە زۆر هەفتە دووبارە دەبێتەوە، لەوانە ژینگەی کاری ناو قوتابخانەکە، چ لە ڕووی فیزیاوی و چ لە ڕووی دەروونیەوە. لە ڕووی فیزیاوییەوە باسی خانووی قوتابخانەکە دەکرێت، پێویستیەکانی، چۆنیەتی کات بە سەربردن لە کاتی پشووی نێوان وانەکاندا، حانووتی (کەفێتریای) قوتابخانەکە، بوونی ئاووکارەبا و بەکارهێنانی بۆیە و شێوەی پۆلەکان و بوونی پەردە و تابلۆ وتەختەی ڕەش و کورسی دانیشتن و دۆلابی پەڕتووک و ... هتد.

لە ڕووی دەروونیەوە باس لە شێوەی هەڵسوکەوتی قوتابیەکان لە گەڵ یەکتریدا دەکرێت، شێوەی قسەکردن و ڕێزگرتن. زۆر بە وردی چاودێری بەڕێوەچوونی پرۆسەی دیموکراتی دەکەن و لە کوێدا هەست بکەن کە کەمتەرخەمی لە جێبەجێکردنی دیموکراتی و بەرزڕاگرتنی بەهابنەماییە مرۆڤایەتیەکاندا هەیە، لەوێدا ڕەخنەی توندی خۆیان دەگرن و دەنگی لە سەر دەدەن. پرتۆکۆڵی هەموو کۆبوونەوەکان دەنووسرێتەوە و بەرزدەکرێتەوە بۆ شورای قوتابیان، لەوێدا باس لە کەموکوڕیەکان دەکرێن و بڕیاری لەسەردەدرێت و دەخرێتە بەردەم دەستەی کارگێڕی شورای قوتابیان. سەرۆکی شورا لە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆیدا لە گەڵ بەڕێوەبەردا کەموکوڕیەکان باس دەکات و بەرنامەی ئیشکردن و کاتی بۆ دادەنرێت. چارەسەر و بڕیاری پێویستی، پاش ڕاوێژکردن لە گەڵ سەندیکای مامۆستایان ئەگەر پێویست بکات، لەسەر دەدرێت.

**کۆنفراسی قوتابخانە**

ئەگەر خاڵێک گرنگی تایبەتی خۆی هەبێت، ئەوا بەرز دەکرێتەوە بۆ کۆنفرانسی قوتابخانەکە،ساڵی چوارجار کۆنفراسی قوتابخانە دەگیرێت، کۆنفراسەکە بەڕێوەبەر سەرپەرشتی دەکات. چەند مامۆستایەک و نوێنەرانی شورای قوتابخانە بەشداری تێدا دەکەن. کاری کۆنفراسەکە بریتیە لە زانیاری و ئامۆژگاری گۆڕینەوە و دیالۆگ لە سەر پرسیارە ناوەندیەکانی ناو قوتابخانە، هەروەها پرسیارە گرنگەکانی ناو شورای قوتابیان و شورای پۆلەکان.

**پرۆتۆکۆڵی کۆبوونەوەکان**

پرۆتۆکۆڵی کۆبوونەوەکانی شورای پۆل و قوتابخانە و کۆنفرانسەکان بە شێوەیەکی گشتی یەک شێوەی هەیە، لە سەرەوەی پۆتۆکۆلەکە دەنووسرێت، کەی و لە کوێ کۆبونەوەکە کراوە و بەشداربوانی کێبون، وەک ئەم نمونەیەی خوارەوە:

پرۆتۆکۆلی کۆبونەوەی شورای قوتابیان لە رۆژی 20 / 5 / 2005 لە ژووری شورا لە ئامادەیی ئۆڤا

ناوی بەشداران

1. هەڵبژاردنی سەرۆکی کۆبونەوە
2. هەڵبژاردنی سکرتێری کۆبونەوە
3. هەڵبژاردنی چاودێری پرۆتۆکۆل
4. خاڵەکانی ئیشکردن ...
5. ....
6. .....
7. کۆبونەوەی داهاتو رۆژی 3 / 6 /2005 لە ژووری شورا دەکرێت
8. تەواوبونی کۆبنەوە

ئیمزای سەرۆک و سکرتێر و چاودێر

هەموو پرۆتۆکۆلێک دۆکومنێتێکی گشتییە و هەموو کەسێک، تەنانەت لە دەرەوەی قوتابخانەش مافی دیموکراتی خۆیەتی، کە داوای بکات و بیخوێنێتەوە، بە تایبەتی دایک و باوکان. بەو شێوەیە هەموو پرس و باسەکانی نێو قوتابخانە بە شەفافی و کراوەیی لە ناو کۆمەڵدا بوونی خۆی دەبێت و هەموو رۆژنامەوان و دەزگایەکی میدیا بۆیان هەیە سەیری چۆنێتی بەرێوەبردنی کارەکانی نێو قوتابخانەکە بکەن. گەر ببینن پرۆسە دیموکراتیەکە پشتگوێ خراوە یا کەموکورتی هەیە، ئەوە لە لایەک بەرێوەبەر بەرپرسیارە و لە لایەکی تر ناوبانگی قوتابخانەکە بە باشی نایەتە ناو کۆمەڵەوە.

شورای قوتابیان هەموو ساڵێک هەڵدەبژێردرێت و نوێنەرەکانی دەگۆڕدرێن. ئەرکی کارکردن لە شوراکەدا ئاسان نییە، قوتابیەکان بۆ ئەوەی کاری شورایی فێربن، دەورەی تایبەت دەبینن. شورا لە هەموو پلەکانی خوێندندا هەیە، هەر لە سەرەتاییەوە تا زانکۆ. هەموو قوتابخانە و خوێندنگا و پەیمانگا و زانکۆیەک دەگرێتەوە و کارەکان لە زۆربەی کاتدا تایبەتن بەو شوێنەی کە قوتابیەکانی لێیە.

**ڕێکخراوی شوراکان**

شورای قوتابیان وەک کۆمەڵەیەک دەتوانرێت لە گەڵ شورای قوتابخانەکانی تردا لە شارێکدا یەک بگرن و ڕێکخراوی گەورەی قوتابیان پێکهێنن، هەندێ جاریش شورای شارەکانیش یەک دەگرن و بەو شێوەیە دەبنە خاوەنی دەسەڵاتێکی گەورە و ژمارەیەکی زۆری ئەندام. لە سویدا ڕێکخراوی شوراکان خاوەن دەسەڵاتێکی ئەوەندە گەورەیە، هەموو دامودەزگا فێرکارییەکان تا حکومەتی وڵات گوێ لە قسە و پێشنیازەکانیان دەگرن. دەتوانن کاربکەنە سەر فەرمان و ئەرک و یاساکانی دەوڵەت. ڕێکخراوی بەرزی شوراکان کاردەکات بۆ ئەوەی کە

- پەیوەندی قوتابخانەکان بەیەکەوە زیاتر بێت
- پرسی گرنگ بخەنە بەردەم بەرپرسان
- قوتابیان هەست بکەن زیاتر دەتوانن کاریگەریان لە سەر کارەکانی ناو قوتابخانەکەیان دەبێت.

شورایەکی چالاک لە قوتابخانەیەکدا، لە سەرەتای ساڵی خوێندندا، سەرەتای کارەکانی بە دانانی بەرنامەیەکی ئیشکردن دەستپێدەکات، کە تێیدا ئامانجەکان و ستراتیژیەکان و شێوەی ئیشکردنی خۆیانی تێدا دەنووسن. لە کۆتایی ساڵدا ڕاپۆرتێکی هەڵسانگاندن دەربارەی ئیشەکانیان دەنووسنەوە و لایەنی بەهێزو لاوازی کارەکانیان دیاری دەکەن.

چالاکیەکان زۆرن و لە کاتی قوتابیان دەگرن، بەڵام ژینگەی قوتابخانەکە باشدەکەن. قوتابیان هەست بە دڵنیایی دەکەن، هەست بەوە دەکەن کە دەتوانن قوتابخانەکە بەرەو پێشەوە بەرن و هەستی باوەڕ بەخۆبوونیان تێدا گەورە دەبێت. پرۆسەکە مرۆڤی خاوەن بەرپرسیار، چالاک و سەربەست دروستدەکات. هەربۆیە بەشداربوونی قوتابیان لە بڕیارەکاندا لە سەر هەموو ئاستێکی خوێندن ئەرکیکی سەرەکی قوتابخانەیە و پلەی بەرزی ئەم کارە، کەمتر نییە لە ئەرکە سەرەکیەکەی دیکەی قوتابخانە، کە دانی زانستە.

**بەشێک لە ئەرکەکانی شورای قوتابخانە**

شورای قوتابیان، ڕێکخراوی قوتابیانە، بۆ قوتابیان. کارەکانیان دەبێتە هۆی دروستکردنی ژینگە و ئەتمۆسفێرێکی خۆش بۆ قوتابیان، بە شێوەیەک کە هاتن بۆ قوتابخانە ببێتە کارێکی خۆش لای قوتابیان. ژینگەیەکی دڵنیاو کراوە، دەبێتە هۆی سەرکەوتنی قوتابیان لە خوێندنەکەیاندا. ئەو ژینگەیەش بەکارکردنێکی زۆر و پشودرێژ دێتە بەرهەم. ئەرکەکانی شورای قوتابیان زۆرن، لەوانە

- دیاریکردنی پێویستیەکانی قوتابیان

- باشترکردنی ژینگەی فیزیاوی و دەرونی قوتابخانە
- گفتوگۆکردنی ئەو باسانەی لە قوتابخانەکەدا گرنگن
- ڕێکخستنی ئاهەنگ بۆ قوتابیان
- بەرزکردنەوەی ڕەخنەی قوتابیان بۆ بەڕێوەبەری قوتابخانە
- بە ئەنجام گەیاندنی داواکاری شورای پۆلەکان
- چاودێری بڕیارەکان
- هاوکاریکردن لە گەڵ کارمەندانی قوتابخانەکە
- زانیاری وەرگرتن لە بەڕێوەبەر و گەیاندنی ئەو زانیاریانە بە قوتابیان.

**کۆتایی**

پرۆسەی دیموکراتی لە ناو قوتابخانەدا، پرۆسەیەکی ئاسان نییە و کاتی دەوێت، بەڵام ئەنجامەکانی ئەوەندە گرنگ و کاریگەرن، هەموو ئەو کاتەی بۆی تەرخان دەکرێت، کەمتر دەنوێنێت لە بەردەم دەستکەوتە گەورەکانیدا بۆ کۆمەڵ. بەرهەمەکەی مرۆڤی دیموکرات و سەربەست و خاوەن ویژدانە لە کۆمەڵگایەکدا دوور لە سەرکوتکردن و گەندەڵی.

«...»

**بەرەی جەنگی تاقیکردنەوەی بەکالۆری لە کوردستان**

هۆمەر قەرەداغی

سیستەمی فێرکاریی دیموکراتی ناناوەندی، هانی خوێندکار دەدات کە هەموو تواناکانی خۆی، بۆ گەشەکردن و ئامادەبوون بۆ بوون بە مرۆڤێکی سەربەست، دیموکرات، خاوەن ویژدان و بەرپرس بەرامبەر بە کۆمەڵ، بەکاربهێنێت. ساڵانی خوێندن دەبێتە گەشتێکی 12 ساڵەی پڕ ئەزموون و خۆشی. ڕێزگرتن لە سەربەستی تاکەکەس دەبێتە هێڵێکی سوورو هیچ دەسەڵاتێکی ناوەندی بۆی نییە بیبەزێنێت.

سیستەمی ئەزموونی تاقیکردنەوەی بەکالۆری لە کوردستان، بە پێچەوانەی سیستەمی دیموکراتی خوێندنەوە، سیستەمێکی تۆقێنەر و پڕ مەترسییە. بۆ نموونە لە ئەزموونی بەکالۆری پۆلی شەشی ئامادەییدا، لە ماوەی دوو هەفتەدا هەموو ژیان و دوارۆژی خوێندکار و قوتابی دیاریدەکرێت . هەموو ساڵێک ئەزموونەکە دەبێتە ئەزموونی یەکلاکەرەوەی ژیانی ژمارەیەکی زۆر لە گەنجی کوردستان. هەموو ساڵێک ژیانی ژمارەیەکی زۆر خێزانی کوردستان دەبێت بە دڵەخورپێ و نائارامی. هەموو گەنجێکی کوردستان بۆ ئەوەی بتوانێت خاوەنی بڕوانامەی ئامادەیی یا بەرزتر بێت، دەبێت بەو ژیانە نائارامەدا بڕوات، هەروەک چۆن سەرباز دەنێردرێت بۆ بەرەکانی جەنگ. نیگەرانی، دڵەڕاوکێ و ترسی گەنجان لەو ماوەیەدا، کاریگەرییەکی قووڵ دەکاتە سەر دەروونیان و ئەنجامەکانی لە ژیانی گەورەساڵیدا دەردەکەوێت. کاتێک هەموو لاوێک و گەنجێکی کۆمەڵگای کوردستان بۆ بەرەی جەنگی ئەزموونی بەکالۆری دەنێردرێت، ئەوکاتە زانست و بەهابنەماییەکان هەموو مانا بەرزەکانی خۆیان لە دەست دەدەن.

بەرامبەر سیستەمی جەنگی ئەزموونی بەکالۆری، سیستەمی خوێندنی ئاشتیخواز و دیموکراتی هەیە، کە بۆ نموونە لە وڵاتێکی وەکو سویدا پەیڕەو دەکرێت.

لەم سیستەمەدا، بۆ ئەوەی ئەنجامەکانی خوێندنی پلەی ئامادەیی ڕاست و ڕەوا بێت، ئەوە سەرجەمی هەموو خوێندن و ئەزموون و تاقیکردنەوەکانی هەر سێ ساڵەکەی ئامادەیی دەبێتە بنەمای نمرە دانان. واتە هەموو تاقیکردنەوە و ئەزموون و کاری خوێندکار لە پۆلی چوار و پێنج و شەشی ئامادەییدا دەبێتە ڕێژەی کۆتایی، بەو ڕێژەیەش داوای خوێندنی زانکۆ و پەیمانگاکان دەکات.

لە قۆناغی ئامادەیدا لە سوید، هەموو قوتابیەک دەبێت 2500 خاڵ (یەکە) بخوێنێت. ئەو خاڵانە دابەش دەکرێن بە سەر هەر سێ ساڵەکەدا. وانەی وا هەیە 50 خاڵە، وانەی تر هەیە 100 خاڵ یا زیاترە. لەو سێ ساڵەدا قوتابی نزیکەی 25 وانە دەخوێنێت. ئەنجامی کۆتایی هەر 25 وانەکە دەبێتە ئەنجامی ڕێژەی کۆتایی. واتە ئەنجامی هەموو ئەو وانانەی لە پۆلی چوار و پێنج و شەشدا دەخوێندرێت، ئەنجامە کۆتاییەکە پێکدێنن. بەو شێوەیە هەوڵ و تێکۆشانی سێ ساڵ دەبێتە بنەمایەکی فراوان و قوتابی دەتوانێت لە سەرخۆ و دوور لە دڵەڕاوکێ و نائارامی لە سەر خوێندنی خۆی بەردەوام بێت.

ئەم سیستەمە زۆر ڕاست و ڕەواترە لە سیستەمی جەنگی ئەزمونی بەکالۆری کە بە دوو هەفتە تا مانگێک هەموو شت کۆتایی دێت. سەدان قوتابی و خوێندکار هەر بە هۆی شڵەژان و نائارامی و ترسی تاقیکردنەوە ئەنجامی خراپ دێنن، لە کاتێکدا کە لەوانەیە لە پۆلی چوار و پێنجی ئامادەییدا ئەنجامی زۆر باشیان هەبووبێت.

پێشنیاری کۆمەڵەی «کۆمەک» ئەوەیە کە:

- لە پلەی سەرەتاییدا تاقیکردنەوە، نمرە دانان و دیاردەی دزێوی دەرنەچوون، لا ببرێت. منداڵ دەخوێنێت و بەرپرسیارێتی سیستەمی فێرکاری، لەم پلەیەدا، ئەوەیە کە منداڵ بۆ پلەی داهاتوو ئامادە بکات . نەک لێی ببێت بە دادگا و گەر منداڵ سەرکەوتوو نەبوو، لەبری یارمەتیی زیاتر، سزای دەرنەچوونی بۆ دەربکات.
- تاقیکردنەوەی بەکالۆری لە پۆلی شەشی سەرەتایی، لە پۆلی سێی ناوەندی و لە پۆلی شەشی ئامادەیدا نەمێنێت.
- لە پلەی ناوەندیدا کۆی سەرلەبەری نمرەکانی کۆتایی پۆلی سێ جێی بەکالۆری پۆلی سێ بگرنەوە و ببنە بنەمای وەرگرتن لە خوێندنی ئامادەییدا.
- لە پلەی ئامادەییدا کۆی سەرلەبەری نمرەکانی کۆتایی پۆلەکانی چوار و پێنج و شەش جێی بەکالۆری پۆلی شەش بگرنەوە و ببنە بنەمای وەرگرتن لە خوێندنی پەیمانگا و زانکۆدا.

ئەم خاڵانەی لێرەدا کراونەتە داوای «کۆمەک» خەتوخاڵی سەرەکیین لە سیستەمی دیموکراتییانەی فێرکاریی وڵاتانی سکاندیناڤیادا. بەرهەمەکەشی زۆر گەشە، بۆ نمونە ڕێژەی دەرچوون لە پلەی ئامادەیی سوید دەگاتە سەروو 90٪. پێچەوانەی ئەم سیستەمەش ڕێک ئەوەیە کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا پەیڕەوی دەکرێت. سیستەمێکی بێفەرهەنگی دژ بە هەموو بەهایەکی مرۆڤدۆستانە. ئەنجامەکەشی ئەمەیە: ڕێژەی دەرچووانی دەوری یەکی قۆناغی ئامادەیی بەشی زانستی ساڵی خوێندنی 2004 / 2005 لە سلێمانی 11% و لە هەولێر 12% و لە دهۆک 9% بوو. ئەمە تاوانە دژ بە منداڵ و لاوان و گەنجانی کوردستان.

«...»

**لە بری تاقیکردنەوەی بەکالۆری**

سروە نوری ئەزیز

هەنگاونان بەرەو سیستەمێکی دیموکراتی و مەدەنی کە بناغەکەی لە سەر ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ دامەزرابێت، لە قوتابخانەوە دەستپێدەکات.

سیستەمی فێرکاری لە کۆمەڵگای سویددا، وەک هەر کۆمەڵگایەکی تری ئەوروپای ڕۆژئاوا هەمیشە هەڵدەسەنگێنرێت و ئەنجامی ساڵانە، لە پێناوی باشترکردن و گەشەپێدانی، لە گەڵ وڵاتانی تردا بەراورد دەکرێت. هەروەها لە پێناوی هەڵسەنگاندنی ئاستی زانیاری قوتابیان و قوتابخانەکانی نێو وڵاتدا تاقیکردنەوەی میللی لە هەندێ وانەی، وەک ماتماتیک، سویدی و ئینگلیزی دا هەیە.

لە قۆناغی سەرەتاییدا **تاقیکردنەوەی میللی** لە پۆلەکانی پێنج و نۆ لە زمانی سویدی، ماتماتیک و زمانی ئینگلیزی دا هەیە. مەبەست لە نووسینی تاقیکردنەوەی میللی لە پۆلی پێنجی سەرەتایی دا، زوو دەرککردنە بە ئاستی تێگەیشتن و زانینی منداڵان، چونکە تا زووتر قوتابخانە دەرک بەو کۆسپ و تەگەرانە بکات کە لە بەردەم گەشەکردنی منداڵاندان، چارەسەرکردنی ئاسانترە، هەروەها ئەم ئەنجامەش وەک پێوەرێک بۆ بەراورد لە نێوانی قوتابخانەکانی هەموو وڵاتدا بەکار دەهێنرێت.

لە پۆلی نۆشدا، هەروەک لە سەرەوە ئاماژەم بۆ کردوە، تاقیکردنەوەی میللی لە زمانی سویدی و ماتماتیک و زمانی ئینگلیزیدا هەیە. ئەنجامی ئەم تاقیکردنەوانە هەر وەک یەک ئەنجامی تاقیکردنەوە بەکاردەهێنرێت، واتە بڕیاردان لە سەر نمرەی کۆتایی تەنیا ئەنجامی ئەم تاقیکردنەوەیە بڕیار نادات.

لەم تاقیکردنەوانەدا هەروەک تاقیکردنەوەکانی دیکە، گرنگیەکی زۆر بە تێگەیشتن دەدرێت. پرسیار نیە بۆ لەبەربکرێ (دەرخ)، بەڵکو قوتابی دەبێت تێگەیشتنی بۆ گرفت و پرسیار هەبێت، بە پێی ئاستی تێگەیشتن وەڵامی خۆی بداتەوە. بۆ نموونە تاقیکردنەوەی میللی لە زمانی سویدیدا، لە کۆمەڵێک بەش پێکهاتوە، بەشی تێگەیشتن (قوتابی خۆی تێکستێک دەخوێنێتەوە و پاشان وەڵامی پرسیار لە بەر ڕۆشنایی ئەو وانەیە دەداتەوە)، گوێگرتن (قوتابی گوێ لە تێکستێک دەگرێت و پاشان وەڵامی پرسیار دەداتەوە)، جگە لە بەشی داڕشتن و ڕێزمان.

ئاشکرایە کە وەرگرتنی قوتابیان لە پرۆگرامە (بەشە) جیاوازەکانی ئامادەییدا بە پێی نمرەی پۆلی نۆیانە، واتە سێی ناوەندی. نمرەی کۆتایی ساڵیان (واتە ئەو نمرانەی کە قوتابیان داوای پرۆگرامەکانی ئامادەیی

پێدەکەن)، پەیوەندی بە ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی هەموو ساڵی خوێندنی نۆیانەوە وە هەیە. واتە ئەو نمرانەی، قوتابیان داوای پرۆگرامێکی ئامادەیی پێدەکەن، ئەو نمرانەیە کە لە ئەنجامی هیلاکی و ماندووبوونی یەک ساڵی خوێندنیاندا بە دەستیان هێناوە.

ڕۆڵی تاقیکردنەوەی میللی لەم وانانەدا هەر هەمان ڕۆڵی ئەو تاقیکردنەوانەی هەیە کە قوتابیان لە ساڵەکەدا دەینووسن. ئەم ئەنجامە هەر وەک یەکێک لە ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی دیکە سەیر دەکرێت کاتێک کە قوتابی نمرەی کۆتایی لە لایەن مامۆستای وانەکەوە بۆ دادەنرێت.

تاقیکردنەوەی میللی، بۆ نموونە لە وانەی ماتماتیکدا، هەر لە سەرەتای ساڵدا هەموو قوتابخانەیەک زانیاری دەربارەی ڕۆژی نووسینی تاقیکردنەوەکە لە لایەن دەزگای خوێندنی دەوڵەتی سوید، پێدەگات. پاشان بە چەند ڕۆژێک پێش نووسینی تاقیکردنەوەکە، پرسیارەکان دەگەیەنرێتە قوتابخانەکان. هەر قوتابیەک لە قوتابخانەکەی خۆیدا، لەو ڕۆژەی کە دیاریکراوە، تاقیکردنەوەکە دەنووسێت. هەر مامۆستایەش وەڵامی تاقیکردنەوەی قوتابیانی خۆی ڕاستدەکاتەوە. نمرە لە سەر ئەم تاقیکردنەوەیە و نمرەی کۆتاییش هەر ئەو مامۆستایەی کە وانەکە دەڵێتەوە دایدەنێت.

پرسیارەکانی تاقیکردنەوە میللیەکان لە لایەن گروپێک لە مامۆستایانی پسپۆروشارەزا لەو وانانە لە زانکۆکانەوە، بە سەرپەرشتی دەزگای خوێندنی دەوڵەت، دەنووسرێت.

لە قۆناغی ئامادەییشدا قوتابیان، لە کۆتایی خوێندنی کۆرسەکانیاندا تاقیکردنەوەی میللی لە وانەکانی ماتماتیک و سویدی و ئینگلیزیدا دەنووسن.

نمرەی تاقیکردنەوەی میللی بڕیاری نمرەی کۆتایی ساڵی قوتابیەکان نادات، بەڵکو ئەنجامی ئەم تاقیکردنەوەیە هەروەک هەر یەکێک لە تاقیکردنەوەکانی دیکە کە قوتابیەکان لە ساڵی خوێندنیاندا نووسویانە سەیر دەکرێت. جگە لەمەش ئەم ئەنجامە وەک پێوەرێکی بەراورد لە نێوان قوتابخانەکانی وڵاتدا بەکاردەهێنرێت.

ئەو سیستەمەی کە تەنیا تاقیکردنەوە پێوەری توانا و ژیری منداڵان و قوتابیان نیشاندەدات، بەهرە و ئارەزووی داهێنەرانە لای منداڵان و هەرزەکاران دەمرێنێت. سیستەمی بەکالۆری لە پۆلی شەشی سەرەتایدا، کاتێک تەمەنی منداڵان لە دوانزدە ساڵ تێپەڕ ناکات، خەونێکی ترسناکە و دنیای بێگەردوساکاری منداڵیان لێدەکاتە مۆتەکەیەک و ڕێگایان پێنادات هەنگاو بنێن. ئەنجامە نزمەکانی خوێندن لە کوردستان کاریگەرێکی دەروونی هێندە خراپ دەکاتە سەر ئەم منداڵانە کە زۆر ئاساییە،

زۆربەیان قوتابخانەکان بە جێبێڵن و منداڵە کوڕەکان بۆ نێو بازاڕی کار و منداڵە کچەکانیش بەرەو چواردیواری ماڵ، ڕاپێچ بکات.

بە هەموو شێوەیەک هەڵەیە کە تەنیا ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی بەکالۆری لە پۆلی سێی ناوەندیدا، بڕیاری ڕێڕەوی ژیانی هەرزەکارێکی پانزدە ساڵ بدات. دەبێت بڕیاربدەین کام کۆمەڵگا بۆ نەوەی داهاتوو بە جێبهێڵین، هەر کۆمەڵگایەک ڕێز لە توانای داهێنەرانەی منداڵان و هەرزەکارانی نەگرێ، منداڵان و هەرزەکارانی هاننەدات بە کاری بەردەوام تواناکانیان گەشە پێبدەن، ئەو کۆمەڵگایە لە ڕێڕەوی پێشکەوتن دوادەکەوێت.

ئەمڕۆ تەنیا پێوەرێک بۆ خوێندنی بەردەوام لە زانکۆ و پەیمانگاکاندا لە کوردستان، تەنیا ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی بەکالۆریە. بڕیاری دواڕۆژی هەزارەها قوتابی و خوێندکاری شەشی ئامادەیی بەستراوە بە توانای تەنیا دوو هەفتەیانەوە. **سیستەمی بەکالۆری مۆتەکەیەکە، بە هیچ شێوەیەک ناهێڵێت منداڵان و نەوجەوانانی کورد برەو بە توانای داهێنەرانەیان بدەن.**

«...»

## بەرنامەڕێژی قوتابخانەکانی سوید

سروە نوری ئەزیز

### پێشەکی

لە وڵاتانی پێشکەوتودا، بە بەردەوامی لە گەڵ گۆڕان و بەرەوپێشەوەچوونی کۆمەڵگادا، سیستەمی فێرکاری دەگۆڕدرێت. بۆ نموونە لە وڵاتی سوید بە شێوەیەکی گشتی هەر بە نزیکەی دە ساڵ جارێک هەموو بەرنامەی فێرکاری گۆڕانی بنەڕەتی بە سەردا دێت، لە ماوەی دوو هەڵبژاردندا پەرلەمان بڕیار لە سەر بەرنامەی فێرکاری نوێ دەدات.

لە پێناوی زیاترکردنی زانیاری کارمەندانی فێرکاری لە کوردستاندا، ئەم نووسینەم لە سەر بەرنامەڕێژی فێرکاری سوید، نووسیوە.

### پۆلی سفر (پۆلی پێش قوتابخانە)

هەموو منداڵێک دەبێت دە ساڵ بخوێنێت. قوتابخانەی سەرەتایی نۆ ساڵە. منداڵ لە حەوت ساڵیەوە دەست بە پۆلی یەک دەکات. هەموو منداڵێکی شەش ساڵ دەبێت لە پۆلی سفر (پێش قوتابخانە) دەستپێبکات. لەم ساڵەدا منداڵان بۆ قوتابخانە ئامادە دەکرێن. لەم پۆلەدا لە سەر بەرنامەی تایبەت بەم قۆناغە، کە لە لایەن پەرلەمانی سویدەوە بڕیاری لە سەردراوە، منداڵان بۆ ژیانی قوتابخانە ڕادەهێنرێن.

منداڵانی شەش ساڵ، لە پۆلی سفر، ڕۆژی سێ کاتژمێر، واتە هەفتەی پانزدە کاتژمێر، بە پێی بەرنامەیەکی تایبەتی کاریان لە گەڵدا دەکرێت. لەم پۆلەدا زیاتر کار لە سەر بەکارهێنانی ئەندامەکانی هەست، بینین، بیستن، تامکردن و بۆنکردن دەکرێت. ئەم کارانەش زیاتر بە شێوەی یاری و ڕاهێنانی ئاسان و خۆش کاریان لە سەر دەکرێت. هەروەها ڕاهێنان لە سەر بەکارهێنانی دەست و پەنجەکان، بە مقەست و قەڵەم لایەنێکی تری کاری ئەم ساڵەن. بە شێوەیەکی گشتی ئەم پۆلانە هەر لە هەمان خانووی پۆلەکانی یەک تاسێی قوتابخانە سەرەتاییەکاندان.

لە دوایساڵی سفر، واتە دوای ساڵی ئامادەکردن، دەستپێکردنی منداڵان لە پۆلی یەک و چوونە نێو دنیای بەرینی خوێندنەوە بە شێوەیەکی زۆر سروشتی دەبێت. لە سەرەتای پۆلی یەکدا منداڵاکان هەر بە هەمان شێوەی پۆلی سفر بەردەوام دەبن، زۆر بە لە سەرخۆیی بەرەو دنیای ئەلف و بێ و خوێندنەوە دەبرێن.

بە وەرزێک پێش دەستپێکردنی پۆلی سفر منداڵەکان چەند جارێک سەردانی قوتابخانەکان دەکەن و ئەو مامۆستایەی کە بڕیارە بەرپرسیان بێت دەیبینن. منداڵان، کچ و کوڕ، لە باخچەوە تا تەواوکردنی زانکۆ لە هەموو قۆناغەکاندا تێکەڵاون. بە شێوەیەکی زۆر سروشتی، لە هەمان ژینگەدا پێکەوە گەشە دەکەن و بەرەو پێشەوە دەچن.

**قۆناغی سەرەتایی**

لە قۆناغی سەرەتاییدا، لە پۆلی یەکەوە تا پۆلی هەشت دەرنەچوون نییە. بەڵکو مامۆستا زانست و توانای بەهرەمەندی قوتابی هەڵدەسەنگێنێت و لە (دیداری گەشە) دا، ساڵی دووجار، لەگەڵ قوتابی و دایکوباوکیدا باسی لێ دەکرێت. لە دیدارەکەدا، مامۆستا و قوتابی و دایکوباوک پێکەوە لە سەر بەرنامەیەکی ئیشکردن، بە دیاریکردنی ئامانج و چۆنێتی شێوەی ئیشکردن ڕێکدەکەون. لە دیداری داهاتوودا، بە سەر ئەم بەرنامەیەدا دەچنەوە و هەموو ئەو ئامانجانە دیاری دەکرێن کە قوتابی پێیگەیشتووە و ئامانجی نوێ دەستنیشان دەکرێت.

قوتابخانە دەبێت ساڵی دووجار دیداری گەشە، بە ئامادەبوونی مامۆستای سەرپەرشتیار لەگەڵ قوتابی و دایکوباوکیدا، جارێک لە ناوەڕاستی کۆرسی پاییزدا و جاری دووەمیش لە ناوەڕاستی کۆرسی بەهاردا، ڕێکبخات.

لە هەموو پۆلێک یەک تا دوو مامۆستا دەبێتە سەرپەرشتیار. واتە مامۆستایەک کە لە پۆلەکەدا وانە بڵێتەوە. ئەم مامۆستایەش دەبێتە سەرپەرشتیار و بەرپرسیاری15 تا 30 قوتابی.

ئەرکی مامۆستای سەرپەرشتیار

- پشتگیریکردن و یارمەتیدانی قوتابی لە خوێندندا
- پەیوەندیکردن بە دایکوباوکی قوتابیەوە ئەگەر گرفتێک یا کێشەیەک هەبوو.
- ئاگادارکردنی دایکوباوک لە ئەنجامەکانی خوێندنی قوتابی
- بینینی دایکوباوکی قوتابی لە دیداری گەشەدا.

هەروەها هەر کۆرسەی دوو جار، لە کۆبوونەوەی تایبەتیدا، لە ژێر ناوی کۆنفرانسی پۆل، بە ئامادەبوونی هەموو ئەو مامۆستایانەی کە لە پۆلەکە دا وانە دەڵێنەوە لە گەڵ بەڕێوەبەر یا جێگری بەڕێوەبەردا، باس لە ئاست و توانای یەکە یەکەی قوتابیەکان دەکرێت. ئەگەر قوتابیەک پێویستی بە یارمەتی و پشتگیری زیاتر بێت، لە کۆبوونەوەکەدا بڕیاری لە سەر دەدرێت.

لە پۆلەکانی یەک تا چواری سەرەتایی، یەک مامۆستا بەرپرسیارە لە وانەکانی زمانی سویدی، ماتماتیک، وێنە، کۆمەڵایەتی و زانیاری سروشت. زۆربەی کات لە پۆلی یەک و دوو دا هەمان مامۆستا وانەی مۆسیقا و وەرزشیش بە منداڵەکان دەڵێتەوە. (لە پەیمانگای مامۆستایاندا، بەشی مامۆستایی بۆ مامۆستای 1 تا 7 ، مامۆستای 4 تا 9 یا ئامادەیی هەیە). دیارە ئەو ساڵانەی یەکەم زۆر گرنگە کە ژمارەی ئەو مامۆستا و گەورەساڵانەی کە منداڵەکان پەیوەندیان پێیانەوە هەیە، کەم بن. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە مامۆستاکان پەیوەندییەکی بەهێز و باشیان لە گەڵ منداڵەکاندا هەبێت، دەرئەنجامەکەشی بوونی ژینگەیەکی فێرکاری دڵنیاو ئارامە بۆ منداڵەکان.

لە هەموو قوتابخانەیەکی سەرەتاییدا، بە شێوەیەکی گشتی مامۆستاکانی پۆلەکانی سفر تا پێنج تیمێکی کار دروستدەکەن، هەفتەی یەک جار، بۆ باسکردن و تاووتوێکردنی ئەو پرس و کێشانەی کە تایبەتە بە قوتابیەکانی ئەو پۆلانە، کۆدەبنەوە. بە شێوەیەکی گشتیش کاری ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی پۆلەکانی سفر تا پێنج، بەڕێوەبەرێک یا جێگری بەڕێوەبەرێک لێی بەرپرسیارە.

مامۆستاکانی پۆلەکانی شەش تا نۆش تیمێکی کار دروستدەکەن. ئەگەر لە قوتابخانەیەکدا لە یەک پۆلی شەش تا نۆ زیاتر هەبێت، ئەو کاتە بۆ نموونە پۆلی شەشی A تا نۆی A پێکەوە تیمێک دروستدەکەن، بە مەرجێک ئەو مامۆستایانە هەموویان ئەو پۆلانەیان بە لایەنی کەمەوە لە وانەیەکدا هەبێت. بەم شێوەیە مامۆستاکانی پۆلەکانی شەشی B تا نۆی B ش تیمی خۆیان دروستدەکەن. ئەم تیمانە هەفتەی جارێک بۆ ماوەی دوو کاتژمێر کۆدەبنەوە و هەموو پرس و کێشەیەک کە پەیوەندی بە قوتابیانی ئەو پۆلانەوە هەبێت تاووتوێ دەکەن.

بۆ یەکەمجار قوتابی لە پۆلی هەشتدا نمرە وەردەگرێت. لە پۆلی هەشت و نۆدا (کە بەرامبەر دوو و سێی ناوەندی کوردستانە) لە سەر توانای زانستی و بەهرەمەندی قوتابی نمرە دادەنرێت. نمرەی کۆتایی ساڵ پەیوەستە بە توانای قوتابیەکە لە هەموو ساڵی خوێندنەکەدا. قوتابی لە پۆلی نۆ دا بەو نمرانەی کە لە ماوەی ساڵی خوێندنی پۆلی نۆ دا بە دەستی هێناون داوای پرۆگرامێک (بەشێک) لە ئامادەیی دەکات.

لە قوتابخانەی سەرەتاییدا، دایکوباوکان ئەنجومەنی خۆیان دروستدەکەن. هەر پۆلەی دوو نوێنەری خۆی لە دایکوباوکان هەڵدەبژێرێت و ئەم نوێنەرانەش پێکەوە دەستەیەکی کارگێڕ پێکدەهێنن. دەستەی کارگێڕ پەیوەندی ڕاستەوخۆی لە گەڵ بەڕێوەبەری قوتابخانە هەیە و مافی ئەوەیان هەیە کە لە هەموو ئەو کۆبوونەوانەدا، کە پەیوەندی بە بودجە و دامەزراندنی مامۆستا و شێوەی ڕێکخستنی پۆلەکانەوە هەیە، بەشداربێت.

سیستەمی نمرە دانان لە پۆلی هەشت و نۆدا، لە چوار پلەی جیاوازدا دەردەکەوێت، دەرنەچوون، دەرچوون، باش دەرچوون و زۆرباش دەرچوون. ئەو نمرانەی کە قوتابی لە پۆلی سێدا داوای پرۆگرامێکی تایبەتی ئامادەیی پێدەکات، وەردەگێڕدرێت بۆ ژمارە. نمرەی دەرچوون بەرامبەر 10 خاڵە، نمرەی باش دەرچوون بەرامبەر 15 خاڵە و نمرەی زۆرباش دەرچوون بەرامبەر 20 خاڵە. ژمارەی وانەکانی پۆلی نۆ شانزدە وانەیە. گەر قوتابیەک هەموو نمرەکانی زۆرباشدەرچوو بێت، ئەوە سەرجەم کۆی خاڵەکانی 320 خاڵ دەبێت.

**قۆناغی ئامادەیی**

کۆمەڵی سەردەم و بازاڕی کار پێویستی بە کەسانی خوێندەوار و شارەزا هەیە. لە وڵاتێکی وەک سویددا، بە بێبوونی بڕوانامەی ئامادەیی، دەستکەوتنی کار زۆر سەختە. هەرچەندە قۆناغی ئامادەیی ئارەزوومەندانەیە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی هەموو قوتابیەک دەچێتە ئامادەیی.

خوێندنی ئامادەیی لە هەموو پرۆگرامەکاندا سێ ساڵە. لە ئامادەییدا 17 پرۆگرامی میللی جیاواز هەیە. ژمارەی پرۆگرامەکان بە ڕێژەیەکی لە بەرچاو زۆرن. پرۆگرامی زانستی و وێژەیی تیۆرییە و خوێندکار ئامادەی خوێندنی باڵا دەکات. کۆمەڵێک پرۆگرامی پیشەییش هەیە کە قوتابیان پاش سێ ساڵی خوێندن ئامادەی بازاڕی کار دەکات. هەروەها لەم پرۆگرامانە دا، بوار بۆ خوێندکاران هەیە کە ئەو وانانەی پێویستن بۆ خوێندنی باڵا هەڵیبژێرێن بۆ ئەوەی، گەر ویستیان، بتوانن لە زانکۆ و پەیمانگاکان، بخوێنن.

**پرۆگرامە میللیەکان**

1. **پرۆگرامی زانستی**

- بەشی ماتماتیک
- بەشی کۆمپیوتەر
- بەشی زانستی ژینگە
- بەشی زانستی

**2. پرۆگرامی ویژەیی**

- بەشی ئابووری
- بەشی کولتوری
- بەشی زانستی کۆمەڵگا
- بەشی زمان

**3. پرۆگرامی کارەبا**

- بەشی ئەلەکترۆنی
- بەشی تەکنیکی کارەبا
- بەشی تەکنیکی کۆمپیوتەر

**4. پرۆگرامی دروستکردن(بینا)**

- بەشی خانوودروستکردن
- بەشی بۆیەکردن
- بەشی چاکردنی لەوح

**5. پرۆگرامی وزە**

- بەشی تەکنیکی چاکردن
- بەشی تەکنیکی کەشتی
- بەشی تەکنیکی گەرمی و ساردی

**6. پرۆگرامی منداڵ و کاتی ئازاد**

- بەشی کاتی ئازاد
- بەشی پەروەردەیی
- بەشی کاری کۆمەڵایەتی

### 7. پرۆگرامی هونەرەجوانەکان

- بەشی وێنە و شێوەکاری
- بەشی سەما
- بەشی مۆسیقا
- بەشی شانۆگەری

### 8. پرۆگرامی ئۆتۆمبیل و لۆری و فرۆکە

- بەشی تەکنیکی فرۆکە
- بەشی تەکنیکی ئۆتۆمبیل
- بەشی تەکنیکی لۆری.

### 9. پرۆگرامی کاریدەست

- بەشی جۆرەها پیشەی ئیشیدەست.

نموونە

- دارتاشی

### 10. پرۆگرامی هوتێل و ریستۆرانت

- بەشی هۆتێل
- بەشی ریستۆرانت و خزمەتگوزاری ژەمەکان

### 11. پرۆگرامی پیشەسازی

- جۆرەها بەشی ناوچەیی

نموونە

- تەکنیکی دروستکردن و بەرهەمهێنان

### 12. پرۆگرامی خواردەمەنی

- جۆرەها بەشی ناوچەیی

نموونە

زانستی نانکردن و ئیشی هەویر

**13. پرۆگرامی میدیا**

- بەرهەمی میدیا و تەکنیکی چاپکردن.

**14. پرۆگرامی کشتیاری**

- جۆرەها بەشی ناوچەیی

نموونە

- کشتوکاڵ
- ئاژەڵداری

**15. پرۆگرامی خزمەتکردنی نەخۆش و برینپێچی**

- جۆرەها بەشی ناوچەیی

نموونە

پەرسداری ددان

هۆکاری ژیانی مرۆڤ و خزمەتگوزاری

**16. پرۆگرامی تەکنیک**

- جۆرەها بەشی ناوچەیی

نموونە

- تەکنیکی کۆمپیوتەر
- تەکنیکی دیزاین

**17. پرۆگرامی بازرگانی و ئیداری**

- بەشی بازرگانی و خزمەت
- بەشی تۆریزم و گەشت و گوزار

بۆ ئەوەی قوتابی لە یەکێک لەو پرۆگرامانە وەرگیرێت، دەبێت لە وانەکانی سویدی، ماتماتیک و ئینگلیزیدا نمرەی دەرچووی هەبێت. ئەگەر قوتابیەک ئەم مەرجەی تێدا نەبوو، ئەوە لە پرۆگرامێکی تایبەتی، پرۆگرامی

تاکەکەسی وەردەگیرێت. لەم پرۆگرامەدا ئەو وانانەی، کە لە پۆلی سێی ناوەندیدا سەرکەوتنی تێدا بە دەستنەهێناوە، دەیخوێنێت. بۆ ساڵی دوای ئەو دەتوانێت داوای پرۆگرامێکی میللی بکات.

جگە لەو پرۆگرامانەی کە میللییە و لە هەموو وڵاتدا هەیە، زۆربەی قوتابخانە ئامادەییەکان بە پێی ئارەزووی قوتابیان، پێویستی بازاڕی کار و دیاردەی باوی سەردەم، پرۆگرامی تایبەت و ناوچەیی جیاواز لەوانەی سەرەوە دادەنێن. هەروەها بەشی جیاواز لەو نموونانەی سەرەوە، لە پرۆگرامەکاندا دەکەنەوە، بۆ ئەوەی قوتابیان لەو بوارانەی کە ئارەزوویان لێیە بخوێنن. بۆ نموونە لە پرۆگرامی زانستیەوە، بەشی مۆسیقا وەک بەشێکی تایبەت لە هەندێک قوتابخانەدا دەخوێندرێت.

هەموو قوتابیەک بێ جیاوازی پرۆگرامەکان، لە ماوەی سێ ساڵی خوێندنی ئامادەییدا، دەبێت 2500 خاڵ بخوێنێت. کە بەرانبەر 25 وانەیە لەماوەی سێ ساڵەکەدا. لە کۆتایی ساڵی سێیەمدا داخوازی زانکۆ و پەیمانگاکان بە ئەنجامی خوێندنی ئەم سێ ساڵە دەکات. تاقیکردنەوەی بەکالۆریا لە هیچ بەشێکی قوتابخانەدا نییە.

لە ئامادەیی، هەشت وانەی سەرەکی هەن کە هەموو قوتابیەک، لە هەر پرۆگرامێکدا بێت، دەبێت بیخوێنێت.

ئەو وانانەش ئەمانەن

- ئینگلیزی
- وانەی هونەرە جوانەکان (مۆسیقا، وێنە، سەما، دراما)
- وەرزش و تەندروستی
- ماتماتیک
- سروشتناسی
- زانستی کۆمەڵایەتی
- سویدی
- زانستی ئایین

ئەم وانە سەرەکیانە بە هەموویان 750 خاڵ پێکدەهێنن.

تکایە بڕوانە خشتەی وانەکان.

نەخشەی بەرنامەی کات لێرەدا نموونەیەکە لە بەڕێوەبردنی پرۆگرامێک لە یەک قوتابخانەدا. هەر قوتابخانەو پرۆگرامێک، سەربەخۆ نەخشەی خۆی ڕێکدەخات. لە ڕێکخستنی نەخشەی ساڵی خوێندنی قوتابخانەیەکدا، تەنیا قوتابخانەکە، لە دانانی بەرنامەو کاری خۆی، بەرپرسیارە. واتە ناناوەندیەکی تەواو کاری پێدەکرێت. بەڕێوەبەر بەرپرسی سەرەکی کارەکانە، بەڵام لە هەموو کارێکدا ڕاوێژ بە ئەنجومەنی مامۆستایان و شورای قوتابیان دەکات.

هەموو پرۆگرامێک تایبەتێتی خۆی، لە ڕێگای وانە تایبەتیەکانەوە، وەردەگرێت. بۆ نموونە لە پرۆگرامی زانستی، ئەو وانانەی کە تایبەتێتی بە پرۆگرامی زانستی دەدات، وانەکانی ماتماتیک کۆرسی B، C و D ، فیزیک، کیمیک، بایۆلۆجی، ئینگلیزی B ، زمانە بیانیەکان و مێژووە.

وانەی هەڵبژێردراو ئەو وانانە دەگرێتە خۆ کە قوتابخانە بە لایەوە گرنگە قوتابی، بە پێی ئەو بەشەی کە هەڵیبژاردوە، بیخوێنێت. بەڕێوەبەری قوتابخانە بە ڕاوێژکاری لە گەڵ مامۆستاو قوتابیدا، بڕیار دەدات چ وانەیەک ببێتە وانەی هەڵبژێردراو. بۆ نموونە قوتابی لە بەشی ماتماتیک و کۆمپیوتەر لە پرۆگرامی زانستی دا، دەرفەتی بۆ دەڕەخسێت کە لە وانەکانی ماتماتیک و کۆمپیوتەر دا قووڵبێتەوە.

هەموو قوتابیەک بۆی هەیە کۆمەڵێ وانە، بە کۆی 300 خاڵ، هەڵبژێرێت. ئەو وانانەی سەرەوە لە ژێر ناونیشانی (وانەی هەڵبژێردراوی تایبەتی) تەنیا چەند نموونەیەکن. قوتابخانە کۆمەڵێک وانە دەخاتە بەردەست قوتابیان، تا قوتابیەکان خۆیان هەڵیبژێرن.

هەموو قوتابیەک دەبێت لە ساڵی سێیەمی ئامادەییدا (پۆلی شەشەمی ئامادەیی) پرۆژەیەک بەرهەم بهێنێت. قوتابی، بابەتێک کە پەیوەندی بە پرۆگرامەکەیەوە هەبێت، پاش ئەوەی کە مامۆستاکەی پەسەندی دەکات، هەڵدەبژێرێت. لە پۆلی دوو دا قوتابیەکان زانیاری لە سەر چۆنێتی کاری پرۆژەکە وەردەگرن. هەموو قوتابییەک پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە مامۆستایەکەوە، بۆ ڕێگاپیشاندان و ڕێنمایی کردن، دەبێت.

لە قوتابخانەی ئامادەییدا مامۆستاکان دوو جۆر تیم دروستدەکەن، جۆرێکیان لە سەر بنچینەی پرۆگرامەکان، واتە ئەو مامۆستایانەی کە زۆربەی وانەکانیان لە پرۆگرامێکی تایبەتییە پێکەوە تیمێک دروستدەکەن، مانگی جارێک پێکەوە کۆدەبنەوە. هەموو ئەو پرس و چالاکی و کێشانەی کە پەیوەندی بە قوتابییەکانی ئەو پرۆگرامەوە هەیە، باسی لێدەکرێت و تاووتوێ دەکرێت. شێوەی تیمەکەی تر لە سەر بنچینەی وانەکانە، واتە مامۆستاکانی وانەی بۆ نموونە ماتماتیک، پێکەوە لەم تیمەدا بە لایەنی کەمەوە مانگی جارێک کۆدەبنەوە. ئەو پرسانەی کە پەیوەندی بە وانەی ماتماتیکەوە هەیە وتووێژی لە سەر دەکەن. بۆ ئەوەی هەموو کارمەندێکی قوتابخانەکە ئاگاداری بەرنامەی پرۆگرام و وانەی خۆی بێت، هەر لە سەرەتای ساڵدا، هەموو ساڵی خوێندنەکە دابەشدەکرێت. بڕیار دەدرێت کە لە مانگێکدا بۆ نموونە دووشەممەیەک بۆ کۆبوونەوەی پرۆگرام، دووشەممەیەک بۆ کۆبونەوەی وانەکە، دووشممەیەک بۆ کۆبونەوەی بەڕێوەبەر لە گەڵ هەموو کارمەندانی قوتابخانەکە، تەرخان بکرێت.

### کۆتایی

ئەمە بە کورتی باسێکە لە سەر شێوەی بەرنامەڕێژی و ڕێکخستنی قوتابخانەکان لە وڵاتی سویددا. زۆر گرنگە ئێمەی کورد سوود لە سیستەمی دیموکراتی ئەوروپای ڕۆژئاوا وەرگرین، نەک لە وڵاتانی عەرەبی کە بە هیچ شێوەیەک دیموکراتی و ناناوەندیتی لە سیستەمەکانیاندا نییە.

سیستەمی فێرکاری لە کۆمەڵگای سویددا، وەک هەر کۆمەڵگایەکی تری ئەوروپای ڕۆژئاوا هەمیشە هەڵدەسەنگێنرێت و ئەنجامی سالانە، لە پێناوی باشترکردن و گەشەپێدانی، لە گەڵ وڵاتانی تردا بەراورد دەکرێت.

هەنگاونان بەرەو سیستەمێکی دیموکراتی و مەدەنی کە بناغەکەی لە سەر ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ دامەزرابێت، لە قوتابخانەوە دەستپێدەکات.

«...»

**شێوەی وانەوتنەوە**

سروە نوری ئەزیز

پێشەکی

بۆ ئەوەی کوردستانێکی دیموکرات و پێشکەوتوو بنیات بنێین دەبێت نەوەیەکی سەربەست و بڕوابەخۆبوو پەروەردە بکەین.

بۆ زانینی ئاستی بەرز و نزمی کۆمەڵگایەک سەیری منداڵان و گەنجانی ئەو کۆمەڵگایە بکە. لەم ڕوانگەیەوە مرۆڤ شێوەو ئاستی پەروەردە و فێرکردنی ئەو کۆمەڵگایە تێدەگات، بۆی دەردەکەوێت کە دەسەڵاتدارانی ئەو کۆمەڵگایە چەند و بە چ شێوەیەک گرنگی بە فێرکاری دەدەن.

لە بەرنامەی فێرکاری دەوڵەتی سویددا کە ساڵی 1994 پەرلەمانی سوید بڕیاری لە سەردا و ساڵی 2000 پاشکۆیەکی بۆ زیادکرا، بەم شێوەیە لە لاپەڕەی 5 دا، باس لە ئەرکی قوتابخانە دەکات: «قوتابخانە ئەرکێکی گەورەی لە ئەستۆیە ئەویش گەیاندن و کامڵکردنی ئەو نرخانەی کە ژیانی کۆمەڵەکەمانی لە سەر وەستاوە. ژیانی بەنرخی مرۆڤ، سەربەستی و کەسایەتی تاکەکەس، هاوتایی و هاونرخی هەموو مرۆڤێک، یەکسانی نێوان ژن و پیاو هەروەها هەستی سۆلیداریتی بۆکەسانی بێهێز و چەوساوە».

کۆمەڵگایەک کە لە سەر ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ کۆڵەکەی خۆی دانابێت، ئاشکرایە کە قوتابخانەش لەو کۆمەڵگایەدا دەبێتە شوێنی پەروەردەکردنی مرۆڤی دیموکرات و سەربەست. ئامانجی خوێندن و فێرکردن دەبێت پەروەردەکردنی نەوەیەک بێت کە پێناسەی کەسایەتیەکی بەهێزی لا دروستبێت بۆ ئەوەی لە دوارۆژدا ببێتە ئەندامێکی بەهرەمەندی کۆمەڵ.

ڕژێمی ڕووخاوی بەعس هەر لە سەرەتای گرتنە دەستی دەسەڵاتەوە کەوتە پەروردەکردنی منداڵان و لاوان بە سیاسەتی شۆڤێنانەی خۆی. منداڵانی قوتابخانەکانیان لە گۆڕەپانی شارەکاندا کۆدەکردەوە و تۆوی زەبروزەنگ و ڕق و کینەیان لە دەروونیاندا دەڕواند. فێریان دەکردن کە بە هیچ شێوەیەک لە وتەوکرداری حیزبی بەعس و سەرۆکەکەی، گومان نەکەن.

جێگای سەرسوڕمان نییە کە بە جارێک سەدهەزار سەربازی عەرەب بەشدار دەبوون لە کوشتن و لە ناوبردنی هەزارەها منداڵ، ژن، پیرو لاوی کورد بە بێ ئەوەی یەکێک لەو سەربازانە بەرهەڵستییەک

بەرامبەر ئەو کارە تیرۆریستی و دژ بە مرۆڤایەتییە نیشان بدات. قسەکانی سەدام فەرهەنگی وەزارەتی پەروەردەی ئێراق بوو. ڕژێمی بەعس نەوەیەکی لە سەر بناغەی درۆ و بڕوانەبوون بە کەسایەتی خۆی، پەروەردەکرد. ئەمەش لە هەموو بوارەکان و ئاستەکانی خوێندندا ڕەنگی دابۆوە.

ئەمڕۆ لە کوردستان بۆ ئەوەی بتوانرێت نەوەیەک لە سەر بناغەی بڕوا بە خۆبوون، ڕاستگۆیی و دڵسۆز بە خاک و نیشتمان پەروەردەبکرێت دەبێت گۆڕانکاری گەورە لە سیستەمی خوێندندا بکرێت.

زۆر گرنگە کە هەر لە منداڵییەوە منداڵان فێربکرێن و ڕابهێنرێن لە سەر سەربەستی و ئازادی لە ژێر بەرپرسیاریدا. ئازادی مەبەست لەوە نییە کە هەر کەس چی بیەوێت یا بخوازێت بیکات واتە هەموو تاکەکەسێک دەبێت هوشیار بێت بەوەی کە هەمیشە لێپرسینەوە هەیە.

**شێوەیەک لە شێوەکانی وانەوتنەوە**

سەرەتای دەستپێکردنی قوتابخانە

پۆلی یەکەمی سەرەتایی

- ژمارەی قوتابیان: 25 – 30 قوتابی. ژمارەی کچ و کوڕ تا دەکرێت بە یەکسانی دابەشبکرێت لە پۆلدا.

- ڕێکخستنی شێوەی دانیشتنی قوتابیان: زۆر گرنگە لە ماوەی ساڵی خوێندندا چەند جارێک شوێنی قوتابیەکان بگۆڕدرێت. لە سەرەتای ساڵدا گرنگە مێزەکانی پۆلەکە وا ڕێکبخرێت کە لە کاتی دانیشتندا قوتابیەکان هەموویان یەکتر ببینن، پاشان دەکرێت بۆ نموونە چوار چوار یا پێنج پێنج مێزەکان بنووسێنرێن بە یەکەوە. زۆر گرنگە کە بیر لە هاوسەنگی کچ و کوڕ لە گروپەکاندا بکرێتەوە. لێرەدا گرنگە پرسیار لە منداڵەکان بکرێت کە ئایە حەزدەکەن لای چ هاوڕێیەکیانەوە دانیشن. گرنگە گوێ لە بیرو بۆچوونی منداڵەکان بگیرێت.

- پێشوازی کردنی منداڵەکان: بە ماوەیەک پێش دەسپێکی قوتابخانە ئاگاداری منداڵان و خێزانەکانیان بکرێت کە چ ڕۆژێک قوتابخانە دەستپێدەکات. بەرنامەی تایبەتی بۆ یەکەم ڕۆژی قوتابخانە ئامادە بکرێت. گرنگە لەم ڕۆژەدا دایکوباوکان ئامادە بن. دەکرێت بەرنامەیەکی خۆش، لە شێوەی ئاهەنگێگی بچووکدا بۆ ئەم ڕۆژە ئامادە بکرێت. لەم ڕۆژەدا ناوی منداڵەکان دەخوێندرێتەوە و مامۆستاکان خۆیان دەناسێنن. پاشان کۆکردنەوەی قوتابیەکان بۆ نموونە لە باخچەی قوتابخانەدا و وتنی وتەیەک، لە لایەن بەڕێوەبەری قوتابخانەوە بە بۆنەی ساڵی خوێندنی نوێوە.

- لە سەرەتای قوتابخانەدا، واتە تا نزیکەی مانگێک کتێب دابەش نەکرێت و دەستنەکرێت بە خوێندنی ئەلفوبێ (مەبەست پۆلی یەکەمی سەرەتاییە)، بەڵکو لە گەڵ منداڵەکاندا کار بکرێت بۆ ئەوەی ببنە پۆلێک (گروپێک)، هەستی بەماڵیکردنی پۆلەکەیان تیا دروستبکرێت بۆ ئەوەی لە پۆلەکەیاندا و لەگەڵ هاوپۆلەکانیاندا هەست بە دڵنیایی بکەن.

- ناوی منداڵەکان بنووسرێت هەر لە سەرەتاوە، هەر یەکە بینووسێنێت بە مێزەکەی خۆیەوە.

- منداڵەکان وێنەی خێزانەکانیان بکێشن، ناوی ئەندامانی خێزانەکەیان، ناوی گەڕەکەکەیان بنووسن (بەیارمەتی مامۆستا).

- سەردانی گەڕەکی منداڵەکان بکرێت. گرنگە منداڵەکان خۆیان ماڵەکانی خۆیان پیشانی پۆلەکەیان بدەن. (هەر لە سەرەتاوە لیستەی ناوی منداڵەکان، ناونیشان و ساڵی لە دایکبوونیان ئامادە بکرێت).

- بەکار هێنانی وێنەی منداڵەکان بۆ باسکردنی خێزان، خوشک و برا.

- بەکارهێنانی مانگ و ڕۆژی لە دایکبوونی منداڵەکان بۆ باسکردنی وەرزەکانی ساڵ.

- خوێندنی وانەی ئینگلیزی، لە سەرەتاوە زۆر بە ئاسانی. دەکرێت لە ڕۆژەکانی هەفتە و ناوی منداڵەکان و گۆرانی زۆر ئاسانەوە دەستپێبکرێت.

- کارکردن لە بابەتێکدا کە هەموو وانەکان بگرێتە خۆ.

- لەم قۆناغەدا دەتوانرێت بەرنامەی هەفتانە بۆ قوتابییەکان ئامادە بکرێت. بۆ نموونە: هەر قوتابییەک دەفتەرێکی هەبێت بۆ بەرنامەو پلانی هەفتانە. مامۆستا دەتوانێت لە پێشدا بۆ هەر قوتابییەک بەرنامەی هەفتەکە بنووسێت پاشان منداڵەکان بە کەتیرە بینووسێنن بە دەفتەرەکانیانەوە. ئەم شێوەیە زیاتر بۆ پۆلێک پەسەندە کە جیاوازی هەبێت لە ئاستی زیرەکی منداڵەکاندا. ئەگەر پۆلەکە هەموویان یەک بەرنامەیان هەبێت ئەوە مامۆستا دەتوانێت خۆی لە سەر تەختە، یا لە سەر لاپەڕەی سپی گەورە، (گەر دەست بکەوێت، ئەو کاتە بە درێژایی هەفتەکەش لە بەر چاوی منداڵەکانە) بەرنامەی هەفتەکە هەر لە یەکەم ڕۆژی هەفتەوە بنووسێت و منالەکانیش لە نێو دەفتەرەکانیاندا بینووسنەوە.

- نموونە 3/6 تا 3/11 ماتماتیک: لێکدەرکردن لاپەرە 25 تا 33، کوردی خوێندنەوە لاپەڕ 30 تا 45، سەردانی باخچەی گشتی، کارکردن لە دەفتەری سروشتدا لە سەر بۆ نموونە ئەو گوڵانەی لە باخچە بینیویانە فێربوونی ناوەکانیان، ڕەنگیان، لە چ وەرزێکدا هەن... هتد هەروەها وێنەکردنیشیان.

- ڕۆژێک لە هەفتەدا، بۆ نموونە ڕۆژانی پێنجشەممان بۆ کاری پشکنین و لێکۆڵینەوە تەرخان بکرێت. بە شێوەیەکی گشتی منداڵان حەزیان لە بابەتی پشکنینە. مامۆستا دەتوانێت چەند پێشنیارێک بخاتە

بەردەم منداڵان ئەوان خۆیان حەزیان لە چی کرد لەوەدا کار بکەن. بۆ نموونە پشکنین یالێکۆڵینەوە لە گیانلەبەرێکدا ( هەر منداڵەی گیانلەبەرێک هەڵبژێرێت، بۆ نموونە شێر، ماسی، کەو، پڵنگ... یا هەر گیانلەبەرێکی دیکە بێت). ئەوەی کە گرنگە منداڵەکان بتوانن زانیاری و وێنە پەیدا بکەن لە سەر ئەو باسەی هەڵیدەبژێرن. مامۆستا لە پێشدا پرسیار لە قوتابیەکان بکات کە حەزدەکەن چی بزانن و چی فێربن لە سەر ئەو گیاندارەی کە هەڵیانبژاردوە. لە بەر ڕۆشنایی ئەو زانیارانە مامۆستا کۆمەڵێ پرسیار بنووسێت کە منداڵەکان بۆ وەڵامەکەی بگەڕێن لە سەرچاوەی جیاوازەوە. پاشان لە دوای تەواو بوونی لێکۆڵینەوەکەیان کارەکانیان لە پۆلدا هەڵواسرێت یا دابنرێت. پشکنین لە سەر گیانلەبەرێک چەند پێنجشەمەیەکی دەوێت. پاشان دەتوانن لە بابەتێکی تردا لێکۆڵینەوە بکەن. کە نزیک بێت لەو جیهانەی منداڵەکان تیایدا دەژین.

- هەروەها منداڵەکان دەفتەرێکی تایبەتیان هەبێت، دەتوانن ناوێکی تایبەتی بۆ ئەم دەفتەرە بدۆزنەوە، ناوێکی ئاسان، بۆ نموونە (دەفتەری نهێنی، یا دەفتەری ن، یەکەم پیتی وشەی نهێنی) ئەم دەفتەرە دەتوانرێت بە دوو هەفتە جارێک بەکار بهێنرێت. نموونە: ئەرکێک بدرێت بە منداڵان. لە سەرەتاوە، واتە یەکەم ئەرکی ماڵەوە: مامۆستا لە سەر چواریەکی لاپەڕەیەک بە دوو یا سێ دێڕ چەند پرسیارێک بۆ منداڵەکان بنووسێت: (کەی لە دایک بووی، لە کوێ، خێزانەکەت چەند کەسە، حەزت لە چ یاریەکە... پاشان وێنەیەکی خۆت بنووسێنە بە لاپەڕەکەوە). ئەم دەفتەرە منداڵەکان لە گەڵ خۆیاندا دەیبەنەوە بۆ ماڵەوە مۆڵەتی سێ تا چوار ڕۆژیان دەدرێتێ بۆ کردنی ئەم ئەرکەیان. پاشان مامۆستا دەفتەرەکان کۆ دەکاتەوە سەیریان دەکات چەند وشەیەک بۆ منداڵەکان دەنووسێت کە هەمیشە کاری هەبێت بۆ بەهێزکردنی هەستی بڕوا بەخۆبوونیان. بەم شێوەیە دوو هەفتە دوای ئەمە ئەرکێکی تر بدرێت بە منداڵەکان لە سەر بابەتێکی تر کە منداڵەکان بە لایانەوە خۆش بێت، نموونە لە سەر هاورێ، هاوڕێی باش ئەبێ چۆن بێت، یا ئەگەر هاورییەکت نهێنیەکی لای تۆ درکاند چۆن پارێزگاری دەکەیت و بۆچی... دیارە بابەت زۆرە و ئەو مامۆستایانەی کە لە گەڵ پۆلێکی تایبەتدا کاردەکەن، زیاتر شارەزای منداڵانی ئەو پۆلە دەبن و لە دنیای ئەوانەوە دەتوانن بابەت بهێنێن. زۆر گرنگە ئەو دیاردانەی کە لە کۆمەڵی کوردیدا ڕووئەدات، یا بەرنامەیەکی تەلەفیزیون کە منداڵەکان ئاگاداری بن و بگونجێت لە گەڵ تەمەن و جیهانی ئەواندا، هەوێنی ئەو پرسیارانە بن کە مامۆستا وەک ئەرکی ماڵەوە دەیدات بە منداڵان. ئەم دەفتەرە بە بەردەوامی لە گەڵ تەمەن و پۆلی منداڵەکاندا دەبێ بگونجێنرێت. کۆتایی ساڵی یەکەم دەفتەرەکە لە قوتابخانەدا دەمێنێتەوە، لە ساڵی دووەمدا بەردەوام مامۆستا دەچێتەوە سەری و بە هەمان شێوە ئەرکی ماڵەوە دەدات بە منداڵەکان. ئەوەی کە بەلای منداڵەکانەوە خۆشە کە خۆیان هەمیشە پێشکەوتنی خۆیان دەبینن، ئەم دەفتەرە لە گەڵ منداڵەکاندا دەتوانرێت تا پۆلی چوار بەردەوام بێت.

- دانانی ڕۆژێک لە هەفتەدا بۆچوونە دەرەوە، ڕۆژی سروشت. زۆر گرنگە لە دوای سەردانی شوێنە جیاوازەکان منداڵەکان لە دەفتەری سروشتدا لە سەر ئەو ڕۆژو چوونە دەرەوەیە کار بکەن. هەروەک لە

سەرەتادا نووسیبووم. گەر لە سەرەتادا منداڵەکان بە کەمی باس لەو ڕۆژە بکەن ورد ورد دەتوانن زیاتر بنووسن.

- نامەی هەفتە: هەموو ڕۆژی پێنجشەمەیەک دەنووسرێت، بۆ ماڵەوە. زانیاری لە سەر ئەو هەفتەیەی کە ڕۆیشتووە، منداڵەکان چییان کردوە، چوون بۆ کوێ، بە کورتی. پاشان زانیاری لە سەر هەفتەی داهاتوو کە چی دەکەن. هەروەها (ئەرکی ماڵەوە) هی ڕۆژەکان لە نامەکەدا دەنووسرێت.

- بۆ ئەوەی دایکوباوک چالاک لە ژیانی قوتابخانەی مناڵەکانیاندا بن، دەتوانن هەر لەو نامەی هەفتانانەدا بینووسن کە کاتێک دەچنە سەیران و سەردانی شوێنە تایبەتیەکان، گەر دایکوباوکێک دەتوانێت و حەزدەکات، دەتوانێت لەو سەیرانەدا بەشدار بێت.

- مەشقکردن لە سەر کۆمپیوتەر. منداڵەکان دەتوانن زۆر لە کاری پشکنین و لێکۆڵینەوە بە یارمەتی کۆمپیوتەر بکەن. دەتوانن لە پڕۆگرامی Paint دا وێنە بۆ کارەکانییان بکێشن و بیبەن بۆ Word. بۆ ئەوەی هەموو منداڵەکان بواری فێربوونیان بدرێتێ دەتوانن خشتە بکەن بۆ بەکارهێنانی کۆمپیوتەرەکان و لە پۆلدا هەڵیواسن، هەر منداڵە خۆی بەرپرسیار بێت لە کاتی زانینی کاتی خۆی.

- هەروەها بۆ کۆتایی هێنان بە هەفتەکە دەتوانن هەموو ڕۆژانی پێنجشەمەیەک، یەک سەعات پێش تەواو بوونی قوتابخانە، (کاتی ئارەزوو) بەرنامەی بۆ دابنرێت، یەک کاتژمێر دانێن بۆ ئەم چالاکیە، ئەمەش منداڵەکان خۆیان بڕیار بدەن کە چی بکەن. بۆ نموونە هەر جارەی منداڵێک یا دوو منداڵ بەرنامەی ئەو کاتژمێرە ڕێک بخات، دەکرێت ئەو منداڵە/ منداڵانە بڕیار بدات/ بدەن کە هەموو پۆلەکە سەیری فیلمێکی منداڵانە بکەن، (دیارە بۆ ئەم مەبەستە دەبێت تەلەفیزیون و ڤیدیۆ هەبێت. هاوکاتیش گەر بکرێت کێک یا بسکیت یا شتێکی خواردن هەبێت ئەوە هەفتەکە خۆشتر کۆتایی دێت.

**ساڵی خوێندنی نوێ/ ساڵی دووەم و ساڵەکانی دیکەی سەرەتایی**

- خۆ ئامادەکردن بۆ ساڵی خوێندن: پێش ئەوەی قوتابیەکان دەستبکەن بە قوتابخانە، گرنگە کە مامۆستاکان ئامادە بن لە کارەکانیاندا. پێشەکی هەموو ئەو مامۆستایانەی کە لە گەڵ هەمان پۆلدا کاردەکەن کۆببنەوە و باس لە بەرنامەکانی کۆرسی پاییز بکەن و بڕیار لە سەر ئەو بابەتانە بدەن کە قوتابیەکان لە کۆرسی پاییز دا، یا هەموو ساڵی خوێندن کاری لە سەر دەکەن. گرنگە کە هەموو

مامۆستاکان یەک پەیامیان بۆ منداڵەکان هەبێت، ئەمەش تەنیا بەوە دەبێت کە پێشەکی مامۆستاکان لە گەڵ یەکتردا وتووێژیان کردبێت.

- زۆر گرنگە کە مامۆستاکان ئامانجیان دیاری بکەن. دەبێت بزانن کە ئامانجیان لەم ساڵی خوێندنەدا چییە. گرنگە کە ئامانج و پلانی ساڵی خوێندن هەمووی بنووسرێتەوە و بە دۆکومێنت هەبێت.

- زۆر گرنگە منداڵەکانی هەمان پۆلی ساڵی پێشوو (واتە ساڵی یەکەمی خوێندن)، بەردەوام بن پێکەوە واتە منداڵەکان لە یەک جیا نەکرێنەوە. لێرەدا مامۆستا، گەر هەر هەمان مامۆستای ساڵی پێشوو بەردەوام بێت پێویستی بە وەختی زۆر نییە بۆ ئەوەی پۆلەکە بکاتە گروپێکی هاوئاهەنگ، بەڵکو منداڵەکان یەکتر دەناسن. بەڵام بۆ ئەوەی دەستپێکردنی ساڵی خوێندن هێمن و ئارام بێت گرنگە کە هەفتەی یەکەم تەرخان بکرێت بۆ چالاکی جۆراوجۆر، بۆ نموونە گفتووگۆ کردن لە بارەی پشووی هاوین، ڕووداوێکی تایبەت کە لە کۆمەڵدا، لە مێدیادا زۆر باسبکرێت (وەک جەژن، هەڵبژاردن، یاری ئۆلۆمپی)، ئامادەکردنی قوتابیەکان بە بیرهێنانەوەی دەستوورو یاساکانی قوتابخانە، هەروەها چۆنێتی مامەڵەکردن لە گەڵ هاورێکانیاندا. دەستوورو یاساکانی قوتابخانە بنووسرێتەوە و لە پۆلدا هەڵبواسرێت. گرنگە منداڵەکان بەو یاساو دەستوورانە ئاشنا بن، پێش هەڵواسینی لە پۆلدا هەموویان پەسەندی بکەن. هەروەها هەر لە ماوەی ئەم هەفتەیەدا لیستی ناوی منداڵەکان بە ڕۆژومانگ و ساڵی لە دایکبوون و ناونیشانیان ئامادەبکرێت و دابەشبکرێت بە سەر منداڵەکاندا.

**چەند ڕاهێنانێک بۆ مەشقکردن لە سەرەتادا**

- ڕاهێنان لە سەر وشە، نموونە : **کوردستان**، کوردستان بە پیتی **ن** کۆتایی هاتووە، وشەی دوای کوردستان دەبێت بە پیتی **ن** دەستپێبکات وەک **نەنک** پاشان وشەی دواییتر بە **ک** دەستپێبکات. واتە ئەو پیتەی وشەکەی پێ کۆتایی دێت، بەو پیتە وشەی دوایی دەستپێدەکات. بەم شێوەیە چەند جارێک دووبارە بکرێتەوە. ئەمە ڕاهێنانێکی باشە بۆ مەشقکردن بە وتنی وشەو هەروەها نووسینی وشەش.

- ڕاهێنان لە سەر پرسیارکردن: بۆ نموونە مامۆستا چەند وشەیەک لە سەر تەختە بنووسێت کە پەیوەندیان بە یەکەوە نەبێت، بەڵام وەڵامی ئەو پرسیارانەی کە دروست دەکرێت لای مامۆستاکە بێت، ئەشتوانرێت هەر بە بەڵێ یا بە نەخێر وەڵام بدرێتەوە. بۆ نموونە: کەرکووک، خوشکوبرا، ڕزگاری....

- پرسیار بۆ ئەم وشانە: تۆ لە کەرکووک لە دایکبووی؟ چەند خوشکوبرات هەیە؟ لە گەڕەکی ڕزگاری دەژیت؟ هتد

- لە ساڵی دووەمدا منداڵان بە شێوەیەکی گشتی دەتوانن بخوێننەوە، لە بەر ئەوە زۆر گرنگە ڕۆژانە بەرنامەی کار لە سەر لاپەڕەیەکی گەورە بنووسرێت و لە پۆلەکەدا هەڵواسرێت. هەروەها هەموو منداڵێک بەرنامەی هەفتانەی خۆی بزانێت. گەر منداڵێک پێش ئەوەی هەفتەکە تەواو ببێت کارەکانی خۆی تەواو کرد، گرنگە کە کاری زیاتری پێبدرێت و هانبدرێت بۆ خوێندنەوەو کارکردنی زیاتر لە وانەی ماتماتێکداو زمانی کوردیدا.

- لە ساڵی دووەمدا منداڵەکان دەتوانن زیاتر کاری پشکنین و لێکۆڵینەوە بکەن. لە سەرەتای ساڵدا مامۆستای پۆل باسی ئەو بابەتە بکات کە منداڵەکان لێکۆڵینەوەی لە سەر بکەن. بۆ نموونە لێکۆڵینەوە لە سەر گەردوون (ڕۆژو زەوی و ئەستێرەکان). ئەم بابەتە زۆر بەرفرەوانە و زۆر لقی لێدەبێتەوە. دەکرێت بکرێت بە چەند بەشێکەوە و هەر دوو مانگ جارێک لە سەر بابەتێک کار بکرێت. زۆر گرنگە مامۆستاکان بەرنامەیەکیان بۆ ئەم کارانە هەبێت. هەفتەی کاتژمێرێک یا دوو کاتژمێر بۆ ئەم کارە تەرخان بکرێت. سەردانی کتێبخانەی گشتی و قەرزکردنی ئەو کتێبانەی کە بۆ ئەم کارانە پێویست دەبێت.

- کارکردن بە شێوەی پرۆژە (تێما) واتە بابەتێکی هەڵبژێردراو (مامۆستاکان بریار ئەدەن چ بابەتێک بێت)، پاشان ئەو بابەتە دەچێتە هەموو وانەکانەوە. بۆ نموونە لەشی مرۆڤ. لە وانەی کوردیدا ڕاهێنان لە سەر خوێندنەوە و نووسین لە سەر لەشی مرۆڤ، لە وانەی ماتماتیکدا ڕاهێنان لە سەر کێش و یەکەکانی (نموونەکانی ماتماتیک لە سەر ئەو شتانە بێت کە پەیوەندی بە لەشی مرۆڤەوە هەیە). لێرەدا حەزئەکەم دەستنیشانی گرنگی کێشەی ماتماتیکی بکەم، زۆر گرنگە کە قوتابیان هەر لە سەرەتاوە فێربکرێن کە ماتماتیک ئامرازێکی، یا یاریدەدەرێکی گرنگە بۆ کارئاسانکردنی ژیانی ڕۆژانەیان. زانیارییەکە کە هەمیشە لە کاری ڕۆژانەدا پێویستیان پێیەتی بۆیە زۆر گرنگە کە نموونەکانی وانەی ماتماتیک پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەبێت لە گەڵ ژیانی ڕۆژانەی منداڵەکاندا. لە وانەی زانیاری و سروشت لە سەر سەوزەو میوە بە شێوەیەکی گشتی خواردەمەنی، هەروەها لە وانەی وەرزش و وێنەشدا دەتوانرێت ئەم تێمایە گرێبدرێت بەو مەشق و ڕاهێنانەی کە قوتابیەکان دەیکەن.

- وانەی ئایین یا زانیاری ئایین : لە سەردەمی ڕژێمی ڕووخاوی دیکتاتۆردا، لە قوتابخانەکاندا زیاتر هەر ئایینی ئیسلام دەخوێندرا. منداڵان پێویستیان بە زانیارییە لە سەر هەموو جۆرە بیروباوەڕێک و هەموو ئایینێک. هیچ ئایینێک لە ئایینێکی تر بەرزتر و باشتر یا خراپتر نییە. هەریەکەیان لە سەردەم و کاتی

جیاواز و پێویستی كاتی خۆی كاریگەری هەبووە. كاری مامۆستا تەنیا زانیاریدانە بە ڕێگایەكی دروست لە سەر ئەو ئایینە جیاوازانە. لە پۆلەكانی سەرەتاییدا پێویست ناكات وانەیەكی سەربەخۆ هەبێت بە ناوی وانەی ئایین. بەڵكو دەتوانرێت لە سەردانەكاندا بۆ شوێنە جیاوازەكان لە كۆمەڵدا، هەفتەیەك سەردانێكی مزگەوت بكرێ، پاشان لە ڕوانگەی سەردانەكەوە بە شێوەیەكی زۆر سەرەتایی و ئاسان باس لەم ئایینە بكرێت، گرنگە مامۆستاكە وەك كەسێكی بێلایەن باسی ئەم ئایینە بكات نەك وەك ئەوەی كە خۆی چۆن باوەڕی پێیەتی، ( تەنانەت ئەگەر خۆیشی ئەندامی پارتێكی ئیسلامی بێت).
هەفتەی دوای ئەوە یان لە كاتی جەژنی سەرساڵ (جەژنی مەسیح دا) سەردانی كڵێسەیەك بكەن و بە هەمان شێوە باس لە ئایینی كریستن یش بكرێت. بەم شێوەیە لە بارەی ئایینی جولەكە و ئایینی ئێزیدی و لە پۆلەكانی بەرزتریشدا مامۆستای مێژوو یا مامۆستایەك كە شارەزایی هەبێت لە سەر بیر وباوەڕی هیندۆیزم و بودیزم و... هتد دەتوانێت ئەم وانەیە وەكو هەریەك لە وانەكانی تر بخوێنرێت.

- گفتوگۆ لە پێناوی گەشەكردن و هاندانی قوتابیاندا : ئەم گفتوگۆ یە لە گەڵ دایكوباوكی قوتابی و هەروەها بە ئامادەبوونی قوتابیەكەش دەكرێت. لە پاییزدا واتە ناوەڕاستی كۆرسی پاییز، بە ماوەیەك پێش نیوەی ساڵ، یەكەم كۆبوونەوە (بینین) بكرێت. پلانێك دابنرێت پێشەكی كە چی باسبكرێت. گرنگە كە قسەكردن و پرسیارەكان ڕووی لە قوتابیەكە بێت. هەروەها ناوەڕاستی كۆرسی بەهاریش. زۆر گرنگە كە مەبەست وپەیامی ئەم گفتوگۆیە بۆ منداڵەكە و دایكوباوكی منداڵەكە باسبكرێت و ڕوونبكرێتەوە. دەبێت مامۆستا هەمیشە هوشیار بێت لە هەڵبژاردنی وشەدا، هەمیشە دەبێت هاندەر و پشتیوانی قوتابیان بێت. گرنگە كە وشەی وا بەكار نەهێنرێت ببێتە هۆی ئازاردانی هەستی قوتابی.

- گرنگە لە پۆلدا هەر منداڵەی شوێنێكی خۆی هەبێت بۆ پارێزگاری كردنی ئەو كتێب و دەفتەرو شتانەی كە لە قوتابخانە هەیەتی. ڕۆژانە منالەكان دەتوانن تەنیا ئەو كتێب و دەفتەرانە بۆ ماڵەوە بەرنەوە كە ئەركی ماڵەوەیان تیایدا هەیە.

- زۆر گرنگە كە هەر لە منداڵییەوە منداڵان فێربكرێن و ڕابهێنرێن لە سەر سەربەستی و ئازادی لە ژێر بەرپرسیاریدا. واتە هەمیشە دەبێت هوشیار بن بەوەی كەهەمیشە لێپرسینەوە هەیە، ئازادی مەبەست لەوە نییە كە هەر كەس چی بیەوێت یا بخوازێت بیكات بەڵكو ئەو منداڵانە لە پۆلێكدان، كۆمەڵێك منداڵ و گەورە ساڵان لە دەوریانن لە قوتابخانەیەكدا، بۆ ئەوەی كارو ئەركی قوتابخانەكە بە ڕێكوپێكی بڕوات بەڕێوە دەبێت هەر كەسە و هەر منداڵە شوێن و ئەركی دیاریكراوی خۆی بزانێت و ڕێزیشی بۆ بەرانبەرەكەی هەبێت.

**شێوەیەکی دیکەی وانەوتنەوە**

**شێوەی BBC**

### شێوەی بە کارهێنانی تەختەی ڕەش Blackboard Configuration, BBC

ئەم شێوەیە بۆ یەکەمجار لە لایەن دکتۆر لۆرەین مۆنرۆ، کە بەڕێوەبەری یەکێک لە قوتابخانەکانی ناوچەی هارلێم بوو لە نیویۆرک، لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا، بەکارهێنرا. ئەمرۆ، (ساڵی 2006) لە چەندەها قوتابخانە لە هەموو ئەمەریکا و چەندەها وڵاتی دیکە لە جیهاندا بەکاردەهێنرێت.

دکتۆر لۆرەین مۆنرۆ سەرۆکی ئامۆژگای لۆرەین مۆنرۆ یە لە نیویۆرک. لە زۆربەی وڵاتانی جیهانەوە مامۆستا و بەڕێوەبەری قوتابخانەکان بۆ شارەزایی پەیداکردن لە سەر ئەم شێوەیە و هەروەها چۆنێتی بەڕێوەبردبی قوتابخانە و کارکردن لە گەڵ گەنجاندا سەردانی ئەم ئامۆژگایە دەکەن.

پاییزی 2003 سەردانی دۆکتۆر لۆرەین مۆنرۆ- م لە نیویۆرک کرد، هەفتەیەک بەشداری دەورەیەکم لە سەر ئەم شێوەی وانەوتنەوەیە کرد کە دکتۆر لۆرەین سەرپەرشتی دەکرد.

**چۆنێتی بەکار هێنانی ئەم شێوەیە**

بەکارهێنانی هەموو ڕووبەری تەختەی ڕەشی پۆلەکە لە لایەن مامۆستاوە.

- سەرەتا نووسینی سەردێڕی وانەکە.
- نووسینی ئەرکی ماڵەوە.
- نووسینی دوو/ سێ پرسیار لە سەر تەختەکە بۆ ئەوەی قوتابیان خۆیان بیری لێبکەنەوە بۆ ماوەی دوو تا سێ خولەک.
- نووسینی ئامانجەکانی ئەو بابەتەی کە لەو وانەیەدا دەخوێندرێت لە سەر تەختەکە.
- باسکردنی بابەتەکە، بۆ نموونە لە وانەی ماتماتیکدا، شیکارکردنی پرسیار لە لایەن مامۆستاوە.
- گەڕاندنەوە بۆ ئەو پرسیارانەی سەرەتا و هاوکات پرسیار کردن لە قوتابیەکان کە چۆن بیریان لێکردۆتەوە.
- کارکردنی قوتابیان سەربەخۆ لە پۆلدا. مامۆستاش لە پۆلدا دەگەڕێت و یارمەتی ئەو قوتابیە/ قوتابیانە دەدات کە داوای یارمەتی دەکەن.

ئەم شێوەیە دەکرێت لە هەموو قۆناغەکان و پۆلەکانی خوێندندا بەکاربهێنرێت.

«...»

**بەرنامەی فێرکاری – بەشی خوێندنی سەرەتایی**

کۆمەک لە سوێدییەوە تەرجەمەی کوردی کردووە

**بەهابنەماییەکان و ئەرکەکانی قوتابخانە**

بەهابنەماییەکان

سیستەمی قوتابخانە لەسەر بناغەی دیموکراتی دامەزراوە. «یاسای فێرکاری» بڕیاری داوە شێوازی چالاکیی قوتابخانە لەگەڵ بنەما دیموکراتیەکاندا هاوئاهەنگ بێت و هەروەهابە پێی هەمان یاسا هەموو ئەو کارمەندانەی کە لە قوتابخانەدا کار دەکەن، دەبێت هاندەر بن بۆ ڕێز گرتن لە کەسایەتی هەموو مرۆڤێک و ژینگەی هاوبەشیان. قوتابخانە ئەرکێکی گرنگی لە ئەستۆیە لە گەیاندن و ناساندنی بەهابنەماییەکان و جێکردنەوەیان لەنێو قوتابیاندا.

پیرۆزیی ژیانی مرۆڤ، ئازادیی و سەربەخۆیی، هاونرخیی هەموو مرۆڤێک، یەکسانیی ژن و پیاو، پشتیوانی لە کەسانی لاواز و گرفتدار – ئەمانە بەهاگەلێکن کە قوتابخانە دەبێ بەرجەستەیان بکات و بڵاویان بکاتەوە. ئەمەش لە ڕێگای پەروەردەکردنی تاکەکەسەوە ڕووەو دادپەروەری، دڵفرەوانی و گرتنە ئەستۆی بەرپرسایەتی دێتە دی.

خوێندن لەقوتابخانەدا نابێت پابەندی هیچ ڕێبازو ئایینێکی تایبەت بێت. ئەرکی قوتابخانە ڕێخۆش کردنە بۆ هەرقوتابیەک بۆ دۆزینەوەی کەسایەتی تایبەتی خۆی. هەر لەم ڕوانگەیەشەوە دەبێت قوتابی لە ژێر هەستی بەرپرسایەتیدا بە ئازادی توانای خۆی، بۆ بەشداریکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی بەکاربێنێت.

**تێگەیشتن و هاومرۆڤایەتی**

قوتابخانە دەبێت بۆ تێگەیشتن و هاوسۆزی لە کەسی بەرانبەر ڕێخۆشکەر بێت. دەبێت پەرۆشی بۆ کەسی بەرانبەر لە کاروباری قوتابخانەدا ڕەنگ بداتەوە. نابێ کەس لە قوتابخانەدا دووچاری سەرکوتکردن بێت. هەموو جۆرەشێوەیەکی هەراسان کردن دەبێ چالاکانە ڕێی لێ بگیرێت. دەبێ بە ڕێگای زانیاری و وتوێژی کراوە و بە هەوڵی چالاکانە بەرەنگاری دوژمنایەتیی بەرانبەر بیانیان و بەرچاوتەسکی ببینەوە.

کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ڕووی لە گۆڕانە. مرۆڤ - کۆمەڵگە و وڵات بەردەوامی لە گۆڕراندایە. ئەمەش داوامان لێ دەکات توانای بەرزمان هەبێت بۆ تێگەیشتن لە بەهاگەلی فەرهەنگی هەمەڕەنگ و بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو بەهاگەلەدا.

هوشیاری دەربارەی فەرهەنگی خۆ و بەشداربوون لە فەرهەنگی هاوبەشدا ناسنامەیەکی ئاسوودە بە مرۆڤ دەبخشێت، کە گرنگە لە گەڵ توانای تێگەیشتن لە بارودۆخی کەسانی دیکە گەشەی پێ بدرێت. قوتابخانە دنیایەکی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیە، هەم دەرفەتی هەیە و هەم بەرپرسیشە لە ڕاهێزانی ئەم توانایە لای هەموو ئەوانەی کاری لێ دەکەن.

**بابەتی و گشتلایەنی**

قوتابخانە، لە ئاست بۆچوونی هەمەجۆردا، دەبێت هەم کراوە و هەم هاندەری دەربڕین بێت. دەبێت گرنگیی هەڵوێست وەرگرتنی کەسی پیشان بدات و دەرفەتی بۆ خۆش بکات. خوێندن دەبێ ئۆبژەکتیف و گشتلایەنی بێت. دایکوباوکان دەبێت بە هەمان دڵنیاییەوە بتوانن منداڵی خۆیان بنێرنە قوتابخانە و دڵنیابن لەوەی کە منداڵەکەیان ناکرێتە لایەنگری بیروباوەڕی جیاواز.

هەموو ئەوانەی کار لە قوتابخانە دەکەن دەبێت داکۆکی لە بەهاگەلی نێو «یاسای فێرکاری» و ئەم «بەرنامەی فێرکاری» یە بکەن و بە ڕوونی خۆ دابڕن لەو بۆچوونانەی کە دژ بە بەهابنەماکانە.

**خوێندنێکی هاوشان**

خوێندن دەبێت بەپێی هەلومەرج و پێداویستی هەر منداڵێک بگونجێندرێت.

دەبێت بە ڕەچاو گرتنی پاشخان، ئەزموونی زووتر، زمان و زانستی منداڵەکان دەرفەت خۆش بکرێت بۆ بەردەوامیی فێربوونیان و تێگەیشتنی زانستیان.

یاسای فێرکاری دیاری کردووە کە خوێندن، لە چوارچێوەی هەر شێوازێکی قوتابخانەدا یا قوتابخانەکان لە هەر شوێنێکی وڵاتدا بن، دەبێت خوێندن تێیاندا هاوشان بێت.

پێوەرەکانی هاوشانەتی لە ئامانجگەلی میللیدا دیاری دەکرێن. خوێندنی هاوشان مانای ئەوە نییە خوێندن لە هەموو جێیەک هاوشێوە بێت. مانای ئەوەش نییە سامانی قوتابخانەکە بە یەکسانی دابەش بکرێت. دەبێ هەلومەرج و پێداویستییەکانی قوتابی ڕەچاو بکرێن. تەنانەت گەیشتن بە هەمان ئامانج، لێرەو لەوێ، ڕێی هەمەجۆری هەیە. قوتابخانە بەرپرسایەتیی تایبەتی هەیە بەرانبەر ئەو قوتابیانەی، لەبەر هەر هۆیەک بێت،

لایان سەختە ئامانجەکانی خوێندن بپێکن. لەبەر ئەوە شێوەی وتنەوەی وانە هەرگیز نابێ بۆ هەمووان هاوشێوە بێت.

قوتابخانە دەبێ ئاگایانە و چالاکانە هاندەر بێت بۆ یەکسانی ژن و پیاو لە بواری مافدا. شێوەی پێشوازی لێ کردن و هەڵسەنگاندنی بەرهەمی کچ و کوڕ لە قوتابخانە، هەروەها ئەو مەرجانەی لەسەریان دادەنرێ و چاوەڕوانییەکی لێیان دەکرێت نەخشی دەبێت لە دروست کردنی بۆچوونیان دەربارەی چەمکی ژنانە و پیاوانە. قوتابخانە بەرپرسە لە بەرەنگاربوونەوەی دیدی نەریتی لەم بوارەدا. لەبەر ئەوە دەبێ مەودا ساز بکات بۆ قوتابیان، چ کچ و چ کوڕ، گەشە بە بەهرە و ئارەزووەکانی خۆیان بدەن.

**ماف و ئەرک**

قوتابخانە دەبێ ئامانجەکانی خوێندن، مەرجەکانی قوتابخانە و هەروەها ئەرکی سەرشان و مافی قوتابی و سەرپەرشتکاری وی بۆ قوتابی و بۆ دایکوباوکیان ڕوون بکاتەوە. ڕوونی و ئاشکرایی هەر قوتابخانەیەک لە ئاستی ئامانج، ناوەرۆک و شێوازی کار پێشمەرجێکە بۆ پیادە کردنی مافی قوتابی و سەرپەرشتکارانیان لە دەسەڵات و گۆڕانکاریدا. بەتایبەتی ئەم مەسەلەیە گرنگە وەک بناغەیەک بۆ ئەو هەڵبژاردنانەی هەر تاکێک، لە قوتابخانەدا، دەیکات.

تەنیا باسکردنی بەهابنەماییە دیموکراتیەکان لە خوێندندا بەس نییە، بەڵکو خوێندن دەبێت بە شێوازێکی دیمۆکراتییانە پیادە بکرێت و قوتابی ئامادە بکات بۆ بەشداربوونێکی چالاکانەی نێو کۆمەڵگە هەروەها دەبێت قوتابی فێر بکات، وەک تاکە کەس، بەرپرسایەتی بگرێتە ئەستۆ.

لە ڕێی بەشداری کردن لە بەرنامەڕێژی و هەڵسەنگاندنی پرۆسەی خوێندنی ڕۆژانەوە، لە ڕێی پیادە کردنی مافی هەڵبژاردنی کۆرس و بابەت و چالاکییەوە، قوتابی فێر دەبێت بەرپرسایەتی بگرێتە ئەستۆ و دەسترۆیی پیادە بکات.

**ئەرکەکانی قوتابخانە**

ئەرکەکانی قوتابخانە ئەوەیە کە بوار بۆ فێربوون خۆش بکات بەوەی قوتابی هان بدات بەدوای زانستدا بگەڕێت. بە هاوکاریی ماڵەوە دەبێت قوتابخانە دەرفەت خۆش بکات بۆ ئەوەی قوتابی ڕووەو مرۆڤێک گەشە بکات کە هەست بە بەرپرسایەتی بکات و خۆی بە ئەندامی کۆمەڵگە بزانێت. دەبێ پەرۆشیی تاکەکەس، خەمخۆری و دڵگەورەیی لە قوتابخانە ڕەنگ بداتەوە. فێرکاری و پەروەردە بە مانایەکی قوڵتر، گەیاندنی فەرهەنگ- بەهابنەماییەکان، نەریت، زمان و زانست — لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکەیە. قوتابخانە دەبێت لە بواری بەرپرسایەتی لە پەروەردە و گەشە کردنی منداڵدا یاریدەری خێزان بێت. کاری قوتابخانە دەبێت بە هاوکاری لەگەڵ ماڵدا بێت.

کاری داهێنەرانە و یاری بەشێکی گرنگی دیکەن لە خوێندنی چالاک. قوتابخانە دەبێت ڕۆژانە بۆ سازکردنی بوار هەوڵ بدات، چالاکی فیزیکی بۆ هەموو قوتابیەک هەبێت.

ئەرکێکی دیکەی قوتابخانە گەیاندنی بەهابنەماییەکان و ڕەخساندنی زەمینەیەکی خوێندنە بۆ قوتابیان بۆ ئەوەی لەو ڕێیەوە ئامادەیان بکات بۆ گوزەران و هەڵسوکەوتی نێو کۆمەڵگە.

زانستگەلێک هەیە داوەستاوە و چوارچێوەی پێوەری هاوبەش پێکدێنێت و بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە پێویستە، قوتابخانە دەبێت ئەمانە بگەیەنێت. قوتابی دەبێت بتوانێت، لە دنیایەکی ئاڵۆزدا کە تێیدا ڕێچکەی زانیاری زۆرن و گۆڕانکاریی تێدا خێرایە، ڕێ بکات. لەبەر ئەوە سوودمەندبوون لە خوێندن و ڕێبازی تازە و بەکارهێنانی زانیاریی نوێ گرنگن. هەروەها گرنگە قوتابی فێر بێت چۆن ڕەخنەگرانە فاکتا و هەلومەرج هەڵسەنگێنێت و دەرئەنجامە هەمەجۆرەکان بدۆزێتەوە. زمان فێربوون گرێدراوی تێگەیشتنی ناسنامەیە. لە ڕێی دەوڵەمەند کردنی دەرفەتی گفتوگۆ، خوێندنەوە و نووسین هەموو قوتابیەک ڕێی بۆ ساز دەکرێت گەشە بە توانای دانوستاندنی خۆی بدات لەوێشەوە بڕوای بە توانای زمانی خۆی بەهێز بێت.

ئەرکێکی گرنگی دیکەی قوتابخانە ئەوەیە وێنەی گشتی و بارودۆخ بخاتە ڕوو. دەبێ دەرفەت بە قوتابی بدرێ دەستپێشکەری بکات و بەرپرسایەتی بگرێتە ئەستۆ. دەبێ ئەو پێشمەرجانەی پێویستن بۆ ئەوەی قوتابی بتوانێت سەربەخۆ کار بکات و کێشە چارە بکات، دابین بکرێن. لە سالانی سەرەتایی قوتابخانە دا، یاری ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لەوەی قوتابی زانست وەربگرێت. لە هەموو خوێندنێکدا گرنگە ڕوانگەیەکی گشتی هەمەجۆر بخرێنە کار.

ڕوانگەی مێژوویی یارمەتی قوتابی دەدات فێر بێت خۆی بۆ دواڕۆژ ئامادە بکات و فێری بیرکردنەوەی دینامیکی (بزۆز) بێت.

ڕوانگەی ژینگەدۆستانە قوتابی فێر دەکات خۆی بە بەرپرس بزانێت لەو ژینگەیەی تێدادەژی و کاریگەریی لەسەرە و هەڵوێستیش بەرانبەر دۆزی گشتی و جیهانگیریی سەر بە ژینگە، وەربگرێت. خوێندن دەبێ ڕوونی بکاتەوە، ژینگەپارێزی، داوای چ گۆڕانکارییەک لە لایەنەکانی کۆمەڵگە و شێوازی کار و ژیان دەکات.

ڕوانگەی نێونەتەوەیی گرنگە هەم بۆ ئەوەی مرۆڤ دنیای خۆی لە چوارچێوەیەکی جیهانگیریدا ببینێتەوە و هەم بۆ ئەوەی هاوکاریی نێونەتەوەیی پیادەبێت، دانوستاندنی چڕی سنووربڕی هەبێ. لەوەش بترازێت، ڕوانگەی نێونەتەوەیی دەبێتە مایەی گەشە کردنی دەرک کردنی فرەفەرهەنگیی نێو وڵاتەکەشمان.

ڕوانگەی ئاکارەکی گرنگە بۆ زۆربەی ئەو دۆزانەی لە قوتابخانە دێنە بەر باس. ئەم ڕوانگەیە دەبێت لە کاروباری قوتابخانە وەها ڕەنگ بداتەوە قوتابی فێری هەڵوێست وەرگرتن بکات.

پێشمەرجێکی ڕێخۆش کردنی فێربوون، کە ئەرکێکی قوتابخانە یە، بوونی گفتوگۆی چالاکانەیە دەرباری چەمکی زانست. کام زانست بۆ ئەمڕۆ و بۆ دوارۆژ گرنگە. تێگەیشتنی زانست چۆنە. هەڵبەت گفتوگۆی وەها پێویستی بە دیدی جیاواز دەربارەی زانست و فێرکاری هەیە.

زانست چەمکێک نییە ڕوون و ئاشکرا بێ. بەڵکو لە شێوازی هەمەجۆردا دێتە بەرباس – بۆ نموونە: فاکتا، دەرک کردن، بلیمەتی و شارەزایی– و ئەم شێوازانەش هاوکاری یەکترن و پێشمەرجی یەکترن. چالاکیی قوتابخانە دەبێ ڕووی لەوە بێ دەرفەت بدات بە شێوازی هەمەجۆری زانست و دەبێ فێرکارییەک بێنێتە کایەوە ئەم شێوازانە تییدا تەراز بن و بەیەکەوە گشتەیەک دروست بکەن و یەکتر تەواو بکەن. قوتابخانە دەبێ هانی تێگەیشتنی هاوئاهەنگی قوتابی بدات. ئەمەش لە ڕێی کۆکردنەوەی ناوەڕۆک و شێوازگەلێکی کار کە هەمەجۆر و تەرازبن. ئەو ئەزموونە هاوکۆیە و ئەو دنیا فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیە قوتابخانە پێکی دەهێنێ دەبنە دروستکاری دەرفت و پێشمەرج بۆ فێربوون و تێگەیشتن کە تێیدا شێوازی هەمەجۆری زانست دەبنە لایەنی جۆراوجۆر لە یەک گشتەدا. کۆبوونەوەی دیدی فێرکارانەی پلە هەمەجۆرەکانی خوێندن دەبێتە مایەی ڕەنگینیی فێربوون و تێگەیشتنی قوتابی.

قوتابخانە دەبێ هانی هەموو قوتابیەک بۆ خوێندن و گەورەبوون لە فەرمانی خۆیدا بدات. لە کاری قوتابخانەدا دەبێ سەرنج بدرێتە ڕێکاری هەم فیکری هەم کردەکی، ڕوحی و جوانناسی. تەنانەت دۆزی تەندروستی و شێوازی ژیانیش دەبێ بەهەند بگیرێن.

قوتابی دەبێت لە دەربڕینی هەمەجۆری زانست ئاشنابن. دەبێت دەرفەتیان بۆ بڕەخسێت فێری دەربڕینی هەمەجۆر بن و تاقییان بکەنەوە، لەگەڵ هەست و دۆخی جۆراوجۆردا هەڵ بکەن. دراما، ئاواز، سەما، مۆسیقا، وێنەکاری، تێکست و شێوەکاری دەبێ بەشێک بن لە چالاکی قوتابخانە. تێگەیشتن و خوێندنی هاوئاهەنگ دەرفەتی ئەزموون، پەیدۆزی، پەیدا کردن و نواندنی زانست و شارەزایی هەمەجۆر دەگرێتە خۆ. دەبێ قوتابی فێری ئافراندن و دروستکردن بکرێت.

### ژینگەیەکی باش بۆ فێربوون

قوتابخانە دەبێت ڕێز لە کەسایەتی و کاری قوتابی بگرێت. قوتابخانە دەبێت هەوڵ بدات ببێتە هاوکۆیەکی زیندووی کۆمەڵایەتیی کە ئاسوودەیی ببەخشێت و ویست و ئارەزووی خوێندن، لای قوتابی، دروست بکات. قوتابخانە لە دەوروبەرێکی پڕ لە سەرچاوەی زانستی زۆردا کار دەکات. دەبێت هەوڵدان بۆ ئەوە بێت کە قوتابی هەموارترین دەرفەتی بۆ گەشە کردنی لە ڕووی بیرکردنەوە و زانستەوە بۆ ساز ببێت. دروستە ئاسوودەیی و بڕوابەخۆ بوون لە ماڵدا دەچێنرێن، بەڵام قوتابخانەیش لەم باسەدا نەخشی گرنگی هەیە. مافی هەموو قوتابیەکە کە لە قوتابخانەدا گەشە بکات و بە سەرکەوتن و چارەسەرکردنی کێشەکان شاد بێت.

**گەشەکردنی قوتابخانە**

دەبێ چالاکیی هەموو قوتابخانەیەک بەرەو ئەو ئامانجەی بۆی دیاری کراوە گەشە بکات. بەرپرسایەتیی جێبەجێبوونی ئەم خاڵە لە ئەستۆی بەڕێوەبەردایە. ڕێبەرایەتیی فێرکاری و بەرپرسایەتیی کارزانانەی مامۆستایان پێشمەرجن بۆ گەشە کردنی قوتابخانە. ئەمەش داوامان لێ دەکات بەردەوام بە ئامانجەکانی خوێندندا بچینەوە، لە بەرهەمەکانیان بپرسینەوە و بیانخەینە بەر هەڵسەنگاندن، ڕێبازی نوێ بێنینە کایەوە و ئەزموونیان بکەین. ئەم کارانەش دەبێ بە هاوکاریی چالاکانەی کارمەندانی قوتابخانە و قوتابیان و بە بەشداریی ماڵ و کۆمەڵگەی دەوروبەر بێت.

**ئامانج و شارێ**

**زانست و زانیاری**

قوتابخانە دەبێت ئەو زانیاریانە بگەیەنێت، کە پێویستن بۆ هەر تاکەکەس و ئەندامێکی کۆمەڵگە. ئەمەش دەبێتە بنەمایەک بۆ بەردەوامی قوتابیان لە خوێندن. قوتابخانە دەبێت پشتیوانی قوتابیان بێت بۆ گەشەکردنێکی هاوئاهەنگ. لە هەموو وانەکاندا مامۆستا دەبێت هەوڵی بۆ ئەوە بێت کە لە کاتی وانە وتنەوەدا هاوسەنگیەک دروست بکات بۆ تێهەڵکێشکردنی زانست بە هەموو شێوازەکانیەوە.

**ئامانج**

ئامانج لێرەدا دوو جۆرن

**ئامانجێک هەوڵی بۆ بدەیت:** ڕووگەی کاری قوتابخانە دیاری دەکات.

**ئامانجێک بیگەیتێ:** ڕادەی هەرە نزمی ئەو زانیاریانە دیاری دەکات کە قوتابی، کاتێک قوتابخانە تەواو دەکات، دەبێ پێی گەیشتبێت. دەرفەت ساز کردن بۆ قوتابی بۆ گەیشتن بەو ئامانجە بەرپرسایەتیی قوتابخانە و بەڕێوەبەری قوتابخانەیە.

**ئامانجێکی هەوڵی بۆ بدەیت**

قوتابخانە دەبێ هەوڵ بدات هەموو قوتابیەک:

- پرسنی و ئارەزووی فێربوونی لا گەشە بکات،
- شێوازێکی فێربوونی تایبەت بۆ خۆی بدۆزێتەوە،

- فێر بێت بڕوا بە بەهرەی خۆی بکات،
- هەست بە ئاسوودەیی بکات و فێر ببێت لە هەڵسوکەوتدا لەگەڵ خەڵک ڕێزی کەسانی دیکە بگرێت،
- فێری پەیدۆزی و لێوردبوون بێت،
- فێری کاری سەربەخۆ و کاری نێو گروپ بێت،
- فێر بێت، سەربەخۆ، لەسەر بنەمای زانست و هەڵسەنگاندنی ئاکارەکی و لۆژیک، بۆچوونەکانی خۆی دابڕێژێت،
- زانیاریی تەواو لە وانەکانی خوێندن و بابەتی وانەکاندا پەیدا بکات بە مەبەستی پێگەیشتن و ئامادەبوون بۆ دواڕۆژ.
- زمانێکی زەنگین و ڕەنگینی هەبێت و نرخی زمانی سەنگین فێر بێت.
- فێر بێت بە زمانی بیانیش دانوستاندن بکات.
- فێر بێت گوێ بگرێت، گفتوگۆ بکات، بەڵگە بێنێتەوە و زانستی خۆی بکاتە ئامرازێک بۆ:
  - داڕشتن و ئەزموونی گریمانە،
  - چارەسەر کردنی کێشە،
  - وردبوونەوە لە ڕووداو،
  - هەڵسەنگاندنی ڕەخنەگرانەی بابەت،
  - هەڵسەنگاندنی ئەو هەڵبژاردنانەی هەیەتی بۆ خوێندن و پیشەی دواڕۆژ.

**ئامانجێک دەبێت بیگەیتێ**

قوتابخانە بەرپرسە لەوەی هەموو قوتابیەک پاش تەواوبوونی خوێندنی سەرەتایی، واتە پۆلی یەکەم هەتا نۆیەم دەبێت:

- زمانی دایکی باش بزانێت. بتوانێت چالاکانە گوێبگرێت و بخوێنێتەوە. بیروبۆچوون بە گوتن و بە نووسین دەربڕێت،
- بیرۆکە بنچیینەکانی ماتماتیک بزانێت و بتوانێت لە ژیانی ڕۆژنەدا بەکاریان بێنێت،
- چەمکە سەرەکییەکانی زانستگەلی بواری سروشتناسی، تەکنیک، کۆمەڵناسی و مرۆڤناسی بزانێت و تێیان بگات،

- فێر بووبێت چێژ لە فەرهەنگی کۆمەڵگە وەربگرێت و بەهرەی ئافراندن تێدا گەشەی کردبێت.
- بەشە سەرەکییەکانی فەرهەنگی نیشتمان و جیهانی تێگەیشتبێت.
- زانیاریی هەبێت دەربارەی زمان، ئایین، فەرهەنگ و مێژووی کەمایەتییەکانی وڵات.
- بتوانێت زانست و شارەزایی بە شێوازی هەمەجۆر وەک زمان، وێنە، مۆسیقا، دراما و سەما دەرببڕێت.
- تێگەیشتنی هەبێت بۆ فەرهەنگی دیکە.
- بتوانێت بە زمانی ئینگلیزی، بە گوتن و نووسین، دانوستاندن بکات.
- بنەماکانی یاسا و ڕێساگەلی نێو کۆمەڵگە بزانێت.
- ماف و ئەرکی خۆی لە قوتابخانە و کۆمەڵگەدا بزانێت.
- زانیاریی هەبێت دەربارەی پەیوەندی دەوڵەتان.
- ئاشنای پێشمەرجەکانی ژینگەی سازگار بێت و پەیوەندییە بناغەییەکانی ژینگەناسی تێبگات.
- ئاشنای پێشمەرجەکانی تەندروستی بێت و پەیوەندی نێوان شێوازی ژیانی خۆی و تەندروستی و ژینگە تێبگات.
- ئاشنای مێدیا بێت و نەخشیان تێبگات.
- بتوانێت تەکنیکی زانیاری IT بۆ گەڕان بەدوای زانستدا بەکار بهێنێت.
- لەو بوارانەی خۆی هەڵی بژاردوون، زانیاریی قووڵی هەبێت

**نۆرم و بەهاگەل**

قوتابخانە دەبێ چالاکانە و ئاگایانە هانی قوتابی بدات و هەوڵی لەگەڵ بدات بۆ تێگەیشتنی بەهاگەلی هاوبەشی ئەم کۆمەڵگەیە و بواریشی بۆ ساز بکات لە هەڵسوکەوتی ڕۆژانەدا دەریان ببڕێت.

**ئامانجێک هەوڵی بۆ بدەیت**

قوتابخانە دەبێ هەوڵ بدات هەموو قوتابیەک:

- فێر بێت لە دەراوی زانست و شارەزایی خۆیەوە هەڵوێستی ئاکارەکی وەربگرێت و دەریببڕێت.
- فێر بێت ڕێز لە کەسایەتی خەڵکی دیکە بگرێت.

- فێر بێت ستەم لە خەڵک کردن و هەڵوێستی مرۆڤشکێن ڕەت بکاتەوە.
- فێر بێت هاوکاریی خەڵکی دیکە بکات.
- فێر بێت بارودۆخی بەرانبەر دەرک بکات و لە ڕەفتاردا بەرژەوەندی ئەوانیش ڕەچاو بگرێت.
- ژینگەی نزیکی خۆی و دۆزی ژینگە بەگشتی، جێی ڕێز و پەرۆشی بن.

**شارێ**

هەموو ئەوانەی لە قوتابخانە کار دەکەن دەبێت

- هاوکاری بکەن بۆ چاندنی هەستی هاوبەشی و هاوکاریی و بەرپرسایەتی لای قوتابی، تەنانەت بەرانبەر کەسانی دوور لە خۆیشی.
- لە چالاکییەکاندا پێشانی بدەن کە قوتابخانە هاوکاریی خەڵکی لەلا مەبەستە.
- چالاکانە بەرەنگاری هەموو ستەم و بەدکارییەک ببنەوە کە ڕووی لە تاک یان گروپ بێت.
- ڕێز لە تاکەکەسی بەرانبەر بگرن و لە هەڵسوکەوتی ڕۆژانەدا دیدێکی دیموکراتیانەیان هەبێت.

**مامۆستا دەبێت:**

- بڕوای بەوە هەبێت کە قوتابی هەم دەتوانێت و هەم دەیەوێت بەرپرسی خوێندنی خۆی و ژینگەی قوتابخانەی خۆی بێت،
- کار بکات بۆ ئەوەی هەموو قوتابیەک، بێ جیاوازیی زایەند یان ئاستی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی، تەواو دەسترۆ بێ لە بوارەکانی دیاری کردنی شێوازی کار و ناوەڕۆکی خوێندن. هەروەها کار بکات بۆ ئەوەی ئەم دەسترۆییە لەگەڵ گەورەبوون و ڕسکاندا زیاد بکات،
- کار بکات بۆ ئەوەی کچ و کوڕ، وەک یەک دەرفەتیان هەبێ و وەک یەک لە خوێندندا دەسترۆبن،
- کارئاسانی بکات بۆ ئەوەی قوتابی بۆی هەبێت شێوازی کاری جۆراوجۆر تاقی بکاتەوە،
- لە کاری بەرنامەڕێژی و هەڵسەنگاندنی شێوازی خوێندندا خوێندکاران بەشداربن،
- قوتابیان ئامادە بکات بۆ بەشداربوون و بەرپرسایەتیی هاوبەش، بۆ ئەو ماف و ئەرکانای لە کۆمەڵگەی دیمۆکراتیدا هەن.

**بەرپرسایەتی و دەسەڵات و کاریگەریی قوتابی**

بنەما دیمۆکراتییەکانی وەک بوونی بواری کاریگەریتی، بەرپرسایەتی لە ئەستۆ گرتن و بەشداربوون، دەبێ هەموو قوتابیەک بگریتەوە. هەتا قوتابی بەرپرسایەتیی زیاتر بێت بەرانبەر کاروباری خۆی و بەرانبەر ژینگەی قوتابخانە و هەروەها بەڕاستی دەستی هەبێت لە داڕشتنی شێوازی خوێندندا، تێگەیشتنی کۆمەڵایەتی و زانستیشی باشتر دەبێت.

«یاسای فێربوون» دیاری کردووە کە هەموو ئەوانەی کار لە قوتابخانە دەکەن دەبێت هەوڵی شێوازی کاری دیموکراتی بدەن.

**ئامانج**

ئامانجێک هەوڵی بۆ بدەیت

قوتابخانە دەبێت هەوڵ بدات هەموو قوتابیەک:

- بەرپرسایەتیی کەسەکی بەرانبەر خوێندنی خۆی و ژینگەی قوتابخانە هەبێت،
- لە بواری خوێندنی خۆی و کاروباری قوتابخانەدا، وردە وردە، دەسترۆیی زیاد بکات،
- زانیاریی دەربارەی بنەماکانی دیموکراتی هەبێت و بە شێوەیەکی دێمۆکراتییانە فێر بێت کار بکات.

**شارێ**

**هەموو ئەوانەی کار لە قوتابخانەدا دەکەن دەبێت:**

هانی ویست و توانای قوتابی بدەن ڕووەو بەرپرسایەتی و دەسترۆیی لە بواری ژینگەی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و فیزیکی قوتابخانەدا.

**مامۆستا دەبێت:**

- بڕوای بەوە هەبێت کە قوتابی دەتوانێت و دەیەوێت بەرپرسی خوێندنی خۆی و ژینگەی قوتابخانەکەی خۆی بێت،
- کار بکات بۆ ئەوەی هەموو قوتابیەک، بێ جیاوازیی زایەند یان ئاستی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی، ڕۆڵی لەبەرچاو و کاریگەری تەواویان لە بوارەکانی دیاری کردنی شێوازی کار و ناوەڕۆکی خوێندندا هەبێت. هەروەها کار بکات بۆ ئەوەی ئەم کاریگەرییە لە گەڵ گەورەبوون و پێگەیشتنیدا زیاد بکات،
- کار بکات بۆ ئەوەی کچ و کوڕ، وەک یەک، بواریان پێبدرێت و کاریگەرییان لە خوێندندا هەبێت،

- کارئاسانی بکات بۆ ئەوەی قوتابی بۆی هەبێت شێوازی کاری جۆراوجۆر تاقی بکاتەوە،
- کاری بەرنامەڕێژی و هەڵسەنگاندنی شێوازی خوێندن لەگەڵ قوتابیاندا بکات،
- قوتابیان ئامادە بکات بۆ بەشداربوون و بەرپرسایەتیی هاوبەش، بۆ ئەو ماف و ئەرکانەی کە لە کۆمەڵگەی دیمۆکراتیدا هەیەتی.

**قوتابخانە وماڵەوە**

بەرپرسایەتیی هاوبەشی قوتابخانە و دایکوباوکی قوتابیە کەپێکەوە، باشترین بوار بۆ گەشە کردن و پێشکەوتنی منداڵ و هەرزەکاران بڕەخسێنن.

**شارێ**

**هەموو ئەوانەی کار لە قوتابخانەدا دەکەن دەبێت:**

لەگەڵ دایکوباوکی قوتابیاندا بۆ پێشخستنی ناوەڕۆک و چالاکیەکانی قوتابخانە هاوکاری بکەن.

**مامۆستا دەبێت:**

- هاوکاریی دایکوباوکان بکات و بەردەوام ئاگاداریان بکاتەوە دەربارەی دەوام کردن و ئاستی زانستانەی قوتابیان.
- ئاگاداری بارودۆخی کەسەکی قوتابی بێت بێ ئەوەی سنووربەزین بکات لە مەسەلەی پاراستنی کەسایەتیی قوتابیەکەدا.

**قوتابخانە و دەورووبەر**

قوتابخانە دەبێت خوێندن لە ئاستێکی بەرزدا پێشکەش بکات. دەبێ بنەمایەکی وەهاش بۆ قوتابی ساز بکات کە بتوانێت خوێندنی داهاتووی خۆی هەڵبژێرێت. بۆ ئەم مەبەستە دەبێت هاوکارییەکی نزیک لە نێوان قوتابخانە سەرەتاییەکان و قوتابخانە ناوەندییەکان هەبێت. جگە لەوەش پێویستە هاوکاری لەگەڵ بازاڕی کار و بەشەکانی دیکەی کۆمەڵگەی دەوروبەر هەبێت.

**ئامانج**

**ئامانجێک هەوڵی بۆ بدەیت**

قوتابخانە دەبێت هەوڵ بدات هەر قوتابیەک:

- ئەوەندە زانیاری پەیدا بکات کە بتوانێت بوارە هەمەجۆرەکانی هەڵبژاردن هەڵسەنگێنێت و لە ئاست ئەو دۆزانەدا کە پەیوەندی بە دوارۆژی خۆیەوە هەیە هەڵوێست وەربگرێت.
- ئاشنای کۆمەڵگە بێت، سەرەدەری لە بەشەکانی کار، کۆمەڵەکان و مەڵبەندە فەرهەنگییەکان بکات،
- زانیاریی هەبێت دەربارەی خوێندنی داهاتووی، چ لە نیشتمان بێت و چ لە هەندەران.

**شارێ**

**هەموو ئەوانەی کار لە قوتابخانەدا دەکەن دەبێت**

- هەوڵ بدەن پەیوەندی لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی کۆمەڵگە وەک کۆمەڵەکان، لایەنی فەرهەنگی و بازاڕی کار بە مەبەستی زەنگین کردنی ڕەوتی خوێندن، پەیدا بکەن.
- کار بکەن بۆ ڕەواندنەوەی ئەو کۆسپانەی سەرچاوە لە زایەند و باری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەوە دەگرن و دێنە ڕێی قوتابی لە هەڵبژاردنی خوێندن و کاردا.

**مامۆستا دەبێت**

- هاوکاریی هەموو قوتابیەک بۆ هەڵبژاردنی خوێندنی داهاتووی بکات،
- یاریدەر بێت بۆ بەستنی پەیوەندی لەگەڵ قوتابخانەی پلەی داهاتوو و لایەنەکانی دیکەی کۆمەڵگە بە مەبەستی زەنگین کردنی چالاکیی قوتابخانە و ناساندنی بە دەوربەر.

**ڕێنیشاندەر لە قوتابخانەدا دەبێت**

- زانیاری و ئامۆژگاری دەربارەی هەنگاوی داهاتوو بداتە قوتابی، بەتایبەتی قوتابینی کەمئەندام،
- لەم بوارەدا، یاریدەری کارمەندانی دیکەی قوتابخانە بێت.

### هەڵسەنگاندن و نمرە دانان

نمرە دانان، پێشانی دەدات کە قوتابی تا چ ڕادەیەک لەو ئامانجانە نزیک بۆتەوە کە »بەرنامەی خوێندن» دیاریکردوە. وەک یاریدەرێک بۆ نمرە دانان «بەرنامەی خوێندن» پێوەری تایبەتی بۆ پێوانی ئاستی هەمەجۆری وانەکان، دەستنیشان کردووە.

### ئامانج

### ئامانجێک هەوڵی بۆ بدەیت

قوتابخانە دەبێت هەوڵ بدات هەموو قوتابیەک

- هان بدرێت بۆ ئەوەی زیاتر هەست بە بەرپرسایەتیی خوێندنی خۆی بکات،
- فێر بێت بەرهەمی خۆی هەڵسەنگێنێ و بەراوردی بکات بە هەڵسەنگاندنی کەسانی دیکە، بە ڕەچاو گرتنی پێشمەرج و بەرهەمەکانی کارەکە.

### شارێ

### مامۆستا دەبێت

- لە ڕێی «دیداری گەشە» ەوە لە گەڵ دایکوباوکاندا، هانی گەشە کردنی ئاساتی زانستی و کۆمەڵایەتی قوتابی بدات،
- بەپێی مەرجەکانی «بەرنامەی خوێندن» ئاستی زانستیی هەموو قوتابیەک هەمەلایەنە هەڵسەنگێنێت و بە گوتن و نووسین قوتابی و ماڵەوە و هەروەها بەڕێوەبەر لەم کارەی ئاگادار بکات.
- ئەوەندەی دایکوباوک داوا بکەن، زانیاری دەربارەی ئاستی زانستی و پێداویستییەکانی گەشە کردنی قوتابی بداتە قوتابی و ماڵەوە،
- لە کاتی نمرەدانانەدا هەموو زانیارییەکی بەردەست دەربارەی ئاستی زانستی قوتابیەکە پەیدا بکات بۆ ئەوەی بە بەراورد لەگەڵ مەرجەکانی «بەرنامەی خوێندن» دا هەڵسەنگاندنێکی هەمەلایەنی لێ دروست بکات.

### بەرپرسایەتیی بەڕێوەبەر

وەک بەرپرسێکی فێرکاری و سەرۆکی مامۆستایان و کارمەندانی دیکەی قوتابخانە، بەڕێوەبەر بەرپرسی یەکەمە لەوەی چالاکییەکانی قوتابخانە ڕووی لە پێکانی ئامانجە میللییە دیاریکراوەکان بێت.

بەڕێوەبەر بەرپرسە لەوەی بەرنامەیەکی کاری تایبەت بە قوتابخانەکە، «بەرنامەی قوتابخانە» بێتە داڕشتن. ئەنجامەکانی قوتابخانە، بە بەراورد کردنیان لەگەڵ ئامانجگەلی میللی و ئامانجەکانی نێو «بەرنامەی فێرکاری» و «بەرنامەی قوتابخانە» بێنە بەر پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندن.

بەڕێوەبەر بەرپرسە لە ئەنجامەکانی کاری قوتابخانە و بەم شێوەیە، لە چوارچێوەی دیاریکراودا، بە تایبەتی بەرپرسیارە لەوەی کە:

- شێوازی کار لە قوتابخانەکەدا ڕووی لەوە بێت ڕۆڵ و کاریگەریی چالاکانەی قوتابیان زیاد بکات.
- ژینگەی قوتابخانە دەبێت یاریدەر و کەرەستەی فێرکاریی باشی - وەک کتێبخانە، کۆمپیوتەر و کالای دیکە - هەبێت بۆ ئەوەی قوتابی بتوانێت خۆی بەدوای زانستدا بگەڕێت.
- وانە گوتنەوە و چالاکیەکانی « شوورای قوتابیان» دەبێت بۆ پشتگیری و یارمەتیدانی قوتابیان بێت هەروەها قوتابی ئەو سوودەی کە پێویستێتی لێی وەربگرێت.
- گەر کێشە و کۆسپ بۆ قوتابی پەیدا بێت، پەیوەندی نێوان ماڵ و قوتابخانە ساز بکات.
- قوتابخانە بەرنامەی، بۆ پێش پێگرتن و بەرەنگاربوونەوەی هەموو ڕەفتارێکی مرۆڤشکێنی وەک سەرکردنەسەر و هەڵوێستی ڕەگەزپەرستانە لە نێوان قوتابی و کارمەنداندا، هەبێت و پیادەی ئەم بەرنامەیە بکات، چاودێریی بکات و بیداتە بەر هەڵسەنگاندن.
- دابەش کردنی توانا و یارمەتی، دەبێت پەیوەندی بەو هەڵسەنگاندنەوە، کەمامۆستایان دەربارەی پێداویستیەکانی قوتابیان دەیکەن، هەبێت.
- وانەکانی بابەتە جۆراوجۆرەکان دەبێت وەها ڕێکبخرێن کە فرەوانترین زانست بداتە قوتابی.
- تێهەڵکێش کردنی بابەتی زانستی گشتی لە گوتنەوەی وانەی هەمەجۆردا. نموونەی ئەو بابەتانەی زانستی گشتی: ژینگە، ترافیک، یەکسانی ژن و پیاو، دۆزەکانی کڕیارو بازاڕ، زایەند و هاوژینی هەروەها زیانەکانی تووتن و کحول و نارکۆتیکا.
- هاوکاری لەگەڵ پلەی پێش قوتابخانە - بۆ نموونە باخچەی منداڵان - بۆ سوودی هەمەلایەنی هەموو قوتابیەک، ساز بێت.
- هاوکاری لە نێوان قوتابخانە و ماڵەوەدا بۆ ئەوەی ماڵەوە زانیاریی تەواوی دەربارەی کاروباری قوتابخانە هەبێت، ساز بێت.
- پەیوەندی لەگەڵ بازاڕی کاردا بۆ ئەوەی قوتابی بواری هەبێت جێوڕێی جۆراوجۆر تاقی بکاتەوە، ساز بێت.

- کاروباری ڕێنمایی خوێندن و پیشە دەبێت وەها بێت کە ئامۆژگاریی تەواوی تێدا بێ دەربارەی ڕشتەکانی خوێندن لە قوتابخانەکەدا هەروەها خوێندنی داهاتووی دوای ئەم قۆناغە.
- یارمەتی کارمەندانی قوتابخانەکە بەرەو ڕاهێزانی ئاستی زانستیان، بدرێت.
- لایەنی پەیوەندیی نێونەتەوەیی قوتابخانەکە گەشە بکات.
- کارمەندانی قوتابخانەکە لەو پەیماننامە نێونەتەوەییانەی کە وڵاتەکەی ئیمزای کردوون دەربارەی فێرکاری ئاگاداربن.

«...»

**ڕوون کردنەوە**

«بەرنامەی فێرکاری» ئەم بەرنامەیە، لەگەڵ «یاسای قوتابخانە» و «بەرنامەی وانە» سێ نووسینن پێکەوە خەتوخاڵی فێرکاریی سوید دیاری دەکەن. کۆمەک ئەم بەرنامەیەی، بە دەستکارییەکی کەمەوە بۆ گونجاندنی لەگەڵ بارودۆخی کوردستاندا، کردۆتە کوردی.

سەرچاوە و ناوی ئەم نووسینە:

http://www.skolverket.se/pdf/skolfs1994-1s.pdf

زانیاری: information

زانست: knowledge

گەشە کردن: development

بەهاگەل: قییەم

تەراز: هاوسەنگ

ڕووگە: اتجاە

پرسن: فزووڵی

پەیدۆزی: کەشف، استکشاف

نارکۆتیک: مخدارت

«خوێندنی سەرەتایی» لە سوید، لە پۆلی یەکەم هەتا پۆلی نۆیەمە. ئەم پلەیە مەرجە، واتە هەموو منداڵێک دەبێت بخوێنێت.

«یاسای قوتابخانە» ئەو یاسایەیە کە دەربارەی سیستەمی فێرکارییە لە وڵاتەکەدا.

«بەرنامەی وانە» هەر وانەیەک بەرنامەی خۆی هەیە.

«شوورای قوتابیان» ڕێکخراوێکە لە نێو قوتابیانی قوتابخانەکەدا بە شێوەیەکی دیمۆکراتی دێتە هەڵبژاردن.

«دیداری گەشە» کۆبوونەوەیەکی ناوناوەیە مامۆستا لەگەڵ یەک قوتابی و سەرپەرشتیارانی قوتابیەکە بە مەبەستی باس کردنی بارودۆخی قوتابیەکە و ڕێی گەشە کردنی ماوەی داهاتووی قوتابیەکە. دەیکات.

«...»

## بەرنامەی وانەکان

## خوێندنی پلەی ئامادەیی

کۆمەک لە سویدییەوە تەرجەمەی کوردی کردووە

## زانیاری ئایین

مەبەستی وانەکە

مەبەست لە خوێندنی وانەی ئایین خوڵقاندنی بوارێکە بۆ باس لێکردن و بیر لێکردنەوە دەربارەی پرسیاری هەبوون و ئاکار (مورال) لە ڕوانگەی جیاوازەوە هەروەها دەبێت خوێندن لەم وانەیەدا ببێتە هۆی زیاتر لە یەکگەیشتن لە کەسانی دیکە، کە لەم بوارەدا لەیەکدانەوەو شیکردنەوەی جیاوازیان هەیە.

مەبەستی وانەی ئایین گەیاندنی زانیارییە دەربارەی ناوەڕۆکی بڕوا و دابونەریت لە ئایینە جیاوازەکان و باوەڕەجیاوازەکان و دروستکردنی هوشیارییە دەربارەی ئەوەی کە وشەتێگەیشتن، زانیاری و ئامرازی شیتەڵکردنەوە بۆ هەڵسانگاندن و توانای لایەنگرتن پێویستن. هەروەها خوێندنی ئەم وانەیە زانیاری چڕ و قووڵ دەدات و دەبێتە هۆی لەیەک گەیشتنی زیاتر لە نێوان بڕوا و ئایینە جیاوازەکان.

پێویستی بوونی هوشیاری ئاکار کە لەسەر بەها بنەماییەکانی کۆمەڵگا، کە بە شێوەیەکی گشتی لە کۆمەڵدا پەسەندکرابێت، دارێژرابێت، بۆ تاکەکان و بۆ کۆمەڵگاش زیاتر ئاشکرا و ڕوونتر دەبێت. مەبەستی وانەکە گەیاندنی زانیارییە لە سەر بیروبۆچوونی جیاواز دەربارەی فەلسەفەی ویژدان و موراڵ، کە ڕووبەڕووی تاکەکان لە کۆمەڵدا دەبێتەوە.

**ئەو ئامانجانەی کە پێویستە هەوڵی بۆ بدەیت:**

لە خوێندنی وانەی ئاییندا دەبێت قوتابخانە هەوڵ بدات کە قوتابی

- گەشە بە بیروبۆچوونی کەسایەتی خۆی دەربارەی پرسەکانی ژیان و ئاکار لە سەر بنەمای زانیاری دەربارەی دابونەریتی جیاواز وڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ، بدات.

- توانای ئاوێتەبوونی بۆ لێدوان لەو پرسانەی کە دەربارەی هەبوون، بڕوا و فەلسەفەی ژیانە،
قووڵ بکاتەوە.

- گەشە بە توانای خۆی بۆ باس لێکردن، شیتەڵکردنەوە و تێگەیشتن بدات کە چۆن و بۆچی هۆیەکانی ژیان، دابونەریت و سیستەمی کۆمەڵگا لەگەڵ ئایین و فەلسەفەی ژیان وهەبووندا کاریان لەسەر یەکتر هەیە.

- گەشە بە زانیارییەکانی خۆی لە مەڕ ئایینە جیاوازەکانی جیهان و بیروبۆچوونە جیاوازەکان لە سەر ژیان و دابونەریتەکان بدات.

- گەشە بە تێگەیشتنی خۆی بدات کە چۆن و بە چ شێوەیەک ئایین و فەلسەفەی ژیان لە بیر کردنەوە، دروستکردن و کاری بەرجەستەی مرۆڤدا خۆی دەردەخات.

- قووڵ بێتەوە لەو زانیارییانەی خۆیدا بەو زمان-، وشە-، بابەت-، چیرۆک- و وێنانەی کە ئاییەنەکان و بیروبۆچوونە جیاوازەکان لە سەر ژیان دەریدەبڕن.

**تایبەتمەندی و ناوەڕۆکی وانەکە**

لە سەدەی ناوەڕاستدا دانیشتوانی کۆمەڵگەکان لە کڵێسە کاتۆلیکەکانی ڕۆمەکاندا ئەو تێکستانەی کە لەسەر بڕوای ئایینی مەسیحی نووسرابوو، فێردەبوون. لەدوای سەردەمی ڕیفۆرم، بناغەی پەروەردە و فێربوون، بڕوای لوسەر (کە ڕیفۆرمیستەکانی نێو ئایینی مەسیح بوون) بوو.

لە ساڵانی 1800 کاندا لە وڵاتی سوید ڕەخنە دژی خوێندن و فێربوونی یەکلایەنە، لە ڕوانگەی پەروەردەیی و ئایدۆلۆجیەوە پەیدا بوو. کاتێک، لە ساڵی 1951 یاسای ئازادی ئایین لە وڵاتی سوید بڕیاری لە سەر درا، ڕۆڵی خوێندنی وانەی ئایینی مەسیحی لە قوتابخانەکاندا بووە گرفتێک. لە شەستەکاندا پرنسیپی خوێندنی وانەی ئایین لە قوتابخانەکاندا بووە بابەتی، بەو مانایەی کە بەشێوەیەکی ڕاست و هەمەلایانە باس لە هەموو جۆرە ئایینە جیاوازەکان و بڕواجیاوازەکان بکات. لەو کاتەوە ئەم پرنسیپە سەرەکییە، بۆ پرسەکان لە سەر ژیان و مردن، بەرپرسیاریی و قەرزداریی هەروەها پرسەکانی مۆراڵ و ویژدان لە وانەی ئاییندا، زیاتر گەشەی کردو پەرەیسەند.

بنەما سەرەکییەکان لە هەموو قۆناغەکانی ئایین و بڕوا جیاوازەکاندا، پرسە لە بابەت باوەڕو لێکۆڵینەوەو شیتەڵکردنەوەی ژیان، ئەمەش بە مانای پرس لە بابەت ڕاستی و جیهان، مرۆڤ و بەهاگەلیەکانە. لە هەموو کولتورێکدا و لە سەردەمە جیاوازەکاندا مرۆڤ پێویستیەکانی خۆی بۆ شیتەڵکردن و ڕوونکردنەوەی ژیان، بۆ ئەوەی مانایەک بە ژیان بدات، بەرجەستە کردوە. ئەم جۆرە شیتەڵکردن و ڕوونکردنەوەیەی کە هەوڵی بۆ دراوە لە دروستکردنی کۆمەڵگا، لە بیناسازی و دروستکردنی شار، لە هونەری وێنە، مۆسیقاو ئەدەب، لە نەریت و چیرۆکەکاندا بە ڕوونی دەرخراوە. جۆرەها شێوەی شیتەڵ کردنەوەی ژیان لە ئایینەکان و بڕواجیاوازەکاندا خۆی دەرخستووەو دەردەخات. ئەمڕۆ ئەم پێویستیە گرنگیەکی زۆر زیاتری هەیە کە بەهۆی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان و هەبوون و پەرەسەندنی میدیاوە بەهێزتر دەبێت.

ئاوێتەبوونی پانۆرامەی زانیاری و پرسی هەبوون ئەم وانەیە کۆنکرێت دەکات، لە ڕاستی نزیکی دەخاتەوە و گەشە بە کەسایەتی دەدات. لە ناوەڕۆکدا دەتوانرێت چەند لایەنێک جیا بکرێتەوە لە یەکتر، وەک مێژوو، دامودەزگا، کولتوور، لایەنێک تایبەت بە باوەڕ، لایەنێک تایبەت بە ئاکار و لایەنێک تایبەت بە زایەند (نێرەومێیە).

لایەنی مێژوو زیاتر ڕۆشنایی دەخاتە سەر مێژووی کۆنی ئەو دیاردانەی کە دەخوێندرێت. لایەنی دامودەزگاکان زیاتر لەو پێشکەوتنانە دەدوێ کە بڕیار لە گەشەکردنی ئایینەکان و باوەڕەجیاوازەکان لە کۆمەڵگادا دەدات. لایەنی کولتووری لەو بابەتانە دەکۆڵێتەوە کە ئایینەکان و باوەڕەجیاوازەکان مانایەکی گرنگیان لەپێشکەوتنی کولتووردا هەبووە و هەیە. لایەنی باوەڕ زیاتر ئەو پرسانە دەردەخات کە تایبەتە بە بڕوا و بیروبۆچوون لە ئایینەکان و بڕواجیاوازەکاندا. لایەنی ئاکار ئەو هەڵوێستە جیاوازانە دەردەخات کە چۆن ئەو بڕوا جیاوازانە بڕیار لە سەر بیروبۆچوونی مرۆڤ لە پرسە مۆراڵیەکاندا دەدا و لایەنی زایەند سەرنج لە ڕۆڵی ئایین و بڕوا جیاوازەکان دەربارەی بەهای ژن و پیاو دەدات. ئەم لایانە جیاوازانە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو بوارانەی دەخوێندرێت و لێیدەکۆڵرێتەوە دەرفەتی فرەوان بوون و قووڵبوونەوەی هەبێت. ئەمڕۆ زیاتر دەبینین لە خوێندنی ئایین و باوەڕە جیاوازەکاندا لایەنی مۆراڵی گرنگیەکی تایبەتی هەیە. لە وڵاتی سویددا لە مێژەوە لێکدانەوەی بەها بنەماییەکان لە ئەنجامی دابونەریتی ئایینی مەسیحی و بۆچوونی مرۆڤایەتی ڕۆژئاواییدا گەشەی سەندوە. لە کۆمەڵگای فرەکولتووریشدا دەتوانرێت هەمان هوشیاری بۆ هاتنەکایەی بەها بنەما هاوبەشەکان لە ڕوانگەی فرەئاییەنەکان و باوەڕە جیاوازەکانەوە بەکاربهێنرێت.

ناوەندی خوێندنی ئایین، مرۆڤە. مرۆڤ و بارودۆخی مرۆڤ دەبێت بکرێتە بابەتی خوێندن، هەروەها ئەزموونەکانی و جۆری ژیانی و پێویستی لێکدانەوەی ژیانی مرۆڤ دەبێت پرسێکی ناوەندی وانەکە بێت. ڕاهێنان لە هەڵوێست وەرگرتن و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە دەبێت جێگایەکی بەرفرەوانی هەبێت لە وانەکەدا بە تایبەتی لە پرسەکانی دەربارەی ئاکار، پرسەکانی دنیای دەرەوە- و ژیان، هەروەها پێویستی بوونی بەهابنەمایەکی ئینتەرناسیۆناڵی گشتی و پەیوەندی ئایینەکان و باوەڕەجیاوازەکان لە گەڵ کولتوورو کۆمەڵگادا چۆنەو بەچ شێوەیەکە. هەروەها لەم وانەیەدا نەریتە ئاشناکان و دابودەستووری سەردەم، بۆ نموونە کولتووری لاوان و کولتووری شوێنی کار، کە هیچ پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆیان بە ئایین و باوەڕە جیاوازەکانەوە نییە، دەخوێندرێت.

وانەی ئایین دوو کۆرسە. کۆرسی A لە دوای زانیاریەکانی قوتابخانەی ناوەندی دانراوە. ئەم وانەیە لە پرسەکانی ئاکار و بیروبۆچوونە جیاوازەکانی مرۆڤ دەربارەی ژیان دەدوێ. ئەم کۆرسە (وانەیە) دەبێت نیشانی بدا کە ئایین و باوەڕەجیاوازەکان بەشێکی سروشتین لە ژیانی کۆمەڵایەتی ودەبێت قوتابی تێبگەیەنێت کە هەڵوێستوەرگرتن مانای پێشکەوتنی کەسایەتییە. وانەکە دەبێت پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە بەشی خوێندنی قوتابیانەوە هەبێت. وانەی ئایین، کۆرسیA وانەیەکی سەرەکیە (واتە دەبێت هەموو قوتابیەک لە قۆناغی ئامادەییدا بیخوێنێت).

زانیاری ئایین، کۆرسی B لە دوای زانیاریەکانی کۆرسی A دانراوە و ناوەڕۆکی وانەی زانیاری ئایین کۆرسی A فرەوانترو قووڵتر دەکاتەوە. قوتابیان بە پێی ئەو بەشەی کە لە ئامادەییدا هەڵیدەبژێرن و پێویستیەکانی خۆیان، دەیخوێنن. هەروەها دەبێت بواریان بۆ گەشەکردن و پێشکەوتنی زانیاریەکانیان لە بواری ئایینەکان و باوەڕەجیاوازەکاندا هەبێت. زانیاری ئایین، کۆرسی B کۆرسێکی هاوبەشە لە بەشی زانیاری کۆمەڵایەتی (بەرانبەر بەشی ویژەیی لە کوردستان).

«...»

## کۆمەڵناسی

### مەبەستی ئەم وانەیە

مەبەست لە خوێندنی کۆمەڵناسی لە ڕوانگەی دیمۆکراسییەوە ئەوەیە، وەک بەهاگەلێکی بنەما، زانستی قوتابی دەربارەی دۆزو هەلومەرجی کۆمەڵگەی سەردەم بەرفرەوانتر و قووڵتر بکات. هەروەها ئەو بوارانەش کە پێویستن بۆ بەشداربوونێکی چالاکانەی قوتابی لە کۆمەڵدا و بۆ هەڵکردن لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی نێو کۆمەڵگەدا ساز بکات.

مەبەستێکی دیکە لە خوێندنی ئەم وانەیە ئەوەیە کە قوتابی لە هەلومەرجی گوزەرانی وڵاتان و کۆمەڵانی دیکە ئاگادار بکات. بەمەش ڕێگا خۆش دەکرێت بۆ تێگەیشتنی سەنگی فەرهەنگ و بۆ ڕێز گرتن لە مافی مرۆڤ و هەروەها بۆ بەرەنگاربوونەوەی شێوازە هەمەجۆرەکانی ستەم.

خوێندنی وانەی کۆمەڵناسی، لە کۆمەڵگەیەکدا ڕێچکەی زانیاریی زۆر بێت و ڕەوتی گۆڕانکاری تێیدا تیژڕەو بێت، قوتابی فێری هەڵوێستی ڕەخنەگرانە دەکات. قوتابی فێر دەبێت لە سەرچاوەی هەمەجۆرەوە بە دوای فاکتادا بگەڕێت، لێیان ورد بێتەوە، «ساختاربەند» یان بکات و هەڵیان سەنگێنێت. هەروەها فێر بێت بۆچوونی خۆی دەرببڕێت و ئەنجامگەری بکات.

### ئەو ئامانجانەی کە پێویستە هەوڵی بۆ بدەیت:

ئامانجی قوتابخانە لە خوێندنی کۆمەڵناسی ئەوەیە کە قوتابی

- بەهاگەلی بنەمای دیمۆکراسی هەم تێبگات و هەم پیادە بکات.
- تێبگات کە ئایدیۆلۆژیی جیاواز و ڕوانگەی جیاواز تێگەیشتنی جیاوازیشیان لە کۆمەڵدا هەیە.
- کۆمەڵگەی فرەفەرهەنگ بناسێت و تێیبگات.
- گروپی میللی جیاواز بناسێت و تێیبگات.
- زانیاریی هەبێت دەربارەی مافی مرۆڤ.
- زانیاریی هەبێت دەربارەی ماف و ئەرکی تاکەکەس لە کۆمەڵگەدا.
- دەربارەی ناکۆکی و پەیوەندیی نێونەتەوەیی زانیاری هەبێت و هەروەها بیرکردنەوەی خۆیشی هەبێت.
- لە ڕوانگەیەکی مێژووییەوە، دید و تێگەیشتنی بۆ کۆمەڵی کوردستان و جیهان هەبێت.
- زانیاریی تەواوی هەبێت دەربارەی دۆزگەلی ژینگەپارێزی بۆ ئەوەی لە بواری دەڤەر، ناوچە و جیهاندا توانای هەڵوێست وەرگرتنی هەبێت.

- فێر بێت، ڕەخنەگرانە لە هەلومەرجی کۆمەڵ ورد بێتەوە و هەروەها فێر بێت دەرئەنجامی ڕەفتاری جیاواز، هەم بۆ خۆی و هەم بۆ کۆمەڵگە، ببینێت.
- فێری بەڵگەکاری، دارشتنی پرسیار و دەربڕینی بیروڕا بێت.
- فێر بێت چالاکانە بەشداری لە ژیانی کۆمەڵدا بکات و ڕێبازی جۆراوجۆر بەکار بێنێت و هەتا دێ زیاتر پەنا بۆ هەڵوێستی زانستانە بەرێت.

**تایبەتمەندی و ناوەڕۆکی وانەکە**

وانەی کۆمەڵناسی لە ڕووی ناوەڕۆک و تایبەتمەندیتیەوە زانستانەیە. بابەتی وەک سیاسەت، ئابووریی سیاسی، جوگرافیای فەرهەنگی و دادناسی لەم وانەیەدا دەخوێندرێت. لە هەڵبژاردنی دۆزە کۆمەڵایەتیەکاندا بەرفرەوانی و خێرایی گۆڕانکاریی ئەم بوارە دەخرێنە بەرچاو. بۆ ئەوەی وانەی کۆمەڵناسی تێگەیشتن و دیدێکی بەرفرەوان بداتە قوتابی دەبێت وانەکان سیستەمبەند و ساختاربەند بکرێن.

زانست دەربارەی پرسەکانی کۆمەڵ و تێگەیشتنی لە چوارچێوەی کات و شوێندا بەشی سەرەکین لەم وانەیەدا. ڕوانگەی سیاسی و ئابووری جۆراوجۆر و هەروەها بەکار هێنانی چەمکی وەک دەسەڵات، ناکۆکی، ئایدیۆلۆژی، چین، بەرژەوەند و کاریگەری سەنگی تایبەتیان، لە خوێندنی پرسە هەمە جۆرەکانی کۆمەڵدا هەیە. جگە لەوەش، کۆمەڵناسی، ڕووکارێکی نێونەتەوەیی هەیە و زانیاری دەربارەی پرسەجیهانیەکان، تایبەت بە بەردەوامبوونی ژیان، دەدات. جیهانگیری (گلوبالیزم) مانای تێهەڵکێش کردنی ئابووریی و فەرهەنگی هەمەجۆرە ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی گیرۆدەیی نێوان دەوڵەتان و ئەو پرسە گرنگانەی کە تایبەتە بە دابەشکردنی دادپەروەرانە و کۆمەڵگەیەکی ژینگەدۆست، لە خۆیدەگرێت. ڕووکارێکی دیکەی گرنگ زانیارییە دەربارەی بوون و ڕۆڵی کەمەنەتەوەکان لە کۆمەڵدا.

کۆمەڵناسی لە بابەتی زیندوو دەدوێت، بەڵام مێژووی کۆمەڵگەی ئەم سەردەمەش بەسەر دەکاتەوە. پرسەکانی کۆمەڵ دەکرێنە نموونەی بابەتی وانەکان. لێرەدا قوتابی ئاشنای گۆڕانکاریی کۆمەڵگە دەبێت. ئاوڕ دانەوە لە مێژوو و هەروەها نیگای ڕووەو دواڕۆژ دەبێتە مایەی بەرفرەوانی دەرک پێکردن و توانای شیکارانەی قوتابی.

بە ڕاوێژی نێوان مامۆستا و قوتابیان نموونەی پرسە کۆمەڵایەتیەکان دێنە هەڵبژاردن، ئەمەش دەبێتە بوارێک بۆ ڕاهێنانی قوتابیان لەسەر شێوازی کار و هەلومەرجی دیمۆکراسی.

لە کۆمەڵگەی هاوچەرخدا، زانیاری لە سەرچاوەی جیاواز و لە مێدیای جیاوازەوە پەیدا دەبن. بەشێکی گرنگی شیکاری لەوەدایە زانیاری بدرێتە بەر دەستبژار و هەڵسەنگاندن، ئەمەش بە ناسینی سەرچاوەکان و ناسینی سنووردارێی مێدیاکان دەکرێت. بەکارهێنانی تەکنیکی زانیاری وەک ئامرازێکی فێرکاری لە خوێندنی پرسە جیاوازەکانی کۆمەڵداو تێگەیشتنی ئەو تەکنیکە، لە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانە و کۆمەڵناسیەوە، بەشێکی سەرەکین لەم وانەیەدا. ڕوانگە و ئایدیۆلۆژی جیاواز، دید و بۆچوونی جیاواز دەدات لە تێڕوانینی کۆمەڵ و پێشکەوتنیدا، لە کاتی شیکردنەوە و لێوردبوونەوەی پرسەکانی کۆمەڵ.

**کۆرسەکانی ئەم وانەیە**

خوێندنی وانەی کۆمەڵناسی لە سەر بناغەی زانیارییەکانی قۆناغی سەرەتاییەوە دەستپێدەکات. لە قۆناغی ئامادەییدا بریتییە لە چوار کۆرس.

**کۆرسی A کۆمەڵناسی**

لە ڕێگای خوێندنی پرسە جیاوازەکانی کۆمەڵەوە، قوتابی زانیارییەکانی خۆی و تێگەیشتنەکانی دەربارەی کۆمەڵ و مێژووی کۆمەڵ قووڵتر و بەرفرەوان دەکات. لەو بەشانەی کە وانەی مێژوو تێیاندا ناخوێندرێت، گرنگیەکی تایبەت بە ڕوانگەی مێژوویی و مێژووی کۆمەڵگەی ئەم سەردەمە بدرێت. لە خوێندنی ئەم کۆرسەدا دەبێت ڕەچاوی بەشی خوێندنی قوتابی بکرێت و بە هاوکاری وانەکانی دیکە ڕوو لە ئامانجی بەشەکە بکرێت.

**کۆرسی B و کۆرسی C لە وانەی کۆمەڵناسی**

خوێندنێکی بەرفرەوانتر و قووڵترە لە کۆمەڵناسیدا. ئەو پرسانەی کە لەم کۆرسانەدا دەخویندرێن ئاڵۆزترن. لێرەدا قوتابی ڕادەهێنرێت بەو جۆرە شێوازەکاران و شیکارییانەی کە تا دێ نزیکتریان دەخاتەوە لەو شێوازانەی کە زانایان بۆ خوێندنی بنەمای ئەم وانەیە بەکاریان هێناون.

کۆرسی B کۆرسێکی هاوبەشە لە هەموو لقەکانی بەشی زانستی کۆمەڵناسیدا و دەبێت بخوێندرێت. کۆرسی C بۆ هەڵبژاردنە.

**کۆرسی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان**

لەم کۆرسەدا پرسە نێونەتەوەییەکان لە ڕوانگەی جیاوازەوە دەخوێندرێن و هەڵدەسەنگێنرێن هەروەها باس لە هۆکار و دەرئەنجامەکانی جیهانگیری (گلوبالیزم) یش دەکرێت.

ئەم کۆرسە بۆ هەڵبژاردنە.

«...»

**وانەی چالاکیی هونەری**

مۆسیقا، وێنە، سەما، شانۆ...

**مەبەستی ئەم وانەیە**

مەبەست لە خوێندنی وانەی چالاکیی هونەری گەشەکردن و پێش خستنی خولیا و توانای ئافراندنی هونەرکارانەی قوتابییە بەوەی بەرهەمی هونەری بکاتە ئامرازێکی دەربڕین لە بیر، هەست و ڕەفتار. لەوەش بترازێت بۆ ئەوەیە خولیا و دەرکی قوتابی بەرانبەر فەرهەنگ وخوڵقاندن بەرفرەوانتر بێت.

**ئەو ئامانجانەی کە پێویستە هەوڵی بۆ بدەیت:**

لە خوێندنی وانەی چالاکیی هونەریدا دەبێت قوتابخانە هەوڵ بدات کە قوتابی

- خولیا و ئارەزووی بۆ دەربڕینی هەستی خۆی بەرفرەوانتر بکات.
- ڕۆڵ و بەکار هێنانی دەربڕینی هونەری دەرک پێبکات و هەروەها گەشەش بە توانای دروستکەرانەی خۆی بدات.
- ئاشنای بەها هونەرییەکان بێت لە بایەخ و نرخیان بۆ مرۆڤ و بۆ کۆمەڵ تێبگات.
- ئاشنای چالاکی فەرهەنگی بێت و توانای تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنی دیاردەی هونەریی ڕۆژانەی هەبێت.
- دەربارەی هونەر زانیاری و ئەزموون پەیدا بکات و هەروەها بواری بۆ پەیدا بکرێت کە ئاشنای مێژووی هونەر بێت.

**تایبەتمەندی و ناوەڕۆکی وانەکە**

هەزاران ساڵە فەرهەنگی بەرز بە ڕێز گرتن لە بەهای هونەری ناسراون. تەلاری گەورە، وێنەکانی سەر دیوارەکان، بەرهەمی هونەری، پۆشاک، شانۆ، ئامرازی مۆسیقا و ئەدەب گەواهن بۆ خولیای نەوەکانی مرۆڤایەتی دەربارەی لایەنی جوانی و لەکار هاتنی لایەنەکانی ژیان. تەنانەت لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆشدا مرۆڤ دەورەی بە دیاردەی هونەری دراوە. وانەی چالاکیی هونەری دەروازەیەکە ڕووەو لایەنە جۆراوجۆرەکانی هونەر.

چالاکیی هونەری بواری هەمەجۆری هەیە وەک وێنە، سەما، مۆسیقا، هونەری شێوەکاری و شانۆ. ناوەڕۆکی وانەکە دەکرێت کاری داهێنان یا کاری هونەری بێت، کە چەندین هونەری جیاواز تێکەڵ بە یەکتر ببن و لەگەڵ یەک بەکاربهێنرێن. هاوکات لەگەڵ بەکارهێنانی شێوەی کۆن شێوازی ئەلەکترۆنیی نوێش لە داهێنانی بەرهەمی هونەریدا بەکاردەهێنرێت. هەروەها ئەزموون و کاردانەوەش بەشێکن لە وانەکە.

وانەی چالاکیی هونەری یەکێکە لە وانە سەرەکیەکان، واتە دەبێ قوتابی لە هەموو بەشەکاندا بیخوێنن.

«...»

## زمانی ئینگلیزی

### مەبەستی ئەم وانەیە

ئینگلیزی لە چەندین وڵاتدا زمانی میللی یان زمانی ڕەسمییە، هەڵگری چەندین فەرهەنگی تەواو لەیەک جودایە. سەرباری ئەوەش زمانی هەرە بەرفرەوانی دانوستاندنی دنیایە. زانینی ئینگلیزی توانایەکی پێویستە بۆ خوێندن، بۆ گەشتی وڵاتان و بۆ بەستنی پەیوەندیی نێونەتەوەیی هەمەجۆر لە بواری کۆمەڵایەتی و پیشەییدا. لەبەر ئەوە خوێندنی زمانی ئینگلیزی لە سیستەمی خوێندنی وڵاتدا بایەخێکی گرنگی هەیە. مەبەست لە خوێندنی زمانی ئینگلیزی گەشەدانە بە توانای هەمەلایەنەی دانوستاندن هەروەها گەشەدانە بەو زانستەی کە لە بواری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا و بازاڕی کاردا پێویستە بۆ سوودوەرگرتن لە پێشکەوتنی خێرای تەکنیکی زانیاری و پەیوەندی هەروەها بۆ خوێندنی دواڕۆژ. مەبەستێکی دیکەی خوێندنی زمانی ئینگلیزی فرەواندنی ڕوانگەی قوتابیە بەرەو دنیای ئینگلیزیزمانی خاوەن فەرهەنگی هەمەجۆر.

خوێندن لە زمانی ئینگلیزیدا دەبێت وا لە قوتابی بکات کە زمانەکەی بکاتە ئامرازێک بۆ فێربوونی بابەتی زانستی دیکە. هەموو قوتابیەک هەروەها پێویستیەتی کە توانای خۆی بەکاربهێنێت بۆ پێشکەوتنی زمانی ئینگلیزی چونکە پاش تەواوبوونی خوێندنیش قوتابی دەبێ خۆی هەوڵی گەشە کردنی زمانەکەی خۆی بدات.

### ئەو ئامانجانەی کە پێویستە هەوڵی بۆ بدەیت:

قوتابخانە لە خوێندنی زمانی ئینگلیزیدا دەبێت هەوڵ بدات قوتابی:

- لە هەلومەرجی هەمەجۆردا فێر بێت، دەربارەی بابەتی فرەجۆر، بە زمانی ئینگلیزی دانوستاندن و گفتوگۆی هەبێت.
- قووڵتر بێتەوە لە تێگەیشتنی ئەو ئینگلیزییەی لە وڵاتە جۆراوجۆرەکاندا بەکار دێت و هەروەها باشتر لە ناوەڕۆکی ئەو بابەتانە بگات کە لە مێدیای جۆراوجۆردا باس دەکرێن.
- بەشداری هاودەمی، ڕاوێژ و گفتوگۆ بێت و بە شێوەیەکی وردەکارانە بۆچوونی خۆی دەرببڕێت و وەڵامی بەرانبەر بداتەوە،
- فێر بێت ساختارێکی ڕێک بۆ گوتاری خۆی ساز بکات و سنووری بابەت و بارودۆخ بپارێزێت،
- پەرە بدات بە توانای خۆی لە بواری خوێندنەوەی تێکستی بابەتی خوێندن، تێیان بگات و بیردانەوەی ڕەخنەگرانەی هەبێت بەرانبەر ئەو تێکستانە،

- گەشە بە توانای خۆی بدات لە بواری خوێندنەوە و تێگەیشتنی تێکستی وێژەیی و لە ڕوانگەی هەمەجۆرەوە بیردانەوەی لەو تێکستانە هەبێت. وردەکاری لە داڕشتنی نووسینی بابەتی هەمەجۆردا بکات. هۆشیاریی زمانزانی و توانای تێگەیشتنی خۆی بەهێزبکات.
- فێر بێت وردەکاری و شیکاری لە زماندا بکات ڕووەو سازگاری، فرەڕەنگی و ڕێسادروستی،
- بیردانەوەی هەبێت دەربارەی شێوازی گوزەران، نەریتی فەرهەنگی و بارودۆخی کۆمەڵایەتی لە وڵاتانی ئینگلیزیزمان و هەروەها فێری سنگفرەوانی و دەرککردنی فەرهەنگ و کولتوری میللەتانی دیکە بێت،
- بەرپرسایەتیی پێشخستنی توانای زمانەکەی خۆی بگرێتە ئەستۆ.

**تایبەتمەندی و ناوەڕۆکی وانەکە**

زمانی ئینگلیزی و ڕەنگدانەوەی فەرهەنگی وڵاتانی ئینگلیزیزمان لە کۆمەڵدا جێی دیارە. قوتابیان لە دەرەوەی قوتابخانە دووچاری ئینگلیزیی هەمەجۆر دەبن. تیڤی، فیلم، دنیای مۆسیقا، ئینتەرنێت ویاری کۆمپیوتەر، خوێندنەوە و پەیوەندی لەگەڵ خەڵک ئینگلیزیی هەمەجۆر دەدەن.

کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی ئەمڕۆ بە ڕەنگدانەوەی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی هەمەجۆر دەوری قوتابیی داوە، بابەتی زمانی ئینگلیزی، لەم بوارەدا، هەم پاشخان و هەم ڕوانگەیەکی بەرفرەوانتر دەداتە قوتابی. لەم بابەتەدا قوتابی فێر دەکرێت هەم لەو ناوەڕۆکە بگات کە زمانەکە دەیهێنێتە پێش و هەم سوود لەو بەرهەمگەلە زەنگین و ڕەنگینەی ئینگلیزی لە دەرەوەی قوتابخانە دەیبەخشێت، وەربگرێت.

وانەی زمانی ئینگلیزی نابێت بکرێتە چەند پارچەیەکی دیاریکراوی جودای بەدوا یەکدا هاتوو. بەڵکو دەبێت هەموو قوتابییەک، گەورە و بچووک، بە شێوازی جیاواز لە ئاستی زمانی فرەجۆر دەربارەی بابەتی هەمەجۆر، بە گوتن و بە نووسین ڕووبەڕووی یەک ببنەوە.

ناوەڕۆکی زمانی ئینگلیزی جێی ئەو بەشانەی تێدا دەبێتەوە کە قوتابی پێویستیەتی بۆ دانوستاندنی هەمەلایەنە، وەک فێربوونی وشەکاری، ڕستەکاری، درکاندن، ڕێنووس و ڕێزمان. لەم بابەتەدا قوتابی فێری ئەوەش دەکرێت گشتەی یەکگرتووی زمانەکی دروست بکات و بەدەم کاتیشەوە، لە ڕووی ناوەڕۆک و بابەتەوە، باشتر لەگەڵ بارودۆخ و بەرانبەردا بگونجێنرێت. کاتێک قوتابی هەست بە کەموکوڕی لە زمانەکەیدا دەکات دەبێت توانای دۆزینەوەی چارەڕێی هەبێت وەک گۆڕینی داڕشتنەکە، بەکارهێنانی هاوواتا و پرسیار و ئاماژەکاری.

قوتابی فێر دەکرێت، لە جیاوازیی نێوان فەرهەنگی خۆماڵی و فەرهەنگی هەمەجۆری وڵاتانی ئینگلیزیزمان، ورد بێتەوە و بیردانەوەی هەبێت. ئەم فێربوونەش بۆ ئەوەیە دەرکی زیاتر بێت بۆ فەرهەنگی دیکە و توانای فرەفەرهەنگیی خۆی زیاد بکات. توانایەکی دیکە ئەوەیە قوتابی تێبگات کە زمان فێربوون چۆن دەبێت.

**کۆرسەکانی ئەم وانەیە**

وانەی زمانی ئینگلیزی کراوە بە سێ کۆرسەوە:

ئینگلیزی A

کۆرسێکی فرەوانە لەسەر بنەمای خوێندنی قوتابخانەی سەرەتایی هەڵنراوە. قوتابی بەردەوام دەبێت لە هەڵنانی توانای دانوستاندنی بە زمانی ئینگلیزی و لە بواری هەمەجۆردا. لەم کۆرسەدا قوتابی بڕوای بە توانای خۆی لە زانینی زمانی ئینگلیزیدا زیاد دەکات. ئەمەش بواری خوێندنەوە خۆش دەکات بۆ چێژ و زانست و فەرهەنگ ناسین.

ئینگلیزی B

لەسەر بنەمای ئینگلیزی A هەڵنراوە. پتر ڕووی لە شیکارییە. ڕوانگەیەکی فرەوانتر دەکاتەوە ڕووەو بەکارهێنانی زمان لە بارودۆخی جۆراوجۆر و ئاڵۆزدا. قوتابی زیاتر بە فەرهەنگی زمانی ئینگلیزی ئاشنا دەکات.

ئەم کۆرسە لە بەشەکانی زانیاری سروشتناسی، زانیاری کۆمەڵایەتی، کاری هونەری و بەشی تەکنیکدا کۆرسێکی هاوبەشە.

ئینگلیزی C

لەسەر بنەمای ئینگلیزی B هەڵنراوە. ئەم کۆرسە قوتابی ئامادە دەکات بۆ ئەوەی کە زمانی ئینگلیزی بۆی ببێتە ئامرازێکی کاربۆ خوێندنی بەرز یابۆ پیشەیەک لە بازاڕی کاردا. لەم کۆرسەدا بوار بۆ بەکار هێنانی ئینگلیزی لە کاری پرۆژەدا دەدرێت هەروەها کارکردن بۆ دارشتنی ئامانج، هەڵبژاردن و داکۆکی کردن لە شێوازیکار، داڕشتن و پیادە کردنی کارنامە، پێشاندان و هەڵسەنگاندنی ئەنجامی کار.

کۆرسی C بۆ هەڵبژاردنە.

«...»

**زمانی میللی** (لە سوید سویدی و لە کوردستان کوردی)

**مەبەستی ئەم وانەیە**

خوێندنی زمانی میللی بۆ بەهێز کردنی ناسنامەی کەسێتی و فەرهەنگیی قوتابیە. گەشە دانە بە توانای بیرکردنەوە، ئافراندن، شیکاری و هەڵوێست وەرگرتن. هەروەها بۆ پێشکەوتنی قوتابیە لە خوێندندا و پتەو کردنی توانای دانوستاندنێتی لەگەڵ خەڵکدا.

گەر بێتە سەر ناسنامەی کەسێتی و هەستی هاوکۆیی ئەوا زمان سەنگی تایبەتی خۆی هەیە. ویکچوون و جیاوازیی مرۆڤ - وەک کەسایەتی، پاشخان، زایەند و خولیا - لە زماندا ڕەنگ دەدەنەوە. خوێندنی زمانی کوردی بۆ ئەوەیە قوتابی بە گوتن و نووسین فێری دەربڕینی جوان و دروست بێت و هەروەهاش فێر بێت زمانی ئاخافتن و نووسینی خەڵکی دیکە تێ بگات.

زمان و ئەدەب بوارێکن بۆ دەربڕینی ناسنامەی فەرهەنگی. ئاشنابوون بە زمان، ئەدەب و وێنەکاری ڕێ ڕووەو ڕسکان و تێگەیشتنی کەسێتی هەموار دەکات. خوێندنی زمانی کوردی هەوڵ دەدات دەرفەت بۆ قوتابی خۆش بکات بەرانبەر میراتی فەرهەنگیمان هەڵوێست وەربگرێت، تێکستی وەهای بخرێتە بەردەست هۆش و گۆشی تیژبکاتەوە.

زمان لە فێربوون و زانستدا سەنگی بڕیاردەری هەیە. زمانە دانوستاندن لەگەڵ خەڵک ساز دەکات. لە ڕێی خوێندنەوە و نووسینەوە قوتابی ئاشنای چەمکی نوێ دەبێت، فێر دەبێت پەیوەندی دیاردەکان بدۆزێتەوە لۆژیکانە بیر بکاتەوە. فێری وردبوونەوە و هەڵسەنگاندنی ڕەخنەگرانە بێت.

لە ڕێگای زمانەوە زانست هەڵدەنرێت. هەر زمانیشە زانست دەکاتە بابەتێکی بەردیتن و بەرکار. پەرە دەدات بە توانای ڕامان، تێگەیشتن، هەڵسەنگاندن و هەڵوێست وەرگرتن لە دیاردەی دەوروبەر. خوێندنی زمانی کوردی لەگەڵ خوێندنی بابەتەکانی دیکە، وێکرا، بەرپرسن لەوەی ئەم تێگەیشتنی زانستە لای قوتابی پەیدا بێت و قوتابی ناوەڕۆکێکی پڕمانا لە خوێندنەکەی خۆیدا بدۆزێتەوە.

توانای بەکار هێنانی زمان، بە گوتن و بە نووسین، پێشمەرجێکە هەم بۆ خوێندن و هەم بۆ بەشداربوونێکی چالاکانە و بەرپرسانەی ژیانی کۆمەڵایەتی. لەبەر ئەوە ڕەخساندنی دەرفەت بۆ گەشە کردنی زمانی قوتابی فەرمانێکی گرنگی قوتابخانەە. لە خوێندنی زمانی کوردیدا دەبێ بواری گوتن، بیستن، بینین، خوێندنەوە و

نووسین بۆ قوتابی فرەوان بێت. هەروەها دەبێ دەرفەتی ئاشنابوونی هەبێت بە تێکست و دەربڕینی فەرهەنگیی هەمەجۆر.

**ئەو ئامانجانەی کە پێویستە هەوڵی بۆ بدەیت:**

ئامانجی قوتابخانە لە خوێندنی زمانی میللیدا دەبێت ئەوە بێت کە قوتابی

- لە خوێندنەکەی خۆیدا دەرکی گشتی پەیدا بکات و فێری چەمکی تازە بێت، هەلومەرج دەرک بکات و هەروەها تواناگەلی دانوستاندنی خۆی، لەوبەشەی هەڵیبژاردووە، بخاتە کار.
- سەنگی زمان لە بواری ناسنامە دەرک بکات و فێر بێت، هەم خۆی و هەم بەرانبەر، لە چوارچێوەیەکی فەرهەنگی و مێژووکرددا بدۆزێتەوە.
- لە ڕووی زمانەوە ئاسوودە بێت، توانا بێت، ویستی هەبێت و بوێرێ، بە ئاخافتن و بە نووسین، لە هەلومەرجی هەمەجۆردا بێتە پێش.
- بە ئاخافتن و بە نووسین ئەو ئامرازانە پەیدا بکات کە پێویستن بۆ ڕامان، فێربوون، پەیوەندی و کاریگەری.
- لە ڕوانگەی هەڵسەنگاندنی خۆی و بە سوودمەندبوون لە تێبینی کەسانی دیکە، تێکست داڕێژێت و هونەرکاری لە نووسیندا بکات.
- بەردەوام پەرە بە خوێندنەوە بدات. سەرەدەری لە تێکستی هەمەجۆر بکات. ڕەخنەگرانە لێیان ورد بێتەوە و شیکارییان تێدا بکات، بە نووسین و بە وێنەش، لە بەرانبەر ئەو داواکاریانە بێت کە بۆ کۆمەڵگەی ئاڵۆز و پڕ لە زانیاریی ئەمڕۆ گرنگن.
- فێر بێت زانیاریی دەنگی، چاپکراو و دیژیتاڵی بدۆزێتەوە، دەستبژاری بکات و ڕێکی بخات.
- لە ڕێی ئاشنابوون بە وێژەیی هەمەجۆری سەربە فەرهەنگی جودا و سەردەمی جیاوازەوە ئارەزوو و خولیای خوێندنەوەی خۆی بەرفرەوان بکات. قوتابی دەبێ هانبدرێت ئەدەب و وێنەکاری بکاتە سەرچاوەی زانست و شادی.
- دەرفەتی هەبێ ئاستی خوێندەواریی خۆی لە بواری شابەرهەمی وێژەیی نیشتمانی، وڵاتانی نزیکی و جیهانیدا سەربخات. ئاگاداری دنیای نووسەرایەتی و تەوژمی فیکریی فەرهەنگیی سەردەمە جیاوازەکان بێت.
- بیروڕا، هەست و بۆچوونی خۆی، لە گفتوگۆدا لەگەڵ خەڵک، دەربرێت. بەرانبەر پرسی سەر بە ژیان و ئاکار، بیردانەوەی هەبێت. تێگەیشتنی فرەوانتر بێت بەرانبەر کەسانی خاوەن فەرهەنگی جیاواز و گوزەرانی جودا.

- لە ڕێی تێکست و میدیای هەمەجۆرەوە ئاشنای بەهاگەلی بنەمای دیمۆکراتییانە و مرۆڤدۆستانە و ئاکارەکی بێت و هەروەها ئاگاداری هێزگەلی ڕووخێنەر بێت و بەرەنگاریان بێتەوە.
- ئاگاداری زمانی میللیی خۆی بێت، ئاگاداری گەشەکردنی بەردەوام، تایبەتمەندی، بنج و مێژووی زمانەکەی خۆی بێت. هەروەها دەرکی ئەوەش بکات بۆچی زمانی ئاخافتن لە زمانی نووسین جودایە.
- سەرەدەری لە ئاخافتن و نووسینی زاراوەکانی دیکەی زمانەکەی بکات. ئاشنای زمان، زاراوە و وێژەیی نیشتمانەکەی بێت.
- ڕەوتی فێربوون، بەتایبەتی ڕۆڵی زمان لە ڕەوتی فێربووندا، دەرک بکات. توانای زانینی زمان و شارەزایی و بیرکردنەوەی خۆی، بۆ پەیدا کردن و چەسپاندنی زانست بکاتە ئامرازێک.

**تایبەتمەندی و ناوەڕۆکی ئەم وانەیە**

لە خوێندنی بابەتی زمانی کوردیدا، زمان و ئەدەب وەک گشتەیەک کاری لەگەڵ دەکرێت. بەشی سەرەکی وانەکە بریتییە لە زانستی زمان و ئەدەب. سیمای وێژەیی، کۆمەڵایەتی و بیردۆزەکیی زمان هاوئاهەنگ دێنە بەرباس. ئەمەش بۆ قووڵبوونەوەی هۆشیاریی مرۆڤە دەربارەی زمان و تێگەیشتنی چۆنیەتیی بەکار هێنانی زمان لە هەلومەرجی هەمەجۆردا. هەروەها بۆ فرەوانبوون و قووڵبوونەوەیە لە تێگەیشتنی ئەدەبدا.

خوێندنەوە، نووسین، ئاخافتن، دیتن و بیستن کاتێک پڕمانا دەبن کە دۆزی کەسێتی، هەبوونی، ئاکارەکی، مێژووکرد و دۆزی سەربە دواڕۆژ لە خوێندندا بێنە بەرباس. تێکست، گەر بە واتایەکی بەرفرەوان وەری بگرین، جگە لە تێکستی نووسراو و گوتراو، وێنەش دەگرێتەوە. ناسین و کار کردن لەگەڵ تێکستدا مەرج نییە تەنها خوێندنەوە بێت، دەکرێ گوێداری و فیلم بینینش بێت.

خوێندنی زمانی کوردی وانەیەکی سەربە دانوستاندنە. هاندانی گەشە کردنی زمانی قوتابی ئەرکێکی سەرەکییە لەم کۆرسەدا. خودی چالاکییە زمانەوانییەکان بوارگەلێکی زانستانەی گرنگن. لەم کۆرسەدا زانستی بیردۆزەکی - دەربارەی خوێندنەوە، نووسین، ئاخافتن، گفتوگۆ، گوێداری و هەروەها لێکدانەوەی هەم تێکست و هەم وێنە - دەگرێتە خۆی. ئەم زانستانە بۆ گەشە کردنی توانای زمانەکیی قوتابی گرنگن.

گەشە کردنی توانای زمانی قوتابی بە مانای گەشە کردنی توانای بیرکردنەوە و فێربوونێتی. لە خوێندنی زمانی کوردیدا دەکرێ هەتا سنوورێکی بەرفرەوان ڕەچاوی خولیا و هەلومەرج و ئارەزووەکانی قوتابی بکرێن و هەروەها ڕەچاوی پێداویستی زمانی ئەو بەشەی کە هەڵبژاردووە بکرێت.

**کۆرسەکانی ئەم وانەیە**

بابەتی خوێندنی زمانی کوردی یەکێکە لە وانە سەرەکیەکانی خوێندن و دەکرێت بە دوو کۆرسەوە، کۆرسی A و کۆرسی B. لە هەردوو کۆرسەکەدا زمان و ئەدەب بەشێکی سەرەکین بەڵام «جێسەنگ» یان جودایە.

کۆرسێکی تایبەتی دیکە هەیە بریتییە لە سێ لاکۆرس: دانوستاندن بە ئاخافتن و بە نووسین، ئەدەب و ئەدەبناسی هەروەها ئافراندنی وێژەیی. سەرکەوتن لە کۆرسی یەکەمدا پێشمەرجە بۆ خوێندنی هەم کۆرسی دووەم وهەم ئەم لاکۆرسانە. دەکرێ لاکۆرسەکان هاوتەریبی کۆرسی B یان پاش ئەو بخوێندرێت.

کۆرسی A

لەسەر بنەمای خوێندنی قوتابخانەی سەرەتایی هەڵنراوە. بڕوای قوتابی بە توانای زمانی خۆی بەهێز دەکات. جێسەنگ لەم کۆرسەدا دەدرێتە هەم پێداوسیتیی دانوستاندن بە ئاخافتن و نووسین و هەم ڕاهێزانی توانای خوێندنەوە، فێربوون و بیرکردنەوە. لەم کۆرسەدا قوتابی فێر دەکرێت چێژ لە خوێندنەوە وەرگرێت، خۆی بناسێت و مرۆڤایەتی و ڕەوایەتیی سەردەمە جیاوازەکان بناسێت.

لە بڕیاری ناوەڕۆک و شێوازی کاری خوێندنەکەدا ڕەچاوی بەشی خوێندنەکە دەکرێت. دەرفەرت دەدرێت بە قوتابی لە بواری زمانی کوردیدا، بە پێی پێداویستی و ئەوبەشەی هەڵیبژاردووە، قووڵبێتەوە. بۆ نموونە لە بواری دەربڕین بە ئاخافتن و بە نووسین، یان سەرەدەری لە زمانی بەشێکی تایبەت.

کۆرسی B

لە کۆرسی A ڕووەو فرەواندن و قووڵبوونەوە دەڕوات. بە ڕەچاو کرتنی پێداویستییەکانی قوتابی و ئەو بەشەی هەڵیبژاردووە دەرفەت ساز دەکرێت بۆ گەشەدان بە توانای زمانی قوتابیەکە. خوێندنەوە لەم کۆرسەشدا بەشێکی گرنگە بەڵام زیاتر گرنگی دەدرێت بەوەی کە تێکستی وێژەیی و تێکستی دیکەش بکرێنە سەرچاوە زانست. ڕوانگەش ڕووەو مێژوو، کۆمەڵ ودوارۆژ بەرفرەوانتر دەکرێن. لە کۆرسەکەدا پێشاندەدرێ چۆن زمان و ئەو تێکستانەی دەخوێندرێنەوە ڕەنگدانەوەی سەردەم و هەلومەرجی سەردەمن.

کۆرسی دووەم لەچاو کۆرسی یەکەمدا پتر خەریکی شیکارییە. دەرفەت بۆ قوتابی دەڕەخسێنێت بۆ گەشەدان بە دەرککردنی مەبەستە قووڵەکانی تێکستی نووسراو و وێنەکارانە. خوێندنەوە، نووسین و گوتاری ئامادەکراو لە گەڵ کۆکردنەوەی کەرەستەی بابەت، بەرنامەڕێژی و داڕشتنی تێکستی هەمەجۆر ڕێکدەخرێن.
هەڵاوێردن و هەڵسەنگاندنی ڕەخنەگرانەی زانیاری بەشێکن لە کۆرسەکە.

لاکۆرسی دانوستاندن بە ئاخافتن و بە نووسین

ئەم کۆرسە بۆ گەشە دانە بە توانای دانوستاندن. قوتابی ئامادە دەکات بۆ نووسینی ڕەسمی و پێشکەش کردنی دەمی، کە پێویستن لە خوێندنی بەرز و دنیای کاردا. قوتابی ئاشنا دەکرێت بە شێوازە هەمەجۆرەکانی پێشکەش کردنی دیژیتال.

بواری زیاتر و فەرمانی گەورەتر دەخرێنە بەردەم قوتابی، بە گوتن و بە نووسین، سەربەخۆ جێبەجێیان بکات. دەرفەتی دەدرێتێ گەشە بە توانای بیرکردنەوە و کاری زانستانەی خۆی بدات. میتودی «ئەزموونی سەرچاوە» فێر دەکرێت بۆ وردبوونەوە لە سەرچاوەی هەمەجۆری چاپکراو و دیژیتال.

لە بواری ڕۆژنامەگەری، زانست و زانستی گەلێرەوە تێکستی نموونەی وەها دێنە هەڵبژاردن کە پەیوەستی بابەتی خوێندنەکە بن.

لە ڕاهێنان و قووڵبوونەوەدا ڕەچاوی خولیا و پێداویستییەکانی دوارۆژی قوتابی و هەروەها بەشی خوێندنەکەی دەکرێت.

لاکۆرسی ئەدەب و ئەدەبناسی

لەم کۆرسەدا دەرفەت دەدرێ بە قوتابی هەم لە شێواز و کارکردنی بەرهەمی وێژەییدا قووڵبێتەوە هەم ئاشنای بنەماکانی ڕێبازی ئەدەبناسی بێت. ئەمانە نموونەن لە بورای قووڵبوونەوە: دەوران (ئێپۆک)، وێژەیی ئەورووپابەدەر، جۆری وێژەیی، ڕێچکەگەلی وێژەیی و تاکەتاکەی نووسەرایەتی. لەخوێندنی تێکستەکاندا ڕوانگەی هەمەجۆری ئەدەبناسی دێنە بەکار هێنان. ڕەخنەی وێژەیی و تێکستی سەربە وێژەیی بیردۆزەکیی سەردەمی جودا دێنە بەرباس. خوێندنەوەی وێژەیی و شیکاریی تێکستی وێژەیی ڕێ هەموار دەکات بەرەو دەرک کردنی پەیوەندیی ئەدەب، لە ڕوانگەیەکی مێژووکرددا، بە کۆمەڵگە و تەوژمەکانی دنیای فەرهەنگ و جوانیناسی.

لەم کۆرسەدا پرسەکانی هەڵسەنگاندن دەخوێندرێت و ووتوویژ لە سەر چەمکی وێژەیی بەرز و وێژەیی سەردەم دەکرێت.

لاکۆرسی ئافراندنی وێژەیی

لێرەدا قوتابی فێر دەکرێت، هەم بە تەنها و هەم بە هاوکاری، ئەزموون و زانینی خۆی لە بەرهەمێکی وێژەییدا بە نووسین دابڕێژێت. ئاشنابوون بە بیردۆزەکانی سەربە شێواز و تەکنیکی گێڕانەوە لەتەک تێکستی نموونەدا، قوتابی فێر دەکەن چۆن ڕێبازی هەمەجۆری وێژەیی، شێوازی وێژەیی، ئامرازگەلی شێوازەکان و تەکنیکی گێڕانەوە بەکار بێنێت.

ئەم کۆرسە قوتابی فێر دەکات پرۆسەی ئافراندنی وێژەیی — لە بیرۆکەوە هەتا تێکست - دەرک پێبکات.

«...»

## ماتماتیک

### مەبەستی ئەم وانەیە

وانەی ماتماتیکی پلەی سەرەتایی دەبێتە بنەما بۆ خوێندنی پلەی ئامادەیی. لێرەدا ئەو خوێندنە قووڵتر و فرەوانتر دەبێت. قوتابی ئەو زانستەی دەبێت کە پێویستە هەم بۆ خوێندنی بەشی هەڵبژێردراو و هەم بۆ خوێندنی باڵاتر.

مەبەستێکی دیکەی ئەم خوێندنە ئەوەیە قوتابی فێری شیکاری، هەڵسەنگاندنی ڕەخنەگرانە و چارەسەر کردنی کێشە بێت، بۆ ئەوەی توانای هەبێت، لە ئاست پرسی کەسایەتی و کۆمەڵایەتی گرنگدا، بۆ نموونە دۆزی ئاکارەکی و ژینگە، سەربەخۆ هەڵوێست بگرێت. هەروەها قوتابی فێری ئافراندنی ماتماتیکانە دەبێت و توانای چارەسەر کردنی کێشە تێیدا گەشە دەکات. هەروەها ئاشنای جوانکاری و لۆژیکی ماتماتیک دەبێت.

### ئەو ئامانجانەی کە پێویستە هەوڵی بۆ بدەیت

قوتابخانە لە خوێندنی وانەی ماتماتیکدا دەبێت هەوڵ بدات قوتابی:

- لە فێربوونی ماتماتیکدا بڕوا بە توانای خۆی بکات. بیرکردنەوەی ماتماتیکانەی گەشە بکات و توانای هەبێت ماتماتیک لە بارودۆخی هەمەجۆردا بخاتە کار.
- شارەزای زمانی ماتماتیک بێت. توانای تێگەیشتن و لێکدانەوەی هێما، ڕێباز، چەمک و دەربڕینەکانی زمانەکەی هەبێت.
- سەرەدەری لە کێشە بکات. بە چەمک و هێمای ماتماتیکانە کێشەکە داڕێژێت و هەروەها ڕێباز و شێوازی جیاواز بۆ چارەسەر کردنی بدۆزێتەوە.
- سەرەدەری لە گفتوگۆی ماتماتیکانە بکات و تێیدا بەشدار بێت. هەروەها بە گوتن و نووسین بۆچوونی خۆی دەرببڕێت.
- فێر بێت، هەم سەربەخۆ و هەم لە گروپدا، چارەسەری ماتماتیکانە بدۆزێتەوە بۆ ئەو کێشانەی لە خوێندندا دێنە ڕێ. کێشە و چارە بە مەبەستی هەڵسەنگاندن بەراورد بکات.
- فێر بێت بیردانەوەی خۆی هەبێت بەرانبەر چەمک و ڕێبازی ماتماتیکانە و هەروەها بەرانبەر چالاکیی ماتماتیکانەی خۆیشی.
- فێر بێت هەم لە پرۆژەدا و هەم لە گفتوگۆی نێو گروپدا کار بەو چەمکانە بکات کە دەیانزانێت و هەروەها فێر بێت چارەسەر داڕێژێت و داکۆکی لێ بکات.

- فێر بێت مۆدێلی ماتماتیکی داڕێژێت و وردەکاریی تێدا بکات. هەروەها ڕەخنەگرانە پێشمەرج، توانا و سنووردارییی مۆدێلەکە هەڵسەنگێنێت.

- مێژووی گەشە کردنی ماتماتیک دەرک پێبکات. تێبگات کە خەڵکی سەربە فەرهەنگی جودا لە هەڵبەستنی ماتماتیکدا نەخشیان هەبووە. ئاگادار بێت لەوەی ماتماتیک زانستێکە بە بەردەوامی لە گەشە کردندایە.

- بەکار هێنانی ماتماتیک لە بواری تەکنیکی زانیاریدا دەرک پێبکات. هەروەها لە بەکار هێنانی تەکنیکی زانیاری بۆ دۆزینەوەی چارەسەری ماتماتیکانە بگات.

**تایبەتمەندی و ناوەڕۆکی ئەم وانەیە**

ماتماتیک لە ڕێگای گەشەکردنێکی هەزاران ساڵەوە خزمەتی فەرهەنگی مرۆڤایەتی کردووە. لە چەندین بواری گەشە کردنی کۆمەڵگەدا، ماتماتیک پێشمەرجە. ماتماتیک بە سەرلەبەری کۆمەڵگەدا ڕۆچووە ئەگەرچی زۆر ئاشکراش نەبێت.

گەشە کردنی ماتماتیک زادەی هەم پێداویستی کردەکی و هەم ویست و ئارەزووی مرۆڤە بۆ فرەوانکردنی زانستەکە و پەیدۆزی تێیدا. چەمک، بیردۆزە و ڕێبازەکانی ماتماتیک لە فەرهەنگی جیاوازە وە پەرەیان سەندووە. ماتماتیک زانستێکی نێونەتەوەیی زیندووە، ڕێبازەکانی، چەمکەکانی و هەروەها بوارەکانی پیادەکردنیشی بەردەوام لە گەشە کردندان.

ماتماتیک کار بە چەمکی تەواو دیاریکراو، دەکات. ڕەوایەتی گریمانە لە ڕێی بەڵگەی پتەوی لۆژیکیەوە دێنە سەلماندن و لەو ڕێیەوە بیردۆزە دێنە هەڵبەستن. بەرهەمی سەلماندن لە دەربڕینی تایبەتدا دێنە دارِشتن. چۆنیەتیی بەکار هێنانی چەمکەکان لەم دەربڕینانەدا دیاری دەکرێن. بیرۆکەی سەر بە ماتماتیک و هەروەها دۆزگەلی بوارەکانی پیادە کردنی ماتماتیک بەردەوام چەمکی تازەیان لێدروست دەبێت.

ماتماتیک هەڵبەستنێکی فیکریی مرۆڤکردە بۆ چارەسەری ماتماتیکانەی کێشەیە. ماتماتیک چالاکیی فیکرییە و پێویستی بە خۆڕاگری هەیە. دەبێ بزانین کە چارەسەر کردنی کێشە پرۆسەیەکە کاتی دەوێت. هەڵبەت دەکرێت گەشە بەم پرۆسەیە بدرێت، هەم لە گروپدا و هەم لە بیردانەوەی مرۆڤدا بەرانبەر زانست و فێربوونی خۆی. ئەم گەشە کردنە خوێندنی ماتماتیکی نێو قوتابخانەیش دەگرێتەوە.

لە خوێندنی وانەی ماتماتیکدا چوار لایەنی گرنگ ڕەنگ دەدەنەوە: چارەسەری کێشە، دانوستاندن، بەکار هێنانی مۆدێلی ماتماتیکانە و مێژووی بیری ماتماتیک.

سوود وەرگرتن لە ئامرازی تەکنیکی کاری لە خوێندنی ئەم وانەیە کردووە. ڕێبازی ژمارەکی و گرافیکی لەتەک ڕێبازی جەبری بەکاردەهێنرێن. کێشەی ئاڵۆز و ئاوێتە دێنە بەر باس. هەڵبەت، بێ تێگەیشتنی چەمک و ڕێباز، ئامرازی تەکنیکی ئەو بایەخەی نامێنێت. بنەمای خوێندنی ماتماتیک بریتییە لە: تێگەیشتن و شیکاریی سەرلەبەری پرۆسەی چارەسەری کێشە، هەڵسەنگاندنی ڕەخنەگرانەی ئەنجام و هەروەها توانای ئەنجامگیری.

دارشتن و بەکار هێنانی مۆدێلی ماتماتیکانە، هەروەها دانوستاندنی هەمەجۆر دەربارەی بیرۆکە و بۆچوونی سەر بەم بابەتە لایەنی گرنگن لە چارەسەر کردنی کێشەدا. دۆزی پەیوەست بە ماتماتیک، هەم لە کاروباری ڕۆژانەدا و هەم لە بواری کاردا، هەتا دێ زیاتر دەبن. لەبەر ئەوە تێگەیشتن و بەشداری لەو دۆزانەدا باسێکی گرنگن.

مێژووی بیری ماتماتیک ڕێی گەشە کردنی چەمک و گرێبەندی ڕوون دەکاتەوە. لێرەدا بۆمان ئاشکرا دەبێت کە ماتماتیک بابەتێکی دوورەدەست نییە لەسەر چەند ڕێسایەکی داوەستاو هەڵنرابێت و تەنها بۆ ئەوە بێت ئێمە لەبەر بیانلێینەوە.

هێزی ماتماتیک، وەک ئامرازێک بۆ تێگەیشتن بە نموونەکردنی ڕاستی، ئاشکراتر دەبێت ئەگەر پیادە کردنی وانەکە لە بوارێکدا بێت قوتابی ئاشنای بێت. لەبەر ئەوە خوێندنی ماتماتیک وەها گرێدراوی بەشی هەڵبژێردراوە هەم گەشە بە خوێندنی بەشەکە بدات و هەم ئاستی ئەم زانستەش سەر بخات. ماتماتیک زۆر جار بۆ پێکانی ئامانج لە وانەکانی دیکەدا، دەبێتە پێشمەرجێک.

**کۆرسەکانی ئەم وانەیە**

وانەی ماتماتیک لە قۆناغی ئامادەییدا بریتییە لە چەندین بوار: ژماردن، جەبر، ئەندازە، سێگۆشەکان، شیمانەناسی، ئامار، کارکردناسی، ژمێرکاریی جیاکارەوە، ژمێرکاری تێکبەستە، بەرجەستە، هاوکێشەکان و جیاکاری. بەشێکی ئەم بابەتانە لە پلەی سەرەتاییدا بنەمایان دادەنرێت. لەم پلەیەدا قووڵتر و فرەوانتر دەبن.

وانەی ماتماتیک بریتییە لە حەوت کۆرسی ڕیز بەستوو – ماتماتیکی A هەتا ماتماتیکی E - لەگەڵ دوو لاکۆرسدا: ماتماتیکی دیسکرێت(Discrete (Mathmatics و ماتماتیکی فرەوان و چڕ.

ماتماتیکی A

کۆرسێکی بنەمایە لە هەموو بەشە جیاوازەکانی ئامادەییدا دەبێت بخوێندرێت. خوێندنی قوتابخانەی سەرەتایی دەکاتە دەروازە. لێرەدا ژماردن، جەبر، ئەندازە، ئامار و کارکردناسی قووڵتر و فرەوانتر دەبنەوە. لە

کاتی وتنەوەی ئەم کۆرسەدا دەبێت ڕەچاوی ئەو بەشە بکرێت کە قوتابی هەڵیبژاردوە. لێرەدا زانیاری گشتیی و هەروەها ئەو زانیاریانەی کە پێویستە بۆ ئەو بەشەی کە دەیخوێنێت، دەدرێتە قوتابی.

ماتماتیکی B

خوێندنی قوتابخانەی سەرەتایی و کۆرسی ماتماتیکی A دەکاتە بنەما. لێرەدا قوتابی بە تایبەتی ئاشنا دەکرێت بەو چەمک و ڕێبازانەی ماتماتیک کە دێنە بەکار هێنان بۆ دروست کردنی مۆدێلی ماتماتیکانە بە مەبەستی چارەسەر کردنی کێشە لە بواری هەمەجۆردا، بەتایبەتی بوار و کێشەی وەها کە پەیوەندی بە بەشی هەڵبژێردراوەوە هەبێت. لەم کۆرسەدا ئەندازەی شیتەڵکاری، جەبر، هاوکێشەکان، ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لە بواری ئامار و ئامارگری و هەڵسەنگاندنی، دەخوێندرێت. ئەم کۆرسە لە بەشەکانی چالاکیە هونەرییەکان، زانستی، وێژەیی و تەکنیکدا دەخوێندنرێت.

ماتماتیکی C

خوێندنی کۆرسی ماتماتیکی B دەکاتە بنەما. لێرەدا کۆمەڵەی ژمارەکان، جەبر، نەخشە، داتاشرەوەکان دەخوێندرێت. کێشەی سەر «خورتاندن،optimization »، «گۆڕان» و «نرخی ڕیزپەڕ» دەخرێتە بەر باس. ناوەڕۆکی کێشەکان، ئەوەندەی بکرێت، گرێدراوی بەشی خوێندن دەبێت. ئەم کۆرسە لە بەشەکانی زانستی و تەکنیکدا دەبێت بخوێندرێت، لە بەشەکانی دیکەشدا قوتابی دەتوانێت هەڵیبژێرێت.

ماتماتیکی D

خوێندنی کۆرسی ماتماتیکی C دەکاتە بنەما. لێرەدا سێگۆشەکان، جیاکاری وتەواوکاری دەخوێندرێت. ئەم کۆرسە بنەمایەکی هەموار دروست دەکات بۆ خوێندنێکی بەرەوژوورتر و بورای وەک ڕەفتارناسی، ئابووری، کۆمەڵناسی، تەکنیک و هەروەهازانستی. قوتابی فێر دەکرێت خۆی بەرپرس بێت لە گەشەدان بە توانای خۆی بۆ ئەوەی سەربەخۆ کار لەگەڵ کێشەی ماتماتیکی بکات. ئەم کۆرسە لە بەشی زانستیدا دەبێت بخوێندرێت.

ماتماتیکی E

خوێندنی کۆرسی ماتماتیکی D دەکاتە بنەما. لێرەدا قوتابی فێر دەکرێت بەشە زانستەکانی ماتماتیک تێهەڵکێش بکات. ئەم کۆرسە بوار بە قوتابی دەدا کە لە چەمکی کۆمەڵە ژمارەکان، جیاکاری و تەواوکاری هەروەها ژمارە ئاڵۆزەکان قووڵ دەبێتەوە.

ئەم کۆرسە بنەما بۆ خوێندنی بەرزتر، کە پێویستی بە ماتماتیکی چڕ هەبێت، ساز دەکات. خوێندنی ئەم کۆرسە مەرج نییە لەسەر قوتابی بەڵام بۆی هەیە هەڵیبژێرێت.

ماتماتیکی دیسکرێت (شاراوە)

کۆرسی ماتماتیکی C دەکاتە بنەما. قوتابی لەم کۆرسەدا ئاشنای ئەو بەشانەی ماتماتیک دەبێت کە پەیوەندییان بە »پۆل»، «ڕەوشتی ژمارەی تەواو»، «زنجیرەژمارە»، «پەیوەستکاری»، «ڕستەلۆژیک» - ـەوە هەیە. ئەم کۆرسە ڕووی لەو بابەتانەیە کە ماتماتیک و بەکارهێنانی کۆمپیوتەریان تێدا گرێ دەدرێ. خوێندنی ئەم کۆرسە مەرج نییە لەسەر قوتابی بەڵام بۆی هەیە هەڵیبژێرێت.

ماتماتیکی فرەوان

کۆرسی ماتماتیکی C دەکاتە بنەما. قوتابی لەم کۆرسەدا بۆی هەیە ئاشنای بابەتی نوێ بێت کە پێشتر نەیخوێندوون، یان قووڵتربێتەوە لە بابەتێک کە خۆی پێی باشە. لێرەدا کار لەسەر مۆدێلی ماتماتیکی و داڕشتنی چارەسەری کێشە دەکرێت. خوێندنی ئەم کۆرسە مەرج نییە لەسەر قوتابی بەڵام بۆی هەیە هەڵیبژێرێت.

«...»

**سروشتناسی**

**مەبەستی ئەم وانەیە**

خوێندنی سروشتناسی بۆ ئەوەیە کە دەوروبەر لە ڕوانگەیەکی زانستیەوە باسی لێ بکرێت و ڕوون بکرێتەوە. هەروەها بۆ تێگەیشتنە لە شێوەی کارکردنی زانستی و ئامانجەکانی. یەکێک لە مەبەستەکانی دیکەی ئەم وانەیە ئەوەیە کە زانیاری زانستانە بدرێت بۆ ئەوەی مرۆڤ لە پرسە گرنگەکانی سەر بە تاکەکەس و کۆمەڵگە، بۆ نموونە تەکنیکی جین، وزە و پێشکەوتنی لەبار، بتوانێت بۆچوون و هەڵوێستی خۆی هەبێت.

**ئەو ئامانجانەی کە پێویستە هەوڵی بۆ بدەیت:**

لە خوێندنی وانەی سروشتناسیدا دەبێت قوتابخانە هەوڵ بدات کە قوتابی

- پێشبکەوێت لە وەسف کردن، ڕوونکردنەوە و تێگەیشتنی دەوروبەری لە ڕوانگەیەکی زانستیەوە.
- زانیاری زیاتر بێت دەربارەی شێوازی تاقیکردنەوە، لێکۆڵینەوە و چۆنێتی پێشکەش کردنی دەرئەنجامەکانی.
- تێگەیشتن و بەکارهێنانی زمانی زانست و تیۆری پێشبکەوێت.
- توانا و خولیای لە گەڕان بە دوای زانستدا پێشبکەوێت و هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەگرانە و زانستانەی هەبێت دەربارەی لێکۆڵینەوەی زانستی لە چەند سەرچاوەیەکی جیاوازی زانیارییەوە.
- پێشکەوتن بە دەست بهێنێت لە هەڵوێست وەرگرتندا کە پڕ بێت لە نەرمی و ڕێز لە سروشت و گەورەیی ژیان.
- توانای پێش بکەوێت لە تێگەیشتن، هەروەها هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەگرانەی دەربارەی جۆرەکانی زانیاری هەبێت. بەشدار بێت لە گفتوگۆ و وتووێژ دەربارەی پرسیارە کۆمەڵایەتیەکان و هەڵوێست وەرگرێت لە ڕوانگەیەکی زانستی و موراڵیەوە.
- زانیاریەکانی پێشبکەوێت دەربارەی مرۆڤ وەک بەشێک لە سروشت و ئیکۆلۆژی هەروەها دەربارەی ڕۆڵی بیرکردنەوەی بازنەیی بۆ کەمکردنەوەی ئەرکی کۆمەڵگە لە سەر ژینگە.
- ڕۆڵی زانست لە پێشکەوتنی کۆمەڵگەدا تێبگات.

**تایبەتمەندی و ناوەڕۆکی ئەم وانەیە**

کۆمەڵگەی ئەمڕۆ بە شێوەیەکی گشتی بە زانست و تەکنیکەوە پابەندە. لە بەرئەوەی هەموو تاکەکەسێک پێویستی بە زانیارییە دەربارەی زانست. پرسەکانی وزە، ژینگە و ئابووری پێویستیان بە توانای زانستیانە هەیە. هەروەها پێشکەوتنی خێرای زانست پرسی نوێ، بە تایبەتی پرسی سەر بە موراڵ، دەهێنێتە کایەوە.

زانستی نوێ زۆر بەشی تایبەتی هەیە، هاوکاتیش زۆر پرس پێویستی بە بیرکردنەوەی گشتی هەیە. وانەی سروشتناسی وانەیەکی فرەلایەنەی زانستییە، دەکرێت پرسە زانستییەکان لە چەند ڕوانگەیەکی جیاوازەوە باس بکرێن. ستروکتوری وانەکە تەواو دیاری نەکراوە، بەڵام باس لە ژیان، مادە و وزە دەکات.
تایبەتمەندی وانەکە لەوەدایە کە ئاوێتەیەکە لە خوێندنی تیۆری، ئەزموون و سەرنجدان هەروەها خوێندنی مەیدانی.

جگە لەوەش، ئەم وانەیە، باس لە چۆنێتی گۆڕانی بیروبۆچوونی مرۆڤ لە کارتێکردنی نێوان تیۆری و ئەنجامی لێکۆڵینەوەی پراکتیکدا، دەکات.

وانەی سروشتناسی دووبەشە، بەشی A و بەشی B

بەشی A

بەشی A لە سەر ئەزموونەکانی پێشووی قوتابی و خوێندنی ناوەندیان دانراوە. لە وانەکەدا زیاتر پرسی سەربە ژینگە باس دەکرێت، هەروەها باس لە بابەتی دیکەش وەک ئیکۆلۆژی، بەکارهێنانی وزە و سەرچاوەکان دەکرێت. وانەی سروشتناسی وانەیەکی سەرەکیە، واتە دەبێ لە هەموو بەشەکانی ئامادەییدا بخوێندرێت.

بەشی B

بەشی B لە سەر ئەزموونەکانی پێشووی قوتابییەوە بەردەوام دەبێت و باس لە بایۆلۆژی، فیسۆلۆژی و کیمیای مرۆڤ لە بواری ژیانی ڕۆژانە، ماددە و لایەنی ژیان و پێشکەوتن دەکات. هەروەها بونیادی ئۆرگانی و کارکردنی. وانەکە باس لە شێوەی ژیانیش بە شێوازێکی تەندروستیدۆست، پرسەکانی موراڵ، بە تایبەتی پێشکەوتنی و بەکارهێنانی تەکنیکی مۆدێرنی جینەکان دەکات.

«...»

پەراوێز

ئەم نووسینە بەشێکە لە »بەرنامەی وانە» ی سیستەمی فێرکاریی سویدی. دەربارەی خوێندنی وانە سەرەکییەکانی قۆناغی ئامادەیی.

سەرچاوە: www.skolverket.se

کۆمەک ئەم بەرنامەیەی، بە دەستکارییەکی کەمەوە بۆ گونجاندنی لەگەڵ بارودۆخی کوردستاندا، بۆ زمانی کوردی وەرگێڕاوە.

ڕوونکردنەوەی چەند وشەیەک

ئاکارەکی ethical

ئامار statistics

ئەزموونی سەرچاوە: متودێکە بەکار دەهێنرێ بۆ ئەزموون کردنی دروستی و نادروستیی سەرچاوەی زانیارییەکی مەبەست بێت.

ئەندازە geometry

بەردیتن visible

بەرکار manageable

بیردانەوە: وەک کاردانەوە، reflection، ڕەنگدانەوە بیرکردنەوە و وردبوونەوە لە بابەتێک.

بیردۆزە theory تیوری، بیردۆزەکی theoretical

پەیوەستکاری analysis combinatorial

جێسەنگ centre of gravity

خورتاندن optimization

خولیا: interest

دەراو: منطلق

دەوران: ئێپۆک epok

ڕەفتارناسی behavioural science

زانستی بیردۆزەکی knowledge theoretical

ژمارەکی numerical

ژمێرکاریی تێکبەستە calculus integral

ژمێرکاریی جیاکارە calculus differential

ساختاربەند: لە ساختار structure ێکدا کۆیان بکاتەوە.

سێگۆشەکان Trigonometry

شیمانەناسی probability theory

مۆدێلاندن modelling

مێژووکرد historical

نووسەرایەتی authorship

هاوکێشەی جیاکاری equations differential

هەبوونەکی existential

هەڵکەوت: واقع reality

«...»

**چاودێری لە فێرکاریدا**

کۆمەک لە سوێدییەوە تەرجەمەی کوردی کردووە

چاودێری لە فێرکاریدا ئەرکی گرنگی هەیە و خاوەن پێشەمییە. بۆ ئەوەیە بزانین تا چ ڕادەیەک کاروباری فێرکاری ڕێک هاتوون لەگەڵ ڕێساگەلی ئەم بوارەدا. لەسەر ئاستی هەم قوتابخانە و هەم شارەوانی، فێرکاری دەخرێتە بەر وردبوونەوە و دێتە هەڵسەنگاندن. لەم کارەشدا لایەنی جۆرایەتی و قانوونی ڕەچاو دەگیرێن.

**چاودێری لە پێناوی پێشکەوتندا**

دابین کردنی مافی تاکەکەس
تاکەکەس، لە سنووری شارەوانیدا، مافی هەیە سوودمەند بێت لە خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی، وەک: سەرپەرشتیی منداڵ، خوێندن وگەشەکردن و زانیاری بۆ منداڵ. لاوان و مرۆڤی گەورەساڵان. کاری دەزگای فێرکاری دابین کردنی ئەو مافانەیە. یەکێک لە ئەرکەکانی ئەم دەزگایە دڵنیابوونە لەوەی کە بەڕاستی دەرفەتی سوودمەندبوون لە بنکەی سەرپەرشتیی منداڵان، قوتابخانە و خوێندنی تایبەت بە گەورەساڵان ڕەخساوە.

کاری چاودێری هەموو قوتابخانەکان دەگرێتەوە، چ قوتابخانەکانی سەربە شارەوانی و چ ئازاد. لە بواری باخچەی منداڵاندا بەرپرسی سەرۆکی بنکەکە دەخرێتە بەر چاودێری.
بە شێوەیەکی زۆر ورد لە کاری چاودێریدا هەموو بنکەکان، هەر لە قوتابخانەی سەرەتاییەوە هەتا قوتابخانەی گەورەساڵان، بەسەر دەکرێنەوە بە هیوای دۆزینەوەی بنەمایەک بۆ هەڵوێست وەرگرتن.
دەبێت کار بکرێت بۆ کۆ کردنەوەی فاکتا و پێشاندانی بارودۆخی قوتابخانەکان. ئەنجامی ئەو کارەش دەبێتە سەرچاوەی بڕیار و پێشنیاز بۆ لایەنی مەبەست بە نیازی چارە کردنی ئەو خاڵانەی ڕاپۆرتی چاودێری ئاماژەی پێ کردوون.
بەرەو سەرخستنی جۆرایەتی
لە دوای ئەنجامدانی چاودێری، شارەوانی وقوتابخانە، ڕاپۆرتێک لە لایەن دەزگای فێرکارییەوە وەردەگرن. ئەم ڕاپۆرتە بەرنامەیەکە بۆ کارکردن بۆ پێشخستنی جۆرایەتی، بۆ نموونە ڕاپۆرتی چاودێری جەخت لەسەر بەرەنگاربوونەوەی ڕەفتاری مرۆڤشکێن دەکات یاجەخت لەسەر شێوازی فێرکاری دەکات.

هەوڵی ناوخۆ
چاودێری، جگە لەوەی کاروباری بنکەکە دەخاتە ژێر لێکۆڵینەوە وە، هەوڵی ناوخۆی بنکەکەش - لە بواری هەڵسەنگاندن و بەدوادا چوون و بەیانی جۆرایتیی کاروبار — دەخاتە بەر لێکۆڵینەوە.

چۆنییەتی کار و پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن
هەر شارەوانییەک، بۆ چاودێری، دەستە و سەرۆکی دەستەی تایبەتی خۆی دیاریدەکات. بۆ هەر دەستەیەک کەسانی کارامە لە بواری جیاواز دا دیاری دەکرێت. کەسانی شارەزای بواری ڕێبەرایەتی، سەرۆکایەتی، لێکۆڵینەوەی یاسایی و فێرکاریی لە پلە جیاوازەکانی خوێندندا پێویستن.
هەر شارەوانییەک / قوتابخانەیەک بە پێی ئەندازەی خۆی و بەرفرەوانیی کارەکانی، لەلایەن چەند دەستەیەکەوە چاودێری دەکرێت. دەستەکان دوو هەتا چوار کەسن و دەشێت کەسانی شارەزای تایبەتیش لەلاوە بخرێنە سەر دەستەکە.

## هەنگاوەکانی چاودێری

### ئامادەکاری

پێش دەستپێ کردنی چاودێری، دەستەکە قوتابخانە و خاوەن کار – کە دەشێت شارەوانی بێت یان دەستەی کارگێڕی قوتابخانە – دەخاتە ژێر وردبوونەوە. ئەم کارەش بە هاوکاریی ماددەی بەردەستی وەک ئامار، ڕاپۆرتی جۆرایەتی، بڕیاری چاودێریی زووتر، ڕاپۆرتی چاودێری دەربارەی جۆرایەتی، ساز دەبێت.

مەبەستی ئەم هەنگاوە هەڵبەستنی وێنەیەکی دروستە دەربارەی کاروباری خاوەن کارو هەروەها کەموکووڕییەکانی بنکەکە. هەر بۆ نموونە: ئایە جیاوازیی گەورە لە نێوان نمرەی کچان و کوڕاندا، یان لە نێوان قوتابخانەکاندا، هەیە ؟ ئایە منداڵ هەیە کە پێویستی بە هاوکاریی تایبەت هەبێت و بەڵام لەم بوارەدا هیچ نەکراوە؟

### سەردان

هەنگاوی دووەم سەردانی چەند شارەوانی، قوتابخانە و باخچەی منداڵان دەکرێت. لە سەردانی وەهادا دیداری کەسانی خاوەنکاری جیاوازا دەکرێت، وەک بەڕێوەبەر، مامۆستا، سیستەری قوتابخانە و هەروەها خوێندکاران و دایکوباوکان و سیاسەتمەدارانی بەرپرس. تێبینی شێوازی وانەگوتنەوەی نێو پۆل، چالاکی قوتابیان و هەروەها ژینگەی قوتابخانە دەکرێت. خانووی قوتابخانە و کەلوپەلیش کۆنترۆڵ دەکرێن.

### شیکاری

زانیاری کۆ دەکرێتەوە، دەنووسرێتەوە و دەکرێتە بنەما بۆ داڕشتنی ڕاپۆرتی چاودێری. ئەوجا دێنە سەر شیکاری، نرخاندن و هەڵسەنگاندنی زانیارییەکان و پاش ئەوە، هەر یەک لە خاوەنکاران، بڕیاری تایبەتی بۆ دەچێت.

### بەسەر کردنەوەی ڕاپۆرتی پار

هەموو جارێک کە خاوەنکار بەسەر دەکرێتەوە بۆ ئەوەیە کە ئەنجامی چاودێرییەکەی بۆ ڕوونبکرێتەوە هەروەها بۆ دڵنیابوونیشە لەوەی کە بەرپرسان بنەماکانی هەڵسەنگاندن و بڕیارەکانی ئێمە تێدەگەن. ئەگەر بڕیار هەبێت پێویستی بە چارەسەری تایبەت هەبێت ئەوا دیسان دەستەی چاودێر بۆ کۆنترۆڵ کردنی چارەسەرەکان سەردانێکی دیکە ڕێکدەخات.

### چۆنیەتیی هەڵسەنگاندن

دەزگای فێرکاری ئەم دوو خاڵە کۆنترۆڵ دەکات:

- بۆ منداڵ سەرپەرشتی و بۆ قوتابی ئەو خوێندنەی کە بە پێی یاسا بڕیاری لە سەردراوە.
- جۆرایەتی خوێندن و پێویستی پێشخستنی خوێندن. دەستەیەکی دەرەکی، لایەنی یاسایی و لایەنی جۆرایەتی، دەخاتە بەر هەڵسەنگاندن بە مەبەستی دەستەبەرکردنی ئەو سەرپەرشتی و خوێندنەی دەوڵەت بۆ منداڵ وقوتابی سەلماندووە.

### پرسی گشتی

دەزگای فێرکاری ئەم پرسە گشتییانە دەکاتە سەرشاری چاودێری

- ماف: مافەکانی منداڵ، قوتابیان و خوێندکاران چۆن دەستەبەر دەکرێن؟ ئایە خاوەنکار پەیڕەوی ئەو یاسایانەی کە دانراون، دەکات ؟

- جۆرایەتی: بەراوردکردنی ئەنجامی کار لەگەڵ ئەو ڕێسا و ئامانجانەی لە »بەرنامەی فێرکاری» و «بەرنامەی وانە» ی شێوازە جوداکانی قوتابخانەدا هاتوون. هەوڵی پێشخستنی جۆرایەتی: هاوکاریی خاوەنکار و قوتابخانە لە بواری سوود وەرگرتن لە دەرفەتی «بەرپرسایەتیی ئەوتۆنۆم» دا چۆنە؟ هەوڵی ناوخۆ لە بواری هەڵسەنگاندن و پێشخستنی جۆرایەتیدا چۆنە؟ ئایە هەموو منداڵێک و قوتابیەک ئەو بوارەی، کە پێویستە بۆ گەشەکردنی بەرەو ئامانجە میللییەکان بۆ ڕەخساوە ؟

دەزگای فێرکاری حەوت خاڵی بۆ هەڵسەنگاندنی هەموو بەشەکان لە مۆدێلێکدا کۆ کردۆتەوە. ئەم مۆدێلە ئەنجام، چالاکی و پێشمەرجەکانی هەموو شارەوانی و هەموو قوتابخانەکان دەگرێتەوە. لە بەشی چالاکیدا لایەنی کارامەیی، ڕێبەرایەتی، سەرۆکایەتی و جۆرایەتی بەسەر دەکرێتەوە. ئەم مۆدێلە »بەرنامەی فێرکاری» دەکاتە سەرشار و خاوەن ڕوانگەیەکی سەرلەبەرە.

**هەفت خاڵی مۆدێلی چاودێری**

1. بەهاگەل و نۆرمەکانی منداڵ / قوتابی بەرانبەر ئامانجە گشتییەکانی نێو «بەرنامەی فێرکاری» کە دەربارەی بەهاگەلی بنەمای دیمۆکراسی، دەسەڵات و بەرپرسایەتین، بەراورد دەکرێن.
2. ئاستی زانستی بەرانبەر ئامانجەکانی نێو «بەرنامەی فێرکاری» و «بەرنامەی وانە»، بەراورد دەکرێت.
3. ژینگەی قوتابخانە و بەشداربوون بەرانبەر ئامانج و ڕێساگەلی نێو «بەرنامەی فێرکاری» بەراورد دەکرێت. لێرەدا لایەنی وەک: ژینگەی فێرکاری، بەرەنگاربوونەوەی ڕەفتاری مرۆڤشکێن و هەروەها بەشداربوون لە پێک هێنانی ژینگەی قوتابخانە دێنە بەرباس.
4. کاروباری فێرکاری، بۆ نموونە وانە گوتنەوە و شێوازی کار، گفتوگۆی گەشەیی، هەڵسەنگاندن، نمرە دانان و هەروەها هاوکاری و ڕاشکاوی.
5. بەڕێوەبەرایەتی، سەرۆکایەتی و هەوڵی پێشخستنی جۆرایەتی.
6. دەرفەتی سوودمەندبون لە بنکەی سەرپەرشتی و لە قوتابخانە و هەروەها لە زانیاری دەربارەی خوێندن و چالاکیی سەر بە فێرکاری.
7. توانا، بۆ نموونە کارمەند، گەشەکردن لە بواری کاردا، دابەشکردنی کەلوپەلی فێرکاری.

هەر یەک لەو خاڵە گشتیانەی سەرەوە دەبێتە بنەمایەک بۆ کاری شیکاری. دەزگای فێرکاری پێشتر پلان، بۆ بەسەر کردنەوەی ئەنجامی چاودێرییەکانی، دادەنێت. دەزگای فێرکاری زادەی چاودێرییەکان دەکاتە ڕاپۆرت و دەیانخاتە بەردەم حکوومەت. لە هەر ناوچەیەکدا، ڕاپۆرتی چاودێری، دەبێتە بنەمای شیکاری و ڕێکخستنی کاروباری قوتابخانەکانی ئەو ناوچەیە. هەروەها دەزگای فێرکاری ڕاپۆرت دەربارەی هەوڵی ناوخۆی شارەوانی و قوتابخانەکان - بۆ پێشخستنی جۆرایەتی – دەربارەی ئەو کارانەی شارەوانی و قوتابخانە – و بۆ وەڵام دانەوەی ڕاپۆرتی چاودێری – کردوویانە، دەدات.

«...»

## هەڵسەنگاندنی کتێبی «بابەتە کۆمەڵایەتیەکان» پۆلی پێنجەمی سەرەتایی

سروە نوری ئەزیز

### پێشەکی

لە وڵاتی سویددا، لە دوای ئەوەی کە پەرلەمانی سوید بڕیاری بەرنامەی فێرکاری دەدا، دەزگای قوتابخانەکان، کە دەزگایەکی دەوڵەتیە و بە فرمانی حکوومەت کار بەڕێوە دەبات، پلان بۆ هەموو وانەکان دەنووسێت، (نموونەی ئەو پلانانە، تکایە بڕوانە کتێبی سیستەمی فێرکاری، هۆمەر قەرەداغی) لە پلانەکاندا دیاریکراوە کە قوتابیان لە کۆتایی هەر پۆلێکدا، لە هەر وانەیەکدا دەبێت چییان خوێندبێت و بە چ ئامانجێک گەیشتبن.

بۆ هەر وانەیەک و قۆناغێک چەندەها کتێب لە لایەن نووسەری جیاواز و پەخشخانەی جیاوازەوە بە لەبەرچاوگرتنی ناوەڕۆکی پلانی هەر وانەیەک، دەکەوێتە بەردەست قوتابخانەکان و مامۆستاکان، پاشان مامۆستا و قوتابخانەکان خۆیان سەربەستن لەوەی کە چ کتێبێک بەکاربهێنێن.

### سەرنج و تێبینیەکان

لە دوای پێداچوونەوە بە کتێبی «بابەتە کۆمەڵایەیەکان، پۆلی پێنجەمی سەرەتایی»، کە لە لایەن وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستانەوە دەرچووە، ئەم سەرنجانە، لە بەر ڕۆشنایی سیستەمی فێرکاری وڵاتی سوید، وەک پێشنیاز لە پێناوی پێشکەوتن و گەشەکردنی سیستەمی فێرکاری کوردستان دەخەینە بەردەست وەزارەتی پەروەردەی کوردستان.

مایەی دڵخۆشیە کە مندالانی کوردستان سەرەتا لەم کتێبەدا بە جوگرافیا و مێژووی نیشتمانەکەی خۆیان ئاشنا دەبن. ئەمە هەنگاوێکی گرنگە لە پەروەردەکردنی نەوەیەک بە گیانی نیشتمانپەروەری و خۆشەویستی کوردستان. بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان و سیستەمی فێرکاریی هاوچەرخ، پێویستی گۆڕانکاری لە کتێبەکانی خوێندندا، کردۆتە مەرجێکی سەرەکی بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی کە لە بەردەم قوتابخانەکان و نەوەی داهاتوو دادەنرێت.

هەندێ لە کتێبەکانی خوێندن لە کوردستاندا گۆڕانی باشی بەسەردا هاتووە، ئەمەش خاڵێکی گرنگە بۆ پێشکەوتن و گەشەکردنی ئاستی زانیاری نەوەی داهاتووی کوردستان.

بەندی یەکەمی ئەم کتێبە بە جوگرافیای کوردستان دەستپێدەکات، ئەمە کارێکی باش و دڵخۆشەکەرە. بەڵام بۆ ئەوەی منداڵان تێگەیشتنیان بۆ وشەی هەرێم و وڵات هەبێت، گرنگە لە شوێنی ژیانی منداڵەکانەوە دەستپێبکرێت. هەندێ لە بابەتەکانی بەندی سێیەم (گەڕەک، شەقام، دێهات و شار) بخرێتە سەر بەندی یەکەم. سەرەتا ئەم بەندە بە چەند پرسیارێک، دەربارەی گەڕەک، دێهات و شار دەستپێبکرێت. بۆ نموونە

- تۆ لە چ گەڕەکێک دەژیت؟
- گەڕەکەکەی تۆ لە چ ناوچەیەکدایە؟
- (ناوی ناوچەکە) سەر بە چ شارێکە؟
- دۆزینەوەی ئەو شار و ناوچانەی کە منداڵاکان لێی دەژین لە سەر نەخشەی کوردستان؟

بەم شێوەیە بەردەوام بن تا پرسیارەکان دەربارەی دێهات و شار و وڵات دێت. ئەو کاتە زۆر لە سەرخۆ منداڵان دەست بە جوگرافیای کوردستان بکەن.

بۆ ئەوەی منالانی کوردستان پێناسەیەکی بەهێزیان هەبێت، گرنگە شارەزای مێژووی وڵاتەکەی خۆیان بن. شوێنەوارە مێژوویەکانی کوردستان، بەشێکی گرنگن بۆ ئەم مەبەستە. بەڵام گرنگە پێش خوێندنی ئەم بەشە قوتابیەکان بۆ سەردانی شوێنەواری مێژوویی نزیک لە ناوچەکانی خۆیان ببرێن. بۆ نموونە لە هەولێر سەردانی قەڵا بکەن، لە سلێمانی بۆ مۆزەخانە ببرێن یا سەردانی شوێنەوارێکی مێژوویی بکەن.

بابەتی نەتەوە دێرینەکانی کوردستان باسێکی دیکەی گرنگە بە مەبەستی شارەزایی و زانیاری لە سەر مێژووی کۆنی کورد. بەڵام بەم شێوە تیۆرییە بۆ منداڵانی تەمەن یانزدەساڵ، سەختە. بۆ کارئاسانی لە تێگەیشتنی ئەم بەشە، دەکرێت قوتابیەکان وەکو پڕۆژە لەم بابەتەدا کاربکەن. هاوکاتیش دەکرێت لە هەموو وانەکاندا (مێژوو، زمانی کوردی، زمانی ئینگلیزی، ماتماتیک، وەرزش ...) کاری لە سەر بکرێت. بۆ نموونە لە وانەی وێنەدا داتاشیین و وێنەکردنی مرۆڤی ئەو سەردەمە و لە وانەی ماتماتیکدا گەڕاندنەوە بۆ ئەو ساڵانەی کە ئەو مرۆڤانە تێیدا ژیاون و ژماردنی ساڵەکان و لە وانەی کوردیدا نووسین لە سەر ئەو سەردەمە و مرۆڤەکانی ئەو کاتە.

دەبێت ئەرکی قوتابخانە گەیاندنی زانست و زانیاری بێت و ئامانجی پەروەردەکردنی منداڵان بێت بۆ مرۆڤی دیموکرات و سەربەخۆ، نەک پەروەردەی منداڵان و قوتابیان بە ئایینێکی یا ئایدۆلۆژیایەکی تایبەت. بە لە بەرچاوگرتنی مێژووی خوێناوی میللەتەکەمان سەرەتا کتێبەکان بە ئاڵای کوردستان دەستپێبکات نەک بە ڕستەی ئایینی.

ئەو بابەتانەی، کە گرنگە گۆڕانکاری تێدا بکرێت:

بابەتەکانی چاخە کۆنەکان و بارودۆخی عەرەب لە سەردەمی پێش ئیسلام و کاتی ئیسلام و خەلیفەکان و دەوڵەتی عەباسی (لاپەڕە 74 تا 116 )، زۆر دوورن لە ژیانی منداڵانەوە و لە دنیای بێگەردی ئەواندا وەک چیرۆکی خەیاڵی دەبینرێن. ئەم باسانە بۆ پۆلەکانی ناوەندی و ئامادەیی باشتر دەگونجێن.

ئامانجی وانەی زانستی ئایین دەبێت زانیاریدان بێت لە سەر هەموو ئەو ئایینانەی کە لە کوردستان و جیهاندا هەن. پێویستە قوتابی، لە سەرهەموو ئایینە جیاوازەکان زانیاری هەبێت.

بۆ نموونە وانەی ئایین لە پۆلی پێنجدا، لە کاتی ڕەمەزان و جەژنەکانی تایبەت بە ئایینی ئیسلام، باس لە ئایینی ئیسلام و لە کاتی سەری ساڵدا باس لە ئایینی مەسیح و لە کاتی جەژنەکانی ئایینی ئێزدیدا باس لە ئایینی ئێزدی، بکرێت. هاوکاتیش لە گەڵ منداڵەکاندا سەردانی کڵێسە و مزگەوت و پەرستگاکان بکرێت.

بۆ ئەوەی منداڵان بە شێوەیەکی سروشتی لە دەروازەی وڵاتی خۆیانەوە بە دڵنیایی بەرەو جیهانی دەرەوە بڕۆن، گرنگە کە شارەزای جوگرافیا و مێژووی وڵاتی خۆیان ببن پێش ئەوەی لە دەرگای جوگرافیا و مێژووی وڵاتانی دیکە بدەن. بەشی چوارەمی ئەم کتێبە، لاپەڕە117 تا 131 باسی میرنیشینەکانی کوردستانی لە خۆ گرتووە. سەردەمی میرنیشینەکان لە کوردستاندا بەشێکی گرنگە لە مێژووی میللەتەکەمان، بەڵام بۆ منداڵانی تەمەن یانزە ساڵ بەم شێوەیەی کە داڕێژراوە، باسێکی زۆر سەختە.

لێرەدا گرنگە کە قوتابخانە بوار بڕەخسێنێ بۆ قوتابی کە لە دنیای دەوروبەری خۆی تێبگات و تێگەیشتنی هەبێت کە چۆن دەوروبەر کار لە خودی ئەو وەکوو تاکەکەس دەکات. واتە گرنگە کە قوتابی لەم تەمەنەدا زانیاری لە سەر کۆمەڵگەی ئەمڕۆ و مێژووی ئەمڕۆ هەبێت، پاشان لە پۆلەکانی داهاتوودا لە سەر بناغەی ئەم زانیاریانە بەرەو مێژووی دواوە بگەڕێتەوە و وردەوردە لە ڕێگای ئەم زانیاریانەوە بگاتە ئەو ئەنجامەی کە ڕووداوەکانی ئەمڕۆ پەیوەندیان بە ڕابوردووەوە و دوارۆژیش پەیوەندی بە ئەمڕۆوە هەیە.

قوتابخانە دەتوانێت ئەم بابەتانە بە شێوەی پرۆژە، بۆ قوتابیان ئامادە بکات. کارکردن بە شێوەی پرۆژە کارئاسانی لە تێگەیشتنی بابەتەکان لای قوتابی دروست دەکات. نموونەی ئەو بابەتانەی کە قوتابیان دەتوانن بە شێوەی پرۆژە کاری تێدا بکەن ژیانی کۆمەڵگەی ئەمڕۆی کوردستان، جوگرافیای کوردستان، جوگرافیای کیشوەرەکانە. کارکردن لە پرۆژەدا بە گروپ، منداڵ فێردەکات کە خۆیان بە دوای زانیاریدا بگەڕێن و هاوکاری یەکتر، بۆ بە ئەنجام گەیاندنی کارەکانیان، بکەن. ئەم جۆرە پرۆژانە دەکرێت لە زۆربەی وانەکاندا، هاوکات کاری لە سەر بکرێت. ( هەبوونی نامیلکەیەک بۆ مامۆستا، بۆ ڕێنماییکردن و ڕێگاپیشاندان زۆر گرنگە).

لە سەرەتای کتێبەکەدا گرنگە ناوەڕۆک و ژمارەی لاپەڕەکان دابنرێت. بۆ ئەوەی سەرنجی منداڵان بۆ کتێب و خوێندنەوە ڕابکێشرێت گرنگە لە کاتی چاپکردنی کتێبەکاندا بیر لە شێوەو وێنە و چۆنێتی چاپکردنی کتێبەکان بکرێتەوە.

ئەم دێڕانەی سەرەوە بەشێکن لە پرۆژەیەکی هاوبەشی کۆمەک و وەزارەتی پەروەردەی کوردستان بۆ هەڵسەنگاندی چەند کتێبێکی خوێندنی قوتابخانەکانی کوردستان.

«...»

**ڕێنامەی کاری «سیستەمی فێرکاری»**
هۆمەر قەرەداغی

**پێشەکی**

هەر وەک ئاشکرایە کە ئەنجامەکانی ساڵی خوێندنی 2004 – 2005 زۆر زۆر نزمن و نیشانەی بوونی تەنگژەیەکی گەورەیە لە سیستەمی پەروەردە و خوێندن لە کوردستاندا. جێگەی داخە کە تا ئێستاش بەرنامەی (مەنهەجی) ساڵی 1971 لە کوردستاندا پەیڕەو دەکرێت، ئەو بەرنامەیەش تەنیا ئەنجامی وا نزمی لێدەکەوێتەوە، بۆ نموونە ڕێژەی نموونە ڕێژەی دەرچووان لە دەوری یەکەمدا لە بەشی زانستی 11% و لە بەشی وێژەیی 28% بووە، کاتێکدا ئەم ڕێژەیە، لە وڵاتێکی وەک سویددا، کە پەیڕەوی سیستەمی دیموکراتی و ناناوەندی فێرکاری دەکات، لە 90% زیاترە.

هەڵگێڕاندنەوەی ئەو بارودۆخە پێویستی بە هەوڵی دڵسۆزانەی هەموانە و هیچ پاساوێک بۆ خۆدزینەوە و کەمتەرخەمی و خاوی لە کارەکاندا نیە. سیستەمی فێرکاری نەخۆشێکی برینداره و خوێنی لە بەردەڕوات. لە دەستدانی کات و بەهەند وەرنەگرتنی ئەنجامە نزمەکانی ساڵی خوێندنی 2004 – 2005 سیستەمەکە زیاتر لە مردن نزیک دەکاتەوە.

دەبێت بەرپرسیارانی سیاسی و پەروەردەیی زۆر بە خێرایی بەرنامەیەکی کار بۆ سیستەمی فێرکاری دابنێن، نەبونی بەرنامەیەکی فراوان و سەرتاسەری تەنگژەکە گەورەتر دەکات.

ئەم ڕێنامەیە بۆ کارکردنە لە سەر پەڕتووکی «سیستەمی فێرکاری» بە شێوەی سیمینار، کاری بە گروپ و گفتوگۆ.

**شێوەی کارکردن**

شێوەی کارکردن لە سەر پەڕتووکی سیستەمی فێرکاری دەکرێت بە سێ بە شەوە:

- **بەشی سیمینار و پرسیارکردن**
- **بەشی کارکردن و گفتوگۆ لە گروپی 5 – 6 کەسیدا**
- **بەشی پێشکەشکردنی ئەنجامی گفتوگۆکان و دەرئەنجام وەرگرتن**

کاتی کارکردن لە بەشەکانی بەرنامەکەدا بە پێی پێویستی و بوونی کات ڕێکدەخرێت، لە یەک بۆ سێ ڕۆژی دەوێت. تا کات زیاتر بێت سیمینارەکە قووڵتر و گفتوگۆکان چڕتر دەبن. ئەنجامی کارەکەش بێگومان باشتر دەبێت. لە نێوان بەشەکانی کارکردندا پشووی پێویست دادەنرێت.

**بەشی یەکەم**

**بەشی سیمینار و پرسیارکردن**

سیمینارەکە ئەم باسانە دەگرێتە خۆی

سیستەمی فێرکاری

- پێشەکیەکی گشتی
- بەرنامەی کار و بەشەکان
- بەرنامەی ئیشکردن و نموونەکان
- ڕێکخراوی قوتابخانە
- بودجە
- ئەرکەکانی مامۆستا
- ئەرکەکانی بەڕێوەبەر
- ئەرکەکانی قوتابخانە
- پەیوەندی دایکوباوک و قوتابخانە

شورای قوتابیان و خوێندکاران

- پێشەکی
- چۆنێتی دروستکردنی شورا
- شورای پۆلەکان
- کۆنفرانسی قوتابخانە
- پرۆتۆکۆڵی کۆبونەوەکان
- ڕێکخراوی شوراکان
- ئەرکەکانی شورای قوتابخانە

بەرنامەی فێرکاری

- بەهابنەماییەکان
- زانست و زانیاری

شێوەی وانەوتنەوە

- پێشەکی
- وانەوتنەوە بە شێوەیەکی دیموکراسی
- شێوەی BBC

چاودێری لە فێرکاریدا

- چاودێری لە پێناوی پێشکەوتندا
- هەنگاوەکانی چاودێری
- چۆنێتیی هەڵسەنگاندن

لەبری تاقیکردنەوەی بەکالۆری

پرۆژەی ڕیفۆرمی فێرکاری کوردستان

بەرەی جەنگی تاقیکردنەوەی بەکالۆری لە کوردستان

بەرنامەڕێژی قوتابخانەکانی سوید

هەڵسەنگاندنی کتێبی (بابەتە کۆمەڵایەتییەکان) پۆلی پێنجەمی سەرەتایی

بەشی وانەکان نەخراوەتە ناو سیمینارەکەوە لە بەرئەوەی ئەو بەشە تایبەتە بە مامۆستای هەر وانەیەک. دەکرێت بۆ نموونە سیمیناری جیاواز بۆ هەموو مامۆستایانی بیرکاری یا مێژوو یا هەر وانەیەکی تر لە هەموو ناوچەکەدا ئامادەبکرێت. ئەو کاتە بەشی وانەی بیرکاری یا مێژوو بە تایبەتی باسی لە سەر دەکرێت و ئەم ڕێنامەیی بۆ بەکار دەهێنرێت. ئەوکات بەشی سیمینارەکە هەر باسی بیرکاری یا مێژوو دەبێت.

بەشی چاودێری فێرکاری لە سیمینارەکەدا بە کورتی باسدەکرێت. لە بەرئەوەی ئەم بەشە تایبەتە دەکرێت بە پێی پێویست لە کاتێکی تایبەتی سەربەخۆ دا زیاتر گفتوگۆی قووڵی لەسەر بکرێت.

بەشی سیمینار بە پرسیار لە لایەن بەشداربوانی سیمینارەکەوە کۆتایی پێدێت. پرسیارەکان بە شێوەی گفتوگۆ نابێت، بەڵکو زیاتر بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو خاڵانەیە کە لە لای بەشداربوون ڕوون نەبوون.

## بەشی دووەم

### بەشی کارکردن و گفتوگۆ لە گروپی 5 – 6 کەسیدا

شێوەی دروستکردنی گروپەکان دەبێت بە باشی بیری لێبکرێتەوە، مامۆستای وانەی جیاواز و بەڕێوەبەر و کارمەندانی دیکەی قوتابخانەکان، بە پێی بوونی کەسانی خاوەن ئەرک و فەرمانی جیاواز لە قوتابخانەکاندا، باشترە لە هەموو گروپەکاندا هەبن.

گروپی کاری 5 – 6 کەسی دروستدەکرێت. گروپەکە سەرۆک و سکرتێر دەستنیشان دەکات. ئەرکی سەرۆکی گروپەکە دابەشکردنی کات بە سەر پرسیارەکاندا و دانی کات بە ئەندامەکانی گروپەکە بۆ گفتوگۆکردن، دەبێت. ئەرکی سکرتێری گروپەکە نووسینەوەی گفتوگۆکانە، بە شێوەیەکی کورت و چڕوپڕ لە شێوەی خاڵدا. پرسیاری پێشکات ئامادەکراو بە سەر ئەندامانی گروپەکەدا دابەشدەکرێت. ئەرکی سەرەکی کاری گروپەکە گفتوگۆکردنە لە سەر سیمینارەکە، وەڵامدانەوەی پرسیارەکانە و نووسینەوەی وەڵامەکانە لە شێوەی خاڵی کورتدا.

بەرپرسیاری سیمینارەکە بە سەر گروپەکاندا دەگەڕێت و لە نزیکەوە، بە بێ ئەوەی بەشداری لە گفتوگۆکاندا بکات، گوێ دەگرێت. دەکرێت ڕوونکردنەوە لە سەر پرسیارێک کە پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەبێت، بدات.

**بەشی سێیەم**

**بەشی پێشکەشکردنی ئەنجامی گفتوگۆکان و ئەنجامگیری**

دوای تاووتوێکردن و گفتوگۆیەکی هەمەلایەنە لە سەر بەشە جیاوازەکانی پەڕتوکەکەو سیمینارەکە، گروپەکان یەک دەگرنەوە. سەرۆکی هەر گروپێک ئەنجامی کاری گروپەکە پێشکەش بە گروپەکانی تر دەکات و وەڵامی پرسیاری بەشداربوان دەداتەوە.

ئەنجامی هەر گروپە بە جیا لە سەر لاپەرەی سپی گەورە لە شێوەی خاڵبەندیدا دەنووسرێتەوە، نووسینەکان بە دیواری هۆڵی سیمینارەکەدا هەڵدەواسرێت. کاتێک تەرخاندەکرێت بۆ ئەوەی بەشداربوان لە نزیکەوە سەیری نووسراوەکان بکەن.

ئەنجامی کارەکانی گروپەکان بە یەک بەراورد دەکرێن. سەرۆکی گروپەکان و بەڕێوەبەری سیمینارەکە دەرئەنجامی کۆتایی وەردەگرن و بە پوختەیی دەینووسنەوە. دەکرێت هەندێ لە خاڵە سەرەکیەکانی دەرئەنجامەکە لە شێوەی ڕێنامە یا بەرنامەی کار، لە قوتابخانە بەشداربووەکاندا لە پێناو بەرزکردنەوەی ئاستی قوتابییان و خوێندکاراندا و بەرەوپێشچونی قوتابخانەکاندا، بە کاربهێنرێت.

**پرسیارەکان**

سیستەمی فێرکاری

1. پێویستی بوونی بەرنامەی کار چییە؟ ڕەنگدانەوەی پرۆسەی دیموکراتی لە دانانی بەرنامەی کاردا چۆن دەبینی؟
2. گفتوگۆ لە سەر بەشەکانی بەرنامەی کاربکە و ئامانجەکانی دەستنیشان بکە. سێ ئامانج بۆ قوتابخانەکەت دابنێ و چۆنێتی گەیشتن بەو ئامانجانە دەستنیشان بکە.
3. گرنگی دانانی بەرنامەی ئیشکردن چییە؟ کام بەرنامانە بۆ قوتابخانەکانی کوردستان پێویستن و بۆچی؟
4. چۆن ناناوەندێتی لە بودجەو ڕێکخراوی قوتابخانەدا دەبێتە هۆی بەرەو پێشەوە چوونی سیستەمی فێرکاری؟
5. کردنی قوتابی بە ناوەند چۆن کاردەکاتە سەر ئەرکەکانی مامۆستا، بەڕێوەبەر و قوتابخانە؟
6. بەرنامەیەکی ئیشکردن، بۆ پەیوەندی قوتابخانە و دایکوباوک، دابنێ؟

شورای قوتابخانە

1. مەبەست لە دروستکردنی شورای قوتابخانە چییە؟ چۆن دروستدەکرێت؟
2. جیاوازی شورای قوتابیان و ڕێکخراوی سیاسی قوتابیان چییە؟
3. کام خاڵانە گرنگن بۆ باسکردن لە شورای پۆلەکاندا؟ چۆن مامۆستا دەتوانێت یارمەتی قوتابیان بدات لەم کارەیاندا؟
4. پرۆتۆکۆڵی فەرمی کاری گروپەکەت، وەک نموونەیەکی پرۆتۆکۆڵ بنووسە؟
5. ئەگەر شورای قوتابیان لە قوتابخانەیەکی کوردستاندا دروستبکرێت، ئەرکەکانی کامانە دەبن؟
6. بەرنامەیەکی ئیشکردن بۆ شورای قوتابیان بنووسە؟

بەرنامەی فێرکاری

1. ئەرکی سەرەکی قوتابخانە چییە؟
2. بەهابنەماییەکان کامانەن؟ بۆچی بەهابنەماییە دیموکراتیەکان بەردی بناغەی پێشکەوتنی هەموو کۆمەڵگایەکی دیموکراتین؟
3. چۆن بۆ بەرزڕاگرتنی بەهابنەماییەکان لە ناو قوتابخانەدا کار بکرێت؟
4. چۆن مامۆستا و بەڕێوەبەری قوتابخانە ژینگەیەکی باش بۆ فێربوون دروستدەکەن؟
5. ئەرکەکانی بەڕێوەبەری قوتابخانە لە سیستەمێکی دیموکراتیدا کامانەن؟
6. بەرنامەیەک بۆ گۆڕینی بەرنامەی فێرکاری لە کوردستاندا دابنێ؟

شێوەی وانەوتنەوە

1. چۆن قوتابی لە سەر سەربەستی لە ژێربەرپرسیارێتیدا، ڕادەهێنرێت؟
2. دەستنیشانی گرنگی شێوەی پێشوازی و دانیشتنی قوتابیان لە پۆلدا بکە؟
3. هەڵسوکەوتی دیموکراتیانەی مامۆستایان لە گەڵ قوتابیاندا لە چیدا خۆی دەبینێتەوە؟
4. چۆن کارکردن لە گروپدا دەبێتە بەشێک لە وانەکان؟
5. گفتوگۆ لە سەر چۆنێتی دەسپێکردن و بەردەوامی و کۆتایی هێنانی وانەیەک بکە؟
6. بەرنامەی وانەیەک (بۆ نموونە بیرکاری یا مێژوو لە پۆلێکی دیاریکراودا) بە شێوەی BBC ئامادە بکە؟

چاودێری لە فێرکاریدا

1. چۆن چاودێری دەبێتە ئامرازی هەڵسەنگاندن و پێشکەوتن، لە بری کۆنترۆڵکردن؟
2. چۆن بۆ پراکتیزەکردنی بەشەکانی چاودێری کاردەکرێت؟
3. بەرنامەیەک بۆ چاودێری دابنێ؟

وانەکان

ئەم پرسیارانە لە کاتێکدا، ئەگەر بەشی وانەکان لە ناو سیمینارەکەدا بێت وەڵام دەدرێنەوە.

1. مەبەستی وانەی بیرکاری، کۆمەڵناسی، ... هتد چییە؟
2. تایبەتمەندی و ناوەڕۆکی وانەکە دیاری بکە؟
3. ئامانجەکانی وانەکە کامانەن؟
4. چۆن یارمەتی ئەو قوتابیانە دەدەیت کە پێویستیان بە یارمەتی زیاترە؟
5. لە دانانی بەرنامەی وانەکاندا، چۆن قوتابی بەشدار دەکەیت؟
6. بەرنامەیەک، بۆ ساڵێکی خوێندنی وانەی مێژووی نوێی کوردستان، دابنێ؟

«...»

# Educational system

Produced by
Homar Qeredaghi

Published by
KOMAK
Kurdistan 2006

www.komak.nu